# کردەی تەواوکردن

## لەکرمانجیی خوارووda

نامەیەکە

محەمەد عومەر عەول

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووەو بەشێکە لەپێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لەزمانی کوردیدا

سەرپەرشت

پ.ی.د. فەرەیدون عەبدول محەمەد

2707ی کوردی

2008ی زایینی

**ئــەم نامەیــە بەسەرپەرشــتیی مــن لــەزانکۆی ســلێمانی ئامــادەکراوەو بەشێکە لەپێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لەزمانی کوردی(          )دا.**

**ناو: پ.ی.د. فەرەیدون عەبدول محەمەد**

رۆژ:   /   /2008

**بەپێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**ناو:**

**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی بالاٌ**

رۆژ:   /   /2008

**ئێمەی ئەنـدامانی لیژنـەی وتوێـژو هەڵسـەنگاندن ئـەم نامەیـەمان خوێنـدەوەو لەگـەڵ خوێندکارەکـەدا گفتوگۆمـان دەربـارەی نـاوەڕۆك‌و لایەنـەکانی تـری کـردو بڕیارمانـدا، کەشایانی ئەوەیە بەپلەی (              ) بڕوانامەی دکتۆرای لەزمانی کوردیدا پێبدرێت.**

**ناو:**

**سەرۆکی لیژنە**

**ڕۆژ:**

**ناو:**　　　　**ناو:**

**ئەندام**　　　　**ئەندام**

**ڕۆژ:**　　　　**ڕۆژ:**

**ناو:**　　　　**ناو:**

**ئەندام**　　　　**ئەندام**

**ڕۆژ:**　　　　**ڕۆژ:**

**لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.**

**ناو:**

**ڕاگری کۆلێژی زمان**

**ڕۆژ:**

## ئەم نامەیە پێشکەشەبە:

— دایکوباوکم.

— هاوسەرو جگەرگۆشەکەم.

— خوشكو براکانم.

## سوپاسی زۆرو ڕێزی بێپایانم بۆ

— سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانیو ڕاگرایەتی کۆلێژی زمانو لیژنەی خوێندنی باڵاو بەشی زمانی کوردی، کەهەمیشە پشتگیریی خوێندنی باڵا دەکەنو بەپەرۆشەوە هەوڵی بەرەوپێشچوونی دەدەن.

— گشت ئەو مامۆستا بەڕێزو خۆشەویستانەی لەخوێندنی باڵادا وانەیان پێوتووومو دڵسۆزانە هاوکارییان کردووم.

— پ.ی.د. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، کەئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆو بەدڵسۆزی کارەکەی لەگەڵمدا گەیاندە ئەنجام.

— پ.د. محەمەد مەعروف فەتاح، کە لەیەکلاکردنەوەی ناونیشانەکەوە ڕێنیشاندەرم بووەو هەمیشە وەڵامی پرسیارەکانمی بەسەرنجو تێبینی ورد داوەتەوە.

— پ.ی.د. فاروق عومەر سدیقو پ.ی.د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمە سەعید، کەهەردەم لەکاتی پێویستیدا یارمەتییان داوم.

— پ.ی.د. دڵشاد عەلی محەمەدو د. هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران، کە خەمخۆری خوێندنی باڵانو دڵسۆزانە یارمەتیدەرم بوون.

___ خوالێخۆشبوو پ.د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف کەهەمیشە هاندەرو ڕێنیشاندەرم بووە.

— پ.ی.د. ئیسماعیل محەمەد فەهمی قەرەداغیو ڕازاو عومەر، کە لەوەرگێڕانی دەقە ئینگلیزییەکاندا هاوکارییان کردووم.

___ م. محەمەد صالح سەعید بۆ دڵسۆزیو هاوکاری نەبڕاوەی.

— سازە ئەحمەد فەخری، کەلەبەدەستخستنو وەرگێڕانی سەرچاوە ئینگلیزیەکاندا بەردەوام یارمەتی داومو کارئاسانی بۆ کردووم.

— هەموو ئەو بەڕێزو خۆشەویستانەی لەکاتی نووسینی نامەکەدا یارمەتییان داومو پشتگیرییان کردووم.*

# هێماو کورتکراوەکان

/ : یان

Ø : مۆرفیمی سفر

* : نارێزمانی

?*: ناپەسەند لەڕووی واتاوە، نارێزمانی

⟵: بووە بە/دەبێت بە

↶: ئاراستە

+ : لێکدان/بەهابوون

- : لێدەرکردن/بەهانەبوون

= : یەکسانە/دەکاتە

[  ]: مۆرفیم

ّ : قورسایخستنەسەر

IP/Ī: فرێزی کات وکەس

NP/N̿ : فرێزی ناوی

VP/V̄ : فرێزی کرداری

PP/P̄ : فرێزی پێشناوی

AdjP/A̿ : فرێزی ئاوەڵناوی

V: کردار

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | **ئـ** |
| Obligatory adverbial | ئەدڤێربڵی بەخورتی |
| Adverbial object | ئەدڤێربڵی بەرکار |
| Function | ئەرك |
| Grammatical function | ئەرکی ڕێزمانی |
| Paraphrase | ئاوەڵفرێز |
| Adjectival | ئاوەڵناوئاسا |
| Adjective complementation | ئاوەڵناو تەواوکردن |
| | **ب** |
| Current | بوونەك |
| Pronominalization | بەجێناوکردن |
| Obligatory | بەخورتی/بەناچاری |
| Productive | بەرهەمدار |
| Generative | بەرهەمهێنان |
| Topicalization | بەلوتکەکردن |
| Lexicalization | بەلێکسمبوون |
| Topic | باس |
| Non-productive | بێبەرهەم |
| Non-finite | بێ کاتو کەس |
| | **پ** |
| Class | پۆل |
| Classification | پۆلکردن |
| Close- class | پۆلی داخراو |
| Open- class | پۆلی کراوە |

| | |
|---|---|
| Word class | پۆلی وشە |
| Paradigmatic relation | پەیوەندیی جێنشینی |
| Grammatical relation | پەیوەندیی ڕێزمانی |
| Syntactic relation | پەیوەندیی هاونیشنی |
| That clause complement | پاڕستەی(کە)ی تەواوکەر |
| Suffixation | پاشگرلکاندن |
| Postposition | پاشناو |
| Prefixation | پێشگرلکاندن |
| Preposition | پێشناو |
| Ultimate constitutent | پێکهاتەی بنجی |
| Immediate constitutent | پێکهاتەی ڕاستەوخۆ |
| Intermediate constitutent | پێکهاتەی ناوەندی |
| Measure(Noun) | پێوانە |
| | ت |
| Ambiguity | تەمومژی/لێڵی |
| Complete | تەواو |
| Complement | تەواوکەر |
| Adjective complement | تەواوکەری ئاوەڵناو |
| Subject complement | تەواوکەری بکەر |
| Object complement | تەواوکەری بەرکار |
| Companion complement | تەواوکەری پێوەند |
| Preposition complement | تەواوکەری پێشناو |
| Single complement | تەواوکەری تەنیا |
| Verb complement | تەواوکەری کردار |
| Predicate complement | تەواوکەری گوزارە |

| | |
|---|---|
| Incorporation | تێئاخنین |
| Observable | تێبینیکراو |
| Non-observable | تێبینینەکراو |
| | ج |
| Separable | جیابوونەوە/لێکترازاو |
| Non- separable | جیانەبوونەوە/لێکنەترازاو |
| Position | جێکەوتە |
| | چ |
| Context | چوارچێوەی قسەکردن |
| Concept | چەمك |
| | ح |
| Governing | حکومکردن |
| | د |
| Structure | دروستە |
| Syntactic structure | دروستەی ڕستەسازی |
| Surface structure | دروستەی ڕووکەش |
| Grammatical structure | دروستەی ڕێزمانی |
| Phrase structure | دروستەی فرێز |
| Deep structure | دروستەی قووڵ |
| Internal structure | دروستەی ناوەوە |
| Hierarchical structure | دروستەی هەڕەمی |
| Internal Hierarchical Structure | دروستەی هەڕەمی ناوەوە |
| Case | دۆخ |
| Nominative case | دۆخی بکەری |
| Accusative case | دۆخی بەرکاری |

| | |
|---|---|
| Dative case/Prepositional case | دۆخی پێشناوی |
| Genitive case | دۆخی خستنەپاڵ |
| Grammatical case | دۆخی ڕێزمانی |
| Modified | دەرخراو |
| Modifier | دەرخەر |
| Posthead modifier | دەرخەرەکانی پاش سەر |
| Prehead modifier/specifier | دەرخەرەکانی پێش سەر |
| Distribution | دابەشبوون |
| Enveloping | داخستن |
| Construction | داڕشتە |
| Non- enveloping | دانەخستن/کراوە |
| Active | دیار |
| Determiner | دیاریکەر |
| Traditional | دێرین |
| | ڕ |
| Semantic role | ڕۆڵی سیمانتیکی/ڕۆڵی بابەتانە |
| Element | ڕەگەز |
| Transformation Generative Grammar | ڕێزمانی بەرهەمهێنانو گواستنەوە |
| Structural Grammar | ڕێزمانی دروستەیی |
| Phrase structural grammar | ڕێزمانی دروستەیی فرێز |
| Traditional Grammar | ڕێزمانی دێرین |
| Universal Grammar | ڕێزمانی سەراپا |
| Mood | ڕێژە |
| Agreement / concord | ڕێککەوتن |

| | |
|---|---|
| | **س** |
| Head | سەر |
| Adjunct | سەربار |
| Optional | سەرپشکی |
| Functional head | سەری ئەرکی |
| Grammatical head | سەری ڕێزمانی |
| Lexical head | سەری فەرهەنگی |
| Semantic head | سەری واتایی |
| Feature | سیما/نیشانە |
| | **ش** |
| Subordinate | شوێنکەوتوو |
| Descriptive analysis | شیکردنەوی پەسنکەرانە |
| Style | شێواز |
| | **ف** |
| Extension | فراوانکردن |
| Possessive phrase | فرێزی خاوەندارێتی |
| Determinative phrase | فرێزی دەرخەری |
| Empty formative | فۆڕمی بەتاڵ |
| Lexicon | فەرهەنگ |
| Lexical | فەرهەنگی |
| | **ق** |
| Stress | قورسایخستنەسەر |
| Primary stress | قورسایخستنەسەری سەرەکی |
| Pattern | قاڵب |
| Basic sentence pattern | قاڵبە بنجییەکانی ڕستە |

| | |
|---|---|
| | **ك** |
| Complementation | کردەی تەواوکردن |
| Verb complementation | کردار تەواوکردن |
| Complex transitive verb | کرداری تێپەڕی ئاڵۆز |
| Prepositional transitive verb | کرداری تێپەڕی پێشناوی |
| Di-transitive verb | کرداری تێپەڕی دوو بەرکاری |
| Mono-transitive verb | کرداری تێپەڕی یەك بەرکاری |
| Prepositional intransitive verb | کرداری تێنەپەڕی پێشناوی |
| Pure intransitive verb | کرداری تێنەپەڕی تەواو |
| Bi-valiant verb | کرداری دوو هێزی |
| Three-valiant verb | کرداری سێ هێزی |
| Lexical verb | کرداری فەرهەنگی |
| Monovaliant verb | کرداری یەك هێزی |
| Copular verb | کرداری یاریدەدەر(بوون) |
| Core | کرۆك |
| Functional category | کەتیگۆریی ئەرکی |
| Less productive | کەمبەرهەم |
| Tense | کات |
| Finite | کاتدار |
| | **گ** |
| Generic | گشتی |
| Expression | گوزارشت |
| Predicate | گوزارە |
| Adjectival predicate | گوزارەی ئاوەڵناوی |
| Resulting | گۆڕان/ ئەنجام |

| | |
|---|---|
| | **ل** |
| Substitution | لەبری دانان |
| | **م** |
| Zero morpheme | مۆرفیمی سفر |
| | **ن** |
| Representation / realization | نواندن |
| Incomplete | ناتەواو |
| Passive | نادیار |
| Ungrammatical | ناڕێزمانی |
| Nominal | ناوئاسا/ ناوی |
| Content | ناوەرۆك |
| Nucleus | ناوەکی |
| | **و** |
| Sub-function | وەچەئەرکی |
| Sub-class | وەچەپۆل |
| Sub-category | وەچەکەتیگۆری |
| Meaning | واتا |
| Semantics | واتاسازی |
| Structural meaning | واتای دروستەیی |
| Lexical meaning | واتای فەرهەنگی |
| | **هـ** |
| Causative | هۆکاری/ کۆزەتیف |
| Partitive | هەندەکی |

| | |
|---|---|
| Coordinate(adj.) | هاوپێوەند |
| Homophone | هاودەنگ |
| Valance | هێز |
| | ی |
| Grammatical unit | یەکەی ڕێزمانی |
| Phrase structure rules | یاساکانی دروستەی فرێز |
| Transformation rules | یاساکانی گواستنەوە |
| Deletion rule | یاسای لابردن |

# ناوەرۆك

**بابەت**

**لاپەڕە**


پێشەکی ........................................................................................ 1

بەشی یەکەم(دەروازەیەك بۆ کردەی تەواوکردن) .............................. 3

1-1 دیاریکردنی پێکهاتەکانی ڕستە ........................................ 3
2-1 دروستەی ڕستە لەڕوانگەی کەتیگۆریی سینتاکسییەوە .............................. 5
1-2-1 جۆرەکانی فرێز ........................................................................ 6
1-1-2-1 فرێزی ناوی ........................................................................ 6
1-1-1-2-1 دروستەی ناوەوەی فرێزی ناوی ................................................ 8
2-1-1-2-1 دروستەی دەرەوەی فرێزی ناوی ............................................... 8
1-2-1-1-2-1 دەرخەرەکانی پێش سەر ...................................................... 9
2-2-1-1-2-1 دەرخەرەکانی پاش سەر ...................................................... 10
2-1-2-1 فرێزی ئاوەڵناوی .......................................................................... 13
1-2-1-2-1 دروستەی ناوەوەی فرێزی ئاوەڵناوی ....................................... 13
2-2-1-2-1 دروستەی دەرەوەی فرێزی ئاوەڵناوی ....................................... 14
1-2-2-1-2-1 دەرخەرەکانی پێش سەر .................................................. 14
2-2-2-1-2-1 دەرخەرەکانی پاش سەر ................................................... 14
3-1-2-1 فرێزی کرداری ............................................................................ 15
1-3-1-2-1 دروستەی ناوەوەی فرێزی کرداری ............................................ 15
2-3-1-2-1 دروستەی دەرەوەی فرێزی کرداری ............................................ 17
4-1-2-1 فرێزی پێشناوی ........................................................................... 18
5-1-2-1 فرێزی ئاوەڵکرداری ..................................................................... 20
6-1-2-1- پاڕستەی﴿کە﴾ی تەواوکەر ............................................................ 21

2-2-1 دابەشبوونی ڕستە لە ڕوانگەی کەتیگۆریی سینتاکسییەوە ........................ 22
3-1 دروستەی ڕستە لەڕوانگەی کەتیگۆریی ئەرکییەوە ................................. 24
1-3-1 بکەرو گوزارە ........................................................................ 25
1-1-3-1 جیاوازیی نێوان تەواوکەر و سەربار ............................................... 26
1-1-1-3-1 سەربار ......................................................................... 29
2-1-1-3-1 تەواوکەر ....................................................................... 30
1-2-1-1-3-1 جۆرەکانی تەواوکەر ........................................................ 31
2-3-1 کردەی تەواوکردن ....................................................................... 32

بەشی دووەم(کردار تەواوکردن) .................................................................... 34

1-2 سەرەتا ............................................................................................ 34
2-2 کردارو ڕەگەزەکانی ......................................................................... 35
3-2 ئەو ڕەگەزانەی کردار تەواودەکەن ........................................................ 36
1-3-2 قالّبە بنجییەکانی ڕستەو کردەی تەواوکردن ............................................ 37
4-2 جۆرەکانی کردار تەواوکردن ............................................................... 39
1-4-2 تەواوکردنی کرداری یاریدەدەر ............................................................ 41
1-1-4-2 دیاریکردنی کرداری یاریدەدەر ........................................................ 41
2-1-4-2 ئەرك‌و واتای کرداری یاریدەدەر ........................................................ 42
3-1-4-2 ﴿بوون﴾ی بوونەك‌و گۆڕان ................................................................. 46
4-1-4-2 فرێزی ناوی وەك تەواوکەری بکەر ...................................................... 48
5-1-4-2 فرێزی ئاوەڵناوی وەك تەواوکەری بکەر ................................................ 50
6-1-4-2 فرێزی﴿پێشناوی‌و ناوی﴾ وەك ئەدڤێربڵی بکەر ........................................ 54
2-4-2 تەواوکردنی کرداری تێپەڕی یەك بەرکاری ............................................... 56
1-2-4-2 فرێزی ناوی وەك بەرکار ................................................................. 57
2-2-4-2 فرێزی خستنەپاڵ وەك بەرکار ............................................................ 59
3-2-4-2 پەیوەندیی ڕێزمانیی بکەر و بەرکار ...................................................... 61
4-2-4-2 پاڕستەی(کە)ی تەواوکەر وەك بەرکار ................................................... 63

5-2-4-2 فرێزی پرسیاری وەك بەركار ........................................................ 67
3-4-2 تەواوكردنی كرداری تێپەڕی پێشناوی ................................. 67
4-4-2 تەواوكردنی كرداری تێپەڕی ئالۆز ............................................ 70
1-4-4-2 فرێزی ناویی بەركارو فرێزی پێشناویی تەواوكەری بەركار ........ 72
2-4-4-2 جیاوازیی نێوان كرداری تێپەڕی ئالۆزو كرداری تێپەڕی یەك بەركاری 72
3-4-4-2 جیاوازیی نێوان كرداری تێپەڕی ئالۆزو كرداری تێپەڕی پێشناوی ... 73
4-4-4-2 دروستەی هۆكاری .......................................................... 77
5-4-4-2 فرێزی پرسیاریی بەركارو فرێزی پێشناویی تەواوكەری بەركار .. 78
6-4-4-2 فرێزی ناویی بەركارو فرێزی پرسیاریی تەواوكەری بەركار ....... 78
7-4-4-2 فرێزی ناویی بەركارو پاڕستەی(كە)ی تەواوكەری بەركار ......... 79
8-4-4-2 فرێزی ناویی بەركارو فرێزی ناویی تەواوكەری بەركار ......... 79
5-4-2 كرداری تێنەپەڕ ................................................................ 80
1-5-4-2 كرداری تێنەپەڕی تەواو ................................................... 80
2-5-4-2 تەواوكردنی كرداری تێنەپەڕی پێشناوی ............................. 81

بەشی سێیەم(ئاوەڵناو تەواوكردن) .................................................... 84

1-3 ناسینەوەو دیاریكردنی ئاوەڵناو ............................................... 84
1-1-3 سیمانتیك ......................................................................... 84
2-1-3 مۆرفۆلۆجی ....................................................................... 84
3-1-3 سینتاكس ......................................................................... 85
2-3 جۆرەكانی ئاوەڵناو تەواوكردن .................................................. 86
1-2-3 ئاوەڵناو تەواوكردن لەپلەی چەسپیودا ..................................... 88
1-1-2-3 تەواوكردنی ئاوەڵناو بە فرێزی پێشناوی .................................. 88
1-1-1-2-3 فراوانكردنی گوزارەی ئاوەڵناوی بەسەربار ..................... 90
2-1-2-3 تەواوكردنی ئاوەڵناو بەپاڕستەی(كە)ی تەواوكەر ........................ 92
1-2-1-2-3 پاڕستەی تەواوكەر كە بۆ گوزارەی ئاوەڵناوی دەگەڕێتەوە ........... 92
2-2-1-2-3 پاڕستەی تەواوكەر كەبۆ ﴿ئەوە﴾ی بكەر دەگەڕێتەوە ............... 95

2-2-3 ئاوەڵناو تەواوکردن لەپلەی بەراورددا ........................................ 97
1-2-2-3 یاسای دروستەی بەراورد ...................................................... 97
2-2-2-3 تەواوکردنی ئاوەڵناو لەپلەی بەراورددا بە فریزی پێشناوی ............ 98
3-2-3 ئاوەڵناوتەواوکردن لەپلەی باڵادا ........................................ 103
ئەنجام ........................................................................................ 107
سەرچاوەکان ................................................................................ 109
الخلاصة ...................................................................................... 114
Abstract........................................................................................ 115

# پێشەکی

## ناونیشانو بواری نامەکە

نامەکە بۆ﴿کردەی تەواوکردن﴾ لەکوردیی ناوەڕاستدا تەرخانکراوە. مەبەستی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە شیکردنەوەو لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی کردارتەواوکردنو ئاوەڵناوتەواوکردنە لەڕوانگەی کەتیگۆریی ئەرکییەوە لەبەرهەمهێنانی ڕستەدا. بۆ ئەم مەبەستەش لەکردەی تەواوکردندا پشت بەلایەنی ڕستەسازیو واتا بەستراوە ، لەبەڵگە هێنانەوەکانیشدا بەپێی پێویستیی نامەکە ئاوڕ لەهەندێك لایەنی مۆڕفۆسینتاکسو وشەسازی دراوەتەوە.

## گرنگی لێکۆڵینەوەکە

کردەی تەواوکردن لەبەرهەمهێنانی ڕستەدا بابەتێکی گرنگو ئاڵۆزو بەرفراوانە ، چونکە کردارو ئاوەڵناو لەڕووی ڕێزمانو واتاوە ڕۆڵێکی کاریگەرو بەرفراوانیان لەتەواوکردنی گوزارەی ڕستەدا هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەی لەدروستەی ڕستەدا تەواوکەر هەڵدەبژێرن.

## کەرەستەی لێکۆڵینەوە:

کەرەستەو نموونەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەئاخاوتنی قسەپێکەرانی کوردی ناوەڕاست ( شێوەزاری سلێمانی) وەرگیراوە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوە

بۆ لێکۆڵینەوەی کردەی تەواوکردن لەچوارچێوەی ئەم نامەیەدا ڕێبازی شیکردنەوەی پەسنکەرانە پێڕەوکراوە. لەتێڕوانین و لێکدانەوەکانیشدا پشت بەزاراوەو بیروبۆچوونی ڕێزمانی بەرهەمهێنانو گواستنەوەو تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە بەستراوە.

## بەشەکانی نامەکە

نامەکە لەپێشەکیو سێ بەشو ئەنجام پێکهاتووە.

بەشی یەکەم بریتییە لەدەروازەیەك بۆ کردەی تەواوکردن، کەپاش دیاریکردنو ناسینەوەی پێکهاتەی ڕستە، دروستەی ڕستە لەڕوانگەی کەتیگۆریی سینتاکسیو کەتیگۆریی ئەرکییەوە خراوەتەڕوو، پاشان لەڕێی شیکردنەوەو بەراوردکردنی چەند نموونەیەکەوە پێوەندیی ئەم دوانە لەگەڵ یەکتردا نیشاندراوە. هەر لەم بەشەدا دوای نیشاندانی جیاوازی لەنێوان تەواوکەرو سەربااردا،

چەند پێناسەیەکی تەواوکەرو جۆرەکانیو ڕۆڵیان لەکردەی تەواوکردندا لەچەند ڕوویەکەوە باسکراوە.

بەشی دووەم تایبەتە بەکردار تەواوکردن، کەپاش دیاریکردنو جیاکردنەوەی ڕەگەزەکانی کردارتەواوکردن، هەوڵدراوە لەڕووی جۆرەکانی کردارتەواوکردنەوە، پۆلی کردار بەپێی هێزی کردار لەکردەی تەواوکردندا بەسەر چەند وەچەپۆلێکدا دابەشبکرێت، کەهەر وەچەپۆلێك بۆخۆی خاوەنی هاوخاسیەتیو تایبەتمەندی خۆیەتی. پاشان ئەوە نیشاندراوە، کەهەر جۆرە کردارێك بەچ جۆرە ڕەگەزێك(یان زیاتر) تەواودەکرێتو هەر جۆرە ڕەگەزێکی تەواوکردنیش بەچ جۆرە کەتیگۆرییەکی سینتاکسی ، لەگەڵ خستنەڕووی پێوەندیی ڕێزمانی نێوانیان دەنوێنرێت.

بەشی سێیەم لەبارەی ئاوەڵناوتەواوکردنە لەدروستەی ڕستەدا، کەپاش ناسینەوەو دیاریکردنی پۆلی ئاوەڵناو، ئەوە ڕوونکراوەتەوە، ئاوەڵناوتەواوکردن ئەوە دەگەیەنێت، کەئاوەڵناو لەدروستەو گوزارەی ئاوەڵناویدا، تەواوکەر وەردەگرێت، بۆئەوەی دروستەو واتای فرێزە ئاوەڵناوییەکەی پێتەواوبکات. پاشان لەجۆرەکانی ئاوەڵناوتەواوکردندا باسی تەواوکردنی ئاوەڵناو لەپلەکانی﴿چەسپیو، بەراورد، بالا﴾دا کراوەو دواتریش تەواوکەری ئاوەڵناو لەهەر پلەیەکدا بەچ جۆرە کەتیگۆرییەکی سینتاکسی دەنوێنرێت، نیشاندراوە، لەگەڵ خستنەڕووی پێوەندیی ڕێزمانیی نێوان ئەو کەتیگۆرییە سینتاکسییانەی ئەرکی تەواوکەری ئاوەڵناو دەبینن.

# بەشی یەکەم

# دەروازەیەك بۆ

# کردەی تەواوکردن


## بەشی یەکەم

## 1- دەروازەیەك بۆ کردەی تەواوکردن

### 1-1 دیاریکردنی پێکهاتەکانی ڕستە

دابەشبوونی ڕستە بۆ پێکهاتەکانی ئەوە دەگەیەنێت، کەڕستە بەپێی پێوەندیی دروستەی هەرەمی لەدوو پێکهاتەی ڕاستەوخۆ﴿بەرز﴾ پێکهاتووە، کەهەریەك لەمانیش بۆ دوو پێکهاتەی بچووکتر﴿ناوەند﴾ دابەشبوون... تا دەگاتە دواپێکهاتەی بنجی﴿نزم﴾[1]، بڕوانە﴿1﴾.

1- ژنەکە کراسەکە دەشوات.




دروستەی ڕستەی﴿1﴾ لەپێکهاتەی﴿ژنەکە﴾ کەبەشی بکەرەو پێکهاتەی﴿کراسەکە دەشوات﴾ کەبەشی گوزارەیە، پێکهاتووە. بەشی بکەر لەڕێی فرێزی ناویی﴿ژنەکە﴾ و بەشی گوزارەش لەڕێی فرێزی کرداریی﴿کراسەکە دەشوات﴾ ـەوە نوێنراوە، کەئەمیش دووبارە لەڕێی فرێزێکی ناویو فرێزێکی کردارییەوە نوێنراوە.لێرەدا دەشێت پرسیارێك سەرهەڵبدات، کەئایا لەدیاریکردنی سنووری نێوان پێکهاتەکان﴿فرێزەکان﴾ دا چ پێوانەیەك گیراوەتەبەر؟ یان بەواتایەکی تر بۆچی ڕستەی﴿1﴾ بۆ پێکهاتەکانی﴿ژنەکە کراسەکە﴾ و﴿دەشوات﴾ دابەشنەبوون؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، کەتایبەتە بەدیاریکردنو جیاکردنەوەی پێکهاتەکانی ڕستە، سوود لەپێوەندیی جێنشینی بینراوە، کە لەم ڕێیەوە(هەر زنجیرەیەك لە مۆرفیم هەرچەندە دووروودرێژیش بێت، ئەگەر بتوانێت ببێتە جێنشینی زنجیرەیەکی کورت، تەنانەت ئەگەر مۆرفیمێکیش بێت، ئەوا زنجیرە دووروو درێژەکە دەبێت بە جێنشینی زنجیرە کورتەکە)[2] و پێکهاتەیەك پێکدەهێنێت، بڕوانە﴿2، 3﴾.

2- أ- ژنەکە <u>خەوت</u>.

ب- ژنەکە <u>کراسەکە دەشوات</u>.

3- أ- <u>ئەو</u> کراسەکە دەشوات.

ب- <u>ژنەکە</u> کراسەکە دەشوات.

---

1- بڕوانە دروستەی ناوەوەی جۆرەکانی فرێز، ل 8، 13، 15 ی ئەم نامەیە.

2- محەمەد ڕەزای باتنی، 1993، 10.

لەشیکردنەوەی﴿2﴾ دا﴿کراسەکە دەشوات﴾ دەتوانرێت لەبری﴿خەوت﴾ بەکاربهێنرێت، واتە یەك پێکهاتەیە، خۆ ئەگەر پێکەوە پێکهاتەیەك پێکنەهێنن، ئەوا دەبێت﴿دەشوات﴾ لەبری﴿خەوت﴾ بێت و لەم کاتەشدا ڕستەیەك بەبەرهەمدێت، کە نارێزمانییە، بڕوانە﴿4﴾ ، یان لەشیکردنەوەی﴿3﴾ دا﴿ژنەکە﴾ بۆتە جێنشینی﴿ئەو﴾ لەبەرئەوە پێکهاتەیەکە، خۆ ئەگەر﴿ژنەکە﴾ بێتە جێنشینی﴿ئەو کراسەکە﴾ ئەوە ئاشکرایە، ڕستەیەك بەبەرهەمدێت، کە دووبارە نارێزمانییەو ناشێت، بڕوانە﴿5﴾ ، لەبەرئەوە بەپێویستی دەزانین، گرنگترین ئەو ئەگەرو مەرجانە بخەینەڕوو، کە وەك تاقیکردنەوەیەکی ڕێزمانی دەتوانرێت لەناسینەوەو دیاریکردنی پێکهاتەکانی ڕستەدا سوودی لێببینرێت[3]، ئەو ئەگەرو مەرجانەش لێرەدا لەسەرپێکهاتەی﴿ژنەکە﴾ تاقیدەکەینەوە:

4- * ژنەکە کراسەکە خەوت.

5- * ژنەکە دەشوات.

1) هەر پێکهاتەیەك لەڕووی دابەشبوونەوە، وەك یەکەیەکی دروستەیی ڕەفتار دەکاتو لەجێکەوتەی تری ڕستەدا وەك تەنیا یەکەیەك دەردەکەوێتەوە، بڕوانە﴿6﴾.

6- أ- ژنەکە کراسەکە دەشوات.

بکەر

ب- کوڕی ژنەکە نەهاتووە.

دەرخەر

پ- ژنەکەی دراوسێمان نەهاتووە.

دەرخراو

ت- سیروان ژنەکەی بینی.

بەرکار

2) پێکهاتە فراواندەکرێت: فراوانکردنەکەش لەپێش و پاشی پێکهاتەکەوە دەبێت، بڕوانە﴿7﴾.

7- أ- ژنەکە کراسەکە دەشوات.

ب- ئەو ژنە کراسەکە دەشوات.

پ- ئەو دوو ژنە کراسەکە دەشۆن.

ت- ئەو دوو ژنە جوانە کراسەکە دەشۆن.

3) پێکهاتە بچووکدەکرێتەوە، واتە دەتوانرێت بە﴿جێناو، یان وشەی پرسیار...﴾ بگۆڕدرێتەوە، بڕوانە﴿8﴾.

8- أ- ژنەکە کراسەکە دەشوات.

ب- ئەو کراسەکە دەشوات.

---

3- بۆ ئەو ئەگەرو مەرجانە سوودم لە﴿ Haegeman & Gueron 1999:45-49 و محەمەد مەحویو نەرمین عومەر ئەحمەد، 2004، 37-38﴾ وەرگرتووە.

پ- کێ کراسەکە دەشوات؟

4) پێکهاتە پێکەوە لادەبرێت، ئەگەر ڕێزمانی زمانەکە ڕێگەبدات، بڕوانە﴿9﴾.

9- أ- ژنەکە کراسەکە دەشوات.

ب- pro کراسەکە دەشوات.

پ- * ـەکە کراسەکە دەشوات.

5) پێکهاتە لەدروستەی ڕستەدا پێکەوە دەقرتێندرێت و بۆ جێکەوتەی تر دەگوێزرێتەوە، بڕوانە﴿10﴾.

10- أ- ژنەکە کراسەکە دەشوات.

ب- *..... ـەکە کراسەکە دەشوات

پ- کراسەکە ژنەکە دەیشوات.

ت- * کراسەکە ..... ـەکە دەیشوات.

6) مۆرفیمەکانی پێکهاتەیەك لەگەڵ زنجیرەی وەك خۆیاندا دێت و پێکەوە دەبەسترێن، بەواتایەکی ڕوونتر مۆرفیمەکانی دوو پێکهاتە هاتنیان کەمترە وەك لەمۆرفیمەکانی یەك پێکهاتە، بڕوانە﴿11﴾.

11- أ- ژنەکەو پیاوەکە....

ب- ئازاترو نەبەزتر.....

پ- * ژنەکەو نەبەزتر....

## 2-1 دروستەی ڕستە لەڕوانگەی کەتیگۆریی سینتاکسییەوە

(ڕستە گەورەترین دانەی ڕێزمانی زمانە، کە لەهەر زمانێکدا لەچەند بەشێکی بنجی پێکدێت، هەردانەیەکی ڕێزمانی بتوانێت ڕۆڵی بەشێکی بنجی ڕستە بگێڕێت، فرێز پێکدێنێت، سادەترین ڕستە لەدوو فرێز پێکدێت:


1. فرێزی ناوی
2. فرێزی کرداری)[4].

| |
|---|
| فرێزی ناوی+ فرێزی کرداری ← ڕستە ياسای ژمارە -1- |

هەر فرێزێك بەپێی یاسایەکی تایبەتی پێکدێت، کەبەیاساکانی دروستەی فرێز ناسراون.(لە لێکۆڵینەوەی ڕستەسازیی وشەو ڕستەسازیی ڕستەدا، یاسای دروستەی فرێز بۆ بەرهەمهێنانی وشەو ڕستە بەکاردێت. یاساکانی ڕستەسازیی وشە چۆنێتیی پێکەوەلکاندنی ئەو مۆرفیمانە دیاریدەکەن، کە وشەیان لێ

4- وریا عومەر ئەمین، 2004، 198.

دروستدەبێت. بەهەمان شێوە یاساکانی ڕستەسازیی ڕستە، بریتین لە چۆنێتیی لێکدانی وشەکان بۆ دروستکردنی ڕستەیەکی دروستو ڕێزمانی)، بڕوانە﴿12﴾.



12-

(لەشیکردنەوەی پێکهاتەکانی ڕستەدا، فرێزی﴿ناوی، ئاوەڵناوی، کرداری...﴾ دیاریدەکرێت، کە شوێنێکی بەرز لەهەرەمی پێکهاتەکان دەگرن، پاشانیش پۆلی وشەکان﴿ناو، ئاوەڵناو، کردار...﴾ دیاریدەکرێت، کەشوێنیان لەشوێنی فرێز نزمترە. بەم پێیەش ڕستە لە فرێز پیکدێت و فرێزیش لە وشەو وشەش لە مۆرفیم). واتە فرێز پێکهاتەیەکی ناوەندییەو دەکەوێتە نێوان وشەو ڕستەوە.


## 1-2-1 جۆرەکانی فرێز

### 1-1-2-1 فرێزی ناوی

دروستەی فرێزی ناوی، لەڕێی سێ ئەرك﴿سەر، دیاریکەر، دەرخەر﴾ ـەوە جیادەکرێتەوە[ی]. سەری فرێزی ناوی بەهۆی ناوێك، یان جێناوێکەوە دەنوێنرێت، ئەگەر فرێزی ناوی تەنیا لەسەرێك پێکبێت، ئەوا بەفرێزی ناویی سادە ناودەبرێت.

پۆلی ناو بەسەر دوو وەچەپۆلی سەرەکی﴿تایبەتی، گشتی﴾ دا دابەشدەبێت، کە هەریەکێك لەمانیش بۆ دوو وەچەپۆلی بچووکتر دابەشدەبن، کە دەشێت لەشێوەی ئەم هێڵکارییەی خوارەوەدا بخرێتەڕوو[تی]:

---
5- Katamba 1993:302.
6- Fattah 1997:188.
7- Aarts & Aarts 1982:104.
8- Greenbaum & Quirk 1990:70.




ئەو ناوەی دەبێتە بناغەی فرێزی ناویی سادە، بەشێوەیەکی چالاک ناوی تایبەتییە، بڕوانە﴿13﴾، (هەرچەندە ناوی گشتیش دەتوانێت ببێتە سەری فرێزی ناوی، بەلاّم لەم کاتەدا ناوەکە قورسایی- Stress- دەکەوێتە سەر)[9]، بڕوانە﴿14﴾.

13- أ- من سیروانم بینی.

ب- من ئەوم بینی.

14- من کوڕم بینی.

ئاوەڵناو لە هەندێك دروستەدا دەتوانێت جێگەی سەری فرێزی ناوی بگرێت، بڕوانە﴿15﴾، بەلاّم (ئەگەر لەڕوانگەی دروستەی قووڵەوە لە دروستەی فرێزی﴿گەورە﴾، یان﴿بچووك﴾ بڕوانین، ئەوا بەو ڕاستیە دەگەین، کە ناوێك پێش ئاوەڵناوەکە هەبووە)[10]، واتە ڕستەکە لە دروستەی قووڵدا لە جۆری﴿16﴾ بووە، چونکە ئەگەر﴿گەورە﴾، یان﴿بچووك﴾ بەفرێزی ناوی دابنرێت، ئەوا هەندێك لەو دەرخەرانە ڕەتدەکاتەوە، کەلەگەڵ فرێزی ناویدا دێن، بڕوانە﴿17﴾، ئەمەش بەڵگەیەکە بۆئەوەی کە﴿گەورە﴾، یان﴿بچووك﴾ ئاوەڵناوە، بەلاّم لەم جێکەوتەیەدا ناوئاسا ئەرك دەبینێت.

15- گەورە ئاو دەڕێژێت، بچووك پێی تێدەخات.

16- مرۆڤی گەورە ئاو دەڕێژێت، مرۆڤی بچووك پێی تێدەخات.

17- أ- * چوار گەورە ئاو دەڕێژێت.

ب- * چاکترین گەورە ئاو دەڕێژێت.

| -2- | ناو/جیناو ⟵ فرێزی ناوی   یاسای ژمارە |
|---|---|

فرێزی ناوی ئەگەر جگەلە سەر، یەکەیەکی ڕێزمانی﴿مۆرفیم، وشە...﴾ی تری لەگەڵدا بێت ،ئەوا بە فرێزی ناویی ئاڵۆز ناودەبرێت. دروستەی فرێزی ناویی ئاڵۆزیش لەدوو جۆر پێوەندییدا دەبینرێت، کە دروستەی ناوەوە و دەرەوەیەتی.


---

9- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، 2005، 39.

10- دیار عەلی کەمال، 2002، 43.

## 1-1-1-2-1 دروستەی ناوەوەی فرێزی ناوی

مەبەست لە دروستەی ناوەوەی فرێزی ناوی، بەشداریکردنی ئەو مۆرفیمانەیە، کە لەپێکاهتنی فرێزەکەدا تایبەتن بەناوەوەو ئەرکی دیاریکەر دەبینن، وەك مۆرفیمەکانی﴿[ـەکە]ی ناسراوی، [ێك]ی نەناسراوی، [ان]ی کۆ، [م-مان...]ی خاوەنێتی...﴾، کە دەچنە پاش ناوەکەو (چۆنێتی ڕیزبوونیان لەپێوەندیی دروستەی هەرەمیدایە)[11]، بڕوانە﴿18﴾.




-18 أ- کوڕ+ ـەکە ← کوڕەکە

ب- کوڕ+ ـەکە+ ان ← کوڕەکان

پ- کوڕ+ ـەکە+ ان+ مان ←

| | |
|---|---|
| ناو+ دیاریکەر ← فرێزی ناوی | یاسای ژمارە-3 |

وەك بە نموونەکاندا دیارە، لەباری ئاسایداو بەگشتی مۆرفیمەکانی﴿ناسراوی، نەناسراوی، کۆ...﴾ دەچنەسەر ناوی گشتی، لە بەرامبەردا ناوی تایبەتی ئەمانە ڕەتدەکاتەوە، بڕوانە﴿19﴾.

-19 أ- * سیروانەکە خەوت.

ب- * سیروانێك خەوت.

پ- * سیروانەکان خەوت.

هەرچەندە لەچوارچێوەی بارێکی تایبەتیدا دەشێت دەربکەون، بۆ نموونە کاتێك قسەکەر بە گوێگر بڵێت:

-20 ئەوە سیروان و نەوزاد بوو هاتن بۆ ئێرە، دەتناسین.

گوێگر لەوەڵامدا دەڵێت:

-21 سیروانەکەیانم دەناسی، بەڵام نەوزادەکەیان ناناسم.

## 2-1-1-2-1 دروستەی دەرەوەی فرێزی ناوی

مەبەست لە دروستەی دەرەوەی فرێزی ناوی فراوانکردنی سەری فرێزەکەیە بەهۆی ئەرکی دەرخەرەوە. (ئەرکی دەرخەریش بۆ دوو کەتیگۆریی وەچەئەرکی دابەشدەبێت، کە ئەوانیش دەرخەرەکانی پێش سەرو دەرەخەرەکانی پاش سەرن)[12]، کە هەریەکەیان دەتوانرێت بەهۆی چەند دانەیەکی ڕێزمانیی فراوانەوە بنوێنرێت.

---

11- Fattah 1997:197.

12- Aarts & Aarts 1982:105.

## 1-2-1-1-2-1 دەرخەرەكانی پێش سەر

ئەو وشەو فرێزانەی دەتوانن پێش سەری فرێزی ناوی بكەون و فراوانی بكەن، ئەمانەن[13]:

1. وشەی﴿هەر، تەنیا...﴾، بڕوانە﴿22﴾.

22- أ- هەر كتێبەكە ببە.

ب- تەنیا كتێبەكە ببە.

2. وشـــەی نیشانە﴿ئەم.....ە/ئەمان...ـــــە﴾ بـــۆ نزیك،﴿ئەو...ە/ئەوان...ـــــە﴾ بـــۆ دوور، بڕوانە﴿23﴾.

23- أ- ئەم كتێبە ببە.

ب- ئەو كتێبە ببە.

3. ژمارە، بڕوانە﴿24﴾.

24- أ- دوو كتێب ببە.

ب- چوارەم كتێب ببە.

4. هەندێك وشەی پرسیاركردن، بڕوانە﴿25﴾.

25- أ- چ كتێبێك دەبەیت؟

ب- كام كتێبە دەبەیت؟

5. ڕادە﴿كە واتای چەندێتی دەگەیەنێت﴾، بڕوانە﴿26﴾.

26- أ- هەندێك كتێب ببە.

ب- كەمێك شەكر ببە.

6. وشەی نەفی﴿هیچ﴾، بڕوانە﴿27﴾.

27- هیچ كتێبێك نەبەیت.

7. ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا، بڕوانە﴿28﴾.

28- أ- گرانترین كتێب ببە.

ب- چاكترین كتێب ببە.

8. لەقەب[14]، وەك﴿مامۆستا، مەلا، حاجی، دكتۆر...﴾، بڕوانە﴿29﴾.

29- أ- حاجی عەلی گەڕاوەتەوە.

ب- دكتۆر جەمال نەهاتووە.

| | |
|---|---|
| دەرخەرەكانی پێش سەر+ ناو ⟵ فرێزی ناوی یاسای ژمارە | -4- |

---

13- Fattah 1997:199.

14- مەحمود فەتحوڵلا ئەحمەد، 1988، 111.


ئەم دەرخەرانەی پێش سەر، هەموویان لەدروستەی فرێزی ناویدا دەرناکەون، بەلاَم دەشێت دووان، یان زیاتر لەناو فرێزێکدا پێکەوەبێن، بڕوانە﴿30﴾، کە پێوەندیی پێش سەرەکان لەگەڵ سەردا لە پێوەندیی دروستەی هەرەمیدایە.

30- أ- هەر ئەم کتێبە ببە.

ب- هەر ئەم دوو کتێبە ببە.

پ- * هەر دوو ئەم کتێبە ببە.

ت- * دوو هەر ئەم کتێبە ببە.




وەك لە نمونەکاندا دەردەکەوێت، بەگشتی پێش سەرەکان دەچنەسەر ناوی گشتی بڕوانە﴿23، 24، 25، 26، 27، 28﴾، جگەلە بریناو کە لەگەڵ ناوی تایبەتیدا دێت، بڕوانە﴿29﴾، بەلاَم ئەگەر بەشێوەیەکی تایبەتی سەرنجی پێش سەرەکان بدەین، دەبینین بەشێکیان وەك﴿ژمارە، ڕادە ...﴾، لەگەڵ ناوی تایبەتیدا نایەن، بڕوانە﴿31﴾، کەچی بەشەکەی تریان وەك وشەی﴿نیشانە، هەر، تەنیا...﴾ لەگەڵ ناوی تایبەتیدا دەردەکەون، بڕوانە﴿32﴾.

31- أ- * دوو سلێمانی خۆشە.

ب- * هەندێك سلێمانی خۆشە.

32- أ- ئەم سلێمانییە خۆشە.

ب- هەر سلێمانی خۆشە.

جێی سەرنجە دەشێت دروستەی ئەم فرێزە ناوییانەش بەو جۆرە لێکبدرێتەوە، کە لەدروستەی قووڵدا وشەی﴿شار﴾ کە ناوێکی گشتییە لەپێش ﴿سلێمانی﴾یەوە هەبووە، ئەو پێش سەرانەش تایبەتن بەوە نەك بە ناوە تایبەتییەکە، بە واتایەکی تر ڕستەکە لەدروستەی قووڵدا بەشێوەی﴿33﴾ بووە، بەلاَم لەبەرئەوەی﴿سلێمانی﴾ یەکێك لە نیشانە واتاییەکانی﴿+ شار﴾ـە، بۆیە ڕێگە بەلابردنی وشەی﴿شار﴾ دەدرێت.

33- أ- شاری سلێمانی خۆشە.

ب- ئەم شاری سلێمانییە خۆشە.

پ- هەر شاری سلێمانی خۆشە.

## 2-2-1-1-2-1 دەرخەرەکانی پاش سەر

مەبەست لەو وشە، یان فرێز، یان پاڕستانەیە، کەدەتوانن وەك دەرخەر بەیاریدەی مۆرفیمی خستنەسەر [ی]، [ـە]وە [15]دوای سەری فرێزی ناوی بکەون، ئەو پێوەندییە ڕێزمانییەی لەنێوان سەر و پاش سەردا

15- بۆ جیاوازی دروستەیی نێوان [ی]، [ـە] بڕوانە: طالب حسێن عەلی، 1998، 19 و محەمەدی مەحوی، 2001، 53، 60 و وریا عومەر ئەمین، 2004، 142.

**دروست دەبێت، پێوەندییەکی شوێنکەوتوویە ، چونکە پاش سەرەکان دەرخەرن بۆ سەر، کە دەرخراوە. (بەرهەمی ئەم دروستەیە بلاْوترین جۆری فرێزە لە کوردیدا)[16]، بڕوانە﴿34﴾.**

**34- کچـــــــــــــــــــی زیـــــــــــرەك دەناسێت.**

**دەرخراو/کەرتی سەرەکی+ ی خستنەسەر+ دەرخەر/کەرتی ناسەرەکی**

**ئەو فرێزەی لەم دروستەیەوە بەبەرهەم دێت، فرێزی خستنەپاڵن. دەرخەرەکانی پاش سەریش بە هۆی ئەمانەی خوارەوە دەنوێنرێت :**

1. **فرێزی ناوی﴿ناو، یان جێناو﴿، بڕوانە﴿35﴾.**

**35- أ- کچی پیاوەکە نابینم.**

**ب- کچی ئەم پیاوە نابینم.**

**پ- کچەکانی ئەم دوو پیاوە نابینم.**

**ت- کچی ئەو نابینم.**

**ئەم نموونانە وەك بەرهەمی ئەم دروستەیە بە فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارێتی ناودەبرێن[17].**

2. **فرێزی ئاوەڵناوی[18]: بڕوانە﴿36﴾.**

**36- أ- کچی جوان[19] نابینم.**

**ب- کچی زۆر جوان نابینم.**

**پ- کچی زۆر جوانتر لە نەشمیل نابییم.**

3. **هەندێك وشەی ڕادە وەك﴿زۆر، کەم،...﴿، یان ژمارە وەك﴿ژمارەی تەرتیبی﴿، بڕوانە﴿37﴾.**

**37- أ- خوێندکاری زۆر وەرمەگرن.**

**ب- خوێندکاری دووەم بابێت.**

4. **فرێزی پێشناوی[20]: بڕوانە﴿38﴾.**

**38- أ- خانووی بێ ئاو و کارەبا ناکرێت.**

**ب- ئەو کچەی لای دەرگاکەوە نابینم.**

5. **پاڕستەی شوێنکەوتوو[21]: بڕوانە﴿39﴾.**

**39- أ- ئەو کچەی، کە یەکەمی زانکۆ بوو ناوی چییە؟**

**ب- کچەکەی، کە دوێنێ بینیمان لەبەشی کوردی دەخوێنێت.**

---

16- ئێرنست مەکارۆس، 1987، 182.

17- بۆ زانیاری لەبارەی فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارێتییەوە بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح، 1980، 163-195 و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، 2005، 41.

18- بۆ زانیاری لەبارەی دروستەی فرێزی ئاوەڵناوی، بڕوانە: ل﴿13﴾ی ئەم نامەیە.

19- بۆ ڕێککەوتنی واتایی نێوان ناوو ئاوەڵناو بڕوانە: هیدایەت عەبدوڵلا محەمەد، 2003، 168.

20- بۆ زانیاری لەبارەی دروستەی فرێزی پێشناوییەوە، بڕوانە: ل﴿18﴾ی ئەم نامەیە.

21- بۆ زانیاری لەبارەی پاڕستەی شوێنکەوتووو جۆرەکانی، بڕوانە: کوردستان موکریانی، 1986، 76-88.

وەك لەنموونـەكانی﴿39﴾دا دیـارە مـۆرفیمی [كـە] ئـەركی بەسـتنی لـەخۆگرتووە، بۆیـە لێـرەدا دەشـێت [ی]ی خستنەسەر دەرنەبڕدرێت و ئەركەكەی بەسفر لەقەڵەم بدرێت، بڕوانە﴿40﴾.


40- أ- ئەو كچە، كە یەكەمی زانكۆ بوو، ناوی چییە؟

ب- كچەكە، كە دوێنێ بینیمان، لەبەشی كوردی دەخوێنێت.

| |
|---|
| ناو+ [ی] ی خستنەسەر+ دەرخەرەكانی پاش سەر ←——— فرێزی ناوی    یاسای ژمارە -5- |

جێـی سـەرنجە لەلایەكـەوە پێوەنـدیی كەرتەكانی﴿یەكـەكانی﴾ نـاو دروسـتەی فرێـزی نـاوی لەپێوەنـدیی دروستەی هەرەمیدایەو لەلایەكی تریشەوە بەرهەمی ئەم دروستانە دەشێت بەشێوەی جۆراوجۆر دووبـارە بكرێتەوە و دروستەی فراوانتری لێبەرهەمبێت، بۆ نموونە دەشێت فرێزێكی ئاوەڵناوی ببێت بـە دەرخـەر بۆ فرێزێكی ناوی، پاشانیش بەرهەمی ئەم فرێـزە ناوییـە ببێتـەوە بەدەرخـەر بـۆ فرێزێكـی نـاویی تـر... بڕوانە﴿41﴾.

فرێزی ناوی



دەرخەر   دەرخراو   دەرخەر   دەرخراو   دەرخەر

ژمارە   ناو   نیشانە   ناو   ئاوەڵناو

41- دوو   كچی   ئەو   پیاوە   هەژارە   دەرنەچوون.

| |
|---|
| دەرخەرەكانی + سەر+ [ی]ی خستنەسەر+ دەرخەرەكانی ←——— فرێزی ناوی   یاسای ژمارە -6-<br>پێش سەر      پاش سەر |

بەرهەمی دروستەی فرێزی ناوی﴿سادە، ئاڵۆز﴾ دەتوانرێت بەسوود وەرگرتن لەپێوەنـدیی هاوپێوەنـدیی ، بەفرێزی هاوشانی خۆیەوە ببەسترێت. بەواتایەكی ڕوونـتر فرێزی ناوی لەڕێی مۆرفیمی بەسـتنی﴿و﴾ەوە بەفرێزی نـاویی تـرەوە دەبەسـترێت. كـە هەریـەك لـەم فرێزانـە ئـەركی سـەر دەبیـنن و هـەر لـەو ئاسـتی پێوەندییەدان، بڕوانە﴿42﴾.

42- أ- سیروانو نەوزاد دەبینم.

ب- دوو كتێبی بەسوودو ئەم ڕۆژنامەیەم كڕی.

| |
|---|
| فرێزی ناوی+ و+ فرێزی ناوی ←——— فرێزی ناوی    یاسای ژمارە -7- |

هەرچەندە پێوەندیی نێوان كەرتـەكانی ئـەم جـۆرە فرێـزە دەرخـراوو دەرخـەر نییـە، بـەڵام هـەر دەبێـت بەفرێزیش لەقەڵەم بدرێت. واتە(فرێزەكـە دەسـەڵات بەسـەر كەرتەكانیـدا دابەشـناكات، بـەڵكو كەرتـەكان

خۆیان لەنێوان خۆیاندا دەسەڵات بەشدەکەن)[22]و هەردووکیان سەرەکینو لەبەجێهێنانی ئەرکی ڕێزمانیو ئەو ڕۆڵە واتاییەی کەکردار بۆی دیاریکردوون، بەشدارن ، بەپێچەوانەی پێوەندیی شوێنکەوتووییەوە، کەتەنیا سەر سەرەکیو بەشدارە، بڕوانە بەراوردکردنی﴿43، 44﴾.

43- کوڕەکە و پیاوەکە پێدەکەنن.

44- کوڕی پیاوەکە پێدەکەنێت.

## 2-1-2-1 فرێزی ئاوەڵناوی

دروستەی فرێزی ئاوەڵناوی بەهۆی دوو ئەرکەوە دەناسرێتەوە ، کە سەرو دەرخەرن، سەرلەم جۆرە فرێزەدا هەمیشە ئاوەڵناوە[23]، ئەگەر فرێزی ئاوەڵناوی تەنیا لەسەرێك پێکهاتبوو، ئەوا بەفرێزی ئاوەڵناوی سادە ناودەبرێت، بڕوانە﴿45﴾.

45- أ- کچێکی جوان هات.

ب- کچەکە جوان بوو.

| ئاوەڵناو ←——— فرێزی ئاوەڵناوی | یاسای ژمارە -8- |
|---|---|

ئەگەر فرێزە ئاوەڵناوییەکە لە ئاوەڵناوێكو دەرخەرێك پێکهاتبوو، ئەوا بەفرێزی ئاوەڵناوی ئاڵۆز ناودەبرێت، دەرخەریش لەم جۆرە فرێزەدا یان پێش سەر، یان پاش سەر دەکەوێت، کەپلەی ئاوەڵناوەکە دیاریدەکات، چونکە (ئاوەڵناو خاوەنی خاسیەتی پلەیە)[24].

## 1-2-1-2-1 دروستەی ناوەوەی فرێزی ئاوەڵناوی

مەبەست لەدروستەی ناوەوەی فرێزی ئاوەڵناوی، بەشداریکردنی مۆرفیمی[- تر]ی پلەی بەراوردە لەگەڵ ئاوەڵناوەکەدا، بڕوانە﴿46﴾، چونکە وەك لەدروستەی فرێزی ناویدا نیشانماندا، ئاوەڵناو لەپلەی باڵادا دەبێتە دەرخەری پێش سەر، پلەی باڵاش بەهۆی[- ترین]ـەوە دەنوێنرێت، بڕوانە﴿47﴾.

46- کچێکی جوانتر لەخەندە هات.

47- خۆشترین شوێن کوێیە؟

| ئاوەڵناو+ پلە ←——— فرێزی ئاوەڵناوی | یاسای ژمارە -9- |
|---|---|

---

22- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، 1994، 11.

23- بۆ ناسینەوەو جیاکردنەوەی پۆلی ئاوەڵناو، بڕوانە: بەشی سێیەمی ئەم نامەیە، ل﴿84﴾.

24- بڕوانە: ئەورەحمانی حاجی مارف، 1992، 60.

## 2-2-1-2-1 دروستەی دەرەوەی فرێزی ئاوەڵناوی

مەبەست لەدروستەی دەرەوەی فرێزی ئاوەڵناوی فراوانکردنی سەری فرێزە ئاوەڵناوییەکەیە، بەهۆی دەرخەرەکانی پێش سەر، یان پاش سەرەوە.

### 1-2-2-1-2-1 دەرخەرەکانی پێش سەر

دەرخەرەکانی پێش سەر لەدروستەی فرێزی ئاوەڵناوییدا بەهۆی ئەمانەی خوارەوە دەنوێنرێت:

1. ڕادە: بڕوانە《48》.

48- أ- کچێکی تۆزێك جوانم بینی.

ب- کچێکی زۆر جوانم بینی.

2. نەرێ: بڕوانە《49》.

49- کچەکە هیچ جوان نییە.

| | |
|---|---|
| دەرخەرەکانی پێش سەر+ ئاوەڵناو ◄──── فرێزی ئاوەڵناوی یاسای ژمارە | -10- |

### 2-2-2-1-2-1 دەرخەرەکانی پاش سەر

دەرخەرەکانی پاش سەرلەدروستەی فرێزی ئاوەڵناویدا بەهۆی ئەمانەی خوارەوە دەنوێنرێت:

1. فرێزی پێشناوی: کە لەدروستەی بەراوردا فرێزی ئاوەڵناوی فراواندەکەن[25]، بڕوانە《50》.

50- أ- کچێکی جوانتر لە فرمێسکم بینی.

ب- نەشمیل لە فرمێسك جوانتر بوو.

2. فرێزی دەرخەری بەیاریدەی [ی]ی خستنەسەر، بڕوانە《51》.

51- شوتییەکی سووری شیرینم کڕی.

| | |
|---|---|
| ئاوەڵناو+ دەرخەرەکانی پاش سەر ◄──── فرێزی ئاوەڵناوی یاسای ژمارە | -11- |

فرێزی ئاوەڵناوی دەتوانرێت لەڕێی پێوەندیی هاوپێوەندییەوە بەیاریدەی [و] لێکبدرێت، بڕوانە《52》.

52- شوتییەکی سوور و شیرین و گەورە[26]م کڕی.

| | |
|---|---|
| ئاوەڵناو+ و+ ئاوەڵناو ◄──── فرێزی ئاوەڵناوی یاسای ژمارە | -12- |

---

25- بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: بەشی سێیەمی ئەم نامەیە، ل《98》.

26- بۆ چۆنێتیی ڕیزبوونی ئاوەڵناو لەزنجیرەیەك ئاوەڵناودا، بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح، 1990، 86.

### 3-1-2-1 فرێزی کرداری

(لەڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا، فرێزی کرداری ئەو پێکهاتە بەخورتییەی ڕستەیە، کە لە گوزارە﴿سەر و تەواوکەر و سەربار﴾ پێکهاتووە)[27] بەبەراوردکردن لەگەڵ فرێزی ناوی بکەردا، بڕوانە﴿53﴾.

53- سازە　　هەموو ڕۆژێك　　شیر　　دەخواتەوە.

سەربار　　تەواوکەر　　سەر

فرێزی ناوی بکەر　　فرێزی کرداری

فرێزی کرداری لەجۆرەکانی تری فرێز﴿ناوی، ئاوەڵناوی،..﴾ گرنگترە، چونکە بەخورتییە و ناتوانرێت لابرێت، لەکاتێکدا فرێزەکانی تری ڕستە وەك فرێزی ناوی بکەر دەشێت لەدروستەی ڕووکەشدا دەرنەبڕدرێت، ئەویش بەهۆی دەرکەوتنی نیشانەکەی لەناو فرێزە کردارییەکەدا، بڕوانە﴿54﴾. (ئەم دیاردەیە بۆ فرێزی کرداریدا نابێت، واتە ڕستە هەرگیزبێ بوونی ئەم فرێزە پێکنایەت)[28].

54- أ- من دەخەوم.

ب- ... دەخەوم.

پ- * من ... .

دروستەی فرێزی کرداری خاوەنی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی ناوەکی و دەرەکییە و بەشێوەی جۆراوجۆری مۆرفۆسینتاکسی و سینتاکسی، فراوان دەکرێت. ئەو یەکە ڕێزمانییانەی﴿مۆرفیم، فرێز﴾ کە لەدروستەی فرێزی کرداریدا لەگەڵ ڕەگی کرداردا دێن، هەریەکەیان جۆرە پێوەندییەکی ڕێزمانی دەهێننە ئاراوە. کە دەشێت لەڕوانگەی دروستەوە بەدوو جۆر گوزارشتییان لێبکرێت.

### 1-3-1-2-1 دروستەی ناوەوەی فرێزی کرداری

مەبەست لەدروستەی ناوەوەی فرێزی کرداری، ئەو یاسایانەن، کە چۆنێتیی پێکهاتنی دروستەی کردار لەڕوانگەی ڕیزبوونی ژمارە و جۆری ئەو مۆرفیمانەی تایبەتن بەکردار، دەخەنەڕوو[29]. (فۆڕمی کرداری ڕابردووو ڕانەبردوو لەدروستەی ڕستەدا لە﴿ڕەگی کردار، کات، کەس﴾ پێکدێت، کەپێوەندیی نێوانیان لەشێوەی دروستەی هەرەمیدایە)[30].

---

27- Hartmann & Stork 1972:248.

28- مەحمود فتحوڵلا ئەحمەد، 1988، 16.

29- پێناسەی دێرینی کردار، ئەو بەشە ئاخاوتنەیە، کەئەرکی گوزارە لەڕستەدا دەبینێت و کردەیەك بەجێدەهێنێت، ئەم پێناسەیە ناتەواوە، چونکە بەشێکی کردارەکان کردەیان تێدا نییە، وەك﴿من سەرمامە﴾. لەبەرئەوە کردار دەتوانرێت پێناسە بکرێت، وەك پۆلی وشەیەك کە بۆ چەند کەتیگۆرییەکی وەك﴿ژمارە، ئەسپێکت، کاتو کەس، ڕێژە...﴾ بگەڕێتەوە لەسەر بنەمای گەردانکردنی ڕێزمانی، بڕوانە﴿Hartman & Stork 1972:248﴾.

30- Sarwat 1992:87.

ڕابردوو: 55- أ- کڕ        ی        م

ب- هێن        ا        م

پ- کەو        ت        ن

ت- بر        د        یان

ج- چ        وو        یت

ڕەگی کردار        کات        کەس و ژمارە

**(ئەو مۆرفیمانەی کرداری ڕابردوو پێکدەهێنن، لەشێوەی هێڵکاریدا بەم جۆرەی لای خوارەوە ڕیزدەبن)[31]، بڕوانە﴿56﴾.**

کرداری ڕابردوو

56- کەو        ت        م/ین   تێنەپەڕ

هێنـ        ا        م/مان   تێپەڕ

ڕەگی کردار   کاتی ڕابردوو        نیشانەی ڕێککەوتن﴿کەس و ژمارە﴾

ڕانەبردوو: **(ئەو مۆرفیمانەی کرداری ڕانەبردوو پێکدەهێنن، لەشێوەیەی هێڵکاریدا بەم جۆرەی لای خوارەوە ڕیزدەبن)[32]، بڕوانە﴿57﴾.**

کرداری ڕانەبردوو

57- دە[33]        کەو/هێن        م/ین   تێپەڕو تێنەپەڕ

کاتی ڕانەبردوو   ڕەگی کردار   نیشانەی ڕێککەوتن﴿کەس و ژمارە﴾

| | | |
|---|---|---|
| ڕەگ+ کات+ کەس ←——— فرێزی کرداری | یاسای ژمارە | 13- |

**ڕەگی کردار سەری فەرهەنگی﴿واتایی﴾ کردارە، چونکە ئەگەر سەرنجی﴿55- أ، ب، پ...﴾ بدەین، دەبینین گۆڕانی واتایی فەرهەنگیی کردارەکان بۆ گۆڕانی ڕەگی کردار دەگەڕێتەوە[34]. بەواتایەکی تر بەگۆڕینی مۆرفیی کات، یان نیشانەی ڕێککەوتن واتای فەرهەنگیی کردارەکە ناگۆڕێت. جگە لەم سێ جۆر مۆرفیمە، کەبەردی بناغەی پێکهاتنی فرێزی کردارین، چەند مۆرفیمێکی تر بەشداری پێکهاتنی کردار**

---

31- Sarwat 1992:150.

32- سەرچاوەی پێشوو، 149.

33- هەندێك زمانەوان ئەم مۆرفیمە بە نیشانەی بەردەوامی دادەنێن، واتە تێڕوانینیان بەو جۆرەیە، کەکاتی ڕانەبردوو لەناو ڕەگی کردارەکەدا تواوەتەوە. بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح، 1989، 43.

34- Fattah 1997:195.

دەکەن[35]، کە بەگوێرەی ئەوەی پێش ڕەگ، یان پاش ڕەگ دەکەون؟ بۆ دوو وەچەپۆل دابەشدەبن، بەشێکیان پێشگرن و لەڕێی پێشگرلکاندنەوە دەچنەسەر دروستەی کردار، بەشەکەی تریشیان پاشگرن و لەڕێی پاشگرلکاندنەوە بۆ کردار زیاد دەکرێن.

(کردار دەتوانێت چەند پێشگرێکی کرداری، وەك﴿پێشکرداری هەڵ، دا...، نیشانەی نەفی، بەردەوامی...﴾ لەپێشەوە وەربگرێت. بڕوانە﴿58﴾، کەوەك سەری ئەرکی دەردەکەون. هەروەها لەڕێی پاشگرلکاندنیشەوە چەند پاشگرێك وەك﴿نیشانەی ئیلزامی، نیشانەی نادیاری، نیشانەی دووبارەکردنەوە...﴾ دەتوانرێت بەپێی یاسایەکی دیاریکراو زیادبکرێن، بەڵام ئاشکرایە هەموویان پێکەوە لەیەك دروستەدا نایەن)[36]. بڕوانە﴿59﴾.

58- أ- نانەکەی هەڵگرت.

ب- نانەکەی هەڵنەدەگرت.

59- ڕەنگە من نووسرابم.

## 2-3-1-2-1 دروستەی دەرەوەی فرێزی کرداری

مەبەست لە دروستەی دەرەوەی فرێزی کرداری، فراوانکردنی فرێزی کردارییە[37] بەهۆی جۆرەکانی تری فرێزەوە، وەك :

1. فرێزی ناوی، ئەگەر کردارەکە تێپەڕبێت، بڕوانە﴿60﴾.

60- من کوڕەکەم بینی.

2. فرێزی ئاوەڵکرداری، بڕوانە﴿61﴾.

61- کوڕەکە هێشتا نەڕۆشتووە.

3. فرێزی پێشناوی، بڕوانە﴿62﴾.

62- نامەکەم بەدەست نووسی.

4. فرێزی ناوی و فرێزی پێشناوی، بڕوانە﴿63﴾.

63- من تۆ بەئازا دەزانم.

5. پاڕستەی تەواوکەر، بڕوانە﴿64﴾.

64- بیستم کەبەیەکەم دەرچوویت...

---

35- بۆ زانیاری لەبارەی ئەو مۆرفیمانەی بەشداری پێکهاتنی کردار دەکەن، بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح، 1989، 44.

36- Fattah 1997:208-209.

37- لەبەرئەوەی لەبەشی دووەمدا جیاوازی نێوان کرداری فەرهەنگیو یاریدەدەر نیشاندراوە، بۆیە لێرەدا ئەو لایەنە نەخراوەتەڕوو.

ئـەم فرێزانـەی ئـەرکی فراوانکردنـی فرێـزی کـرداری دەبیـنن، بەشـێکیان سـەربارن، بڕوانـە﴿61، 62﴾، بەشـەکەی تریشـیان تەواوکـەرن، بڕوانـە﴿60، 63، 64﴾، کـە ئەمـەش پێوەنـدیی بـە جـۆری کـردارەوە هەیە، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە هەڵبژاردنی ئەم فرێزە تەواوکەرانەدا هەیە[38].

## 4-1-2-1 فرێزی پێشناوی

دروسـتەی فرێـزی پێشـناوی لـەڕێی دوو ئەرکـەوە جیادەکرێتـەوە، کـە ئـەوانیش پێشـناوو تەواوکـەری پێشناون[39].

| |
|---|
| پێشناو+ تەواوکەری پێشناو ⟵ فرێزی پێشناوی یاسای ژمارە -14- |

ئەرکی پێشناو هەمیشە بەهۆی پێشناوێکەوە دەنوێنرێت. پێشناوەکانیش بۆ دوو وەچەپۆل دابەش دەبن:

1. سادەکان وەك﴿لە، بە، بۆ، بێ،...﴾.
2. ناســادەکان وەك﴿لەتەنیشــت، لــەژێر، لەســەر،...﴾، کــە بەپێشــناوی نــاوی ناودەبرێــت، لەبەرئەوەی کەرتی دووەمیان ناوە[40].

تەواوکەری پێشناو دەتوانرێت بەهۆی چەند جۆرێکی فرێزەوە بنوێنرێت:

1. ژمارەیەکی بەرهەمداری فرێزی ناوی دەتوانێت ئەرکی تەواوکەری پێشناو ببینێت، بڕوانە﴿65﴾.

65- أ- کتێبەکە بەکوڕەکە بوو.

ب- کتێبەکە بەدەست ئەم کوڕەوە بوو.

پ- کتێبەکە بەدەست ئەم دوو کوڕەوە بوو.

جێی سەرنجە (پێشناوەکانی﴿لە، بە، ـە﴾ لەبەشێکی دروستەکەیاندا پاشناوی ئاڕاستە [- ـەوە]، [- دا]یـان لەگەڵدایە[41]. بەواتایـەکی تـر فرێزەکـە کۆتاییەکـەی دادەخرێـت، بڕوانـە﴿66﴾، بـەڵام پێشـناوەکانی﴿تا، بۆ﴾ پاشگری ئاڕاستەیان نییە، واتە کۆتاییەکی کراوەیان هەیە)[42]، بڕوانە﴿67﴾.

66- أ- کارزان لەهەولێرەوە هاتەوە.

ب- کارزان چووە هەولێرەوە.

پ- بە کارزاندا نامەکەی نارد.

67- أ- کارزان تا هەولێر هات.

---

38- بۆ زانیاری لەبارەی جۆرەکانی کردار لەڕوانگەی تەواوکردنەوە، بڕوانە: بەشی دووەمی ئەم نامەیە،ل﴿39﴾.

39- Aarts & Aarts 1982:125.

40- هیدایەت عەبدوڵلا محەمەد، 1993، 43-51.

41- فرێزی پێشناوی لەڕوانگەی سیمانتیکەوە جیاوازە، بۆ نموونە ﴿شوێن﴾ پاشگری ئاڕاستە وەردەگرێت، بەڵام ﴿ئامێر﴾ وەریناگرێت، بڕوانە﴿أ، ب﴾.

أ- لە هەولێرەوە هاتم.

ب- بەدەست نامەکەی نووسی. بڕوانە: Fattah 1997:224 .

42- Fattah 1997:223.

ب- * کارزان تا هەولێردا هات.

پ- نامەکەم بۆ کوڕەکە نارد.

ت- * نامەکەم بۆ کوڕەکەدا نارد.

پاشناو لە فرێزی پێشناویدا ئەرکی هەیە و ناتوانرێت لەدروستەکەدا لابرێت، چونکە یان دروستەکە تێکدەدات، بڕوانە﴿68﴾. یان واتا دەگۆڕێت، بڕوانە﴿69﴾.

68- أ- لەهەولێرەوە هاتم.

ب- * لەهەولێر هاتم.

69- أ- کارزان لەهەولێرەوە هاتەوە.

ب- کارزان لەهەولێر هاتەوە.

2. وشەی پرسیار لە دروستەی پرسیاردا دەتوانێت ببێت بەتەواوکەری پێشناو، بڕوانە﴿70﴾.

70- أ- نامەکە بەکێدا دەنێریت؟

ب- سیروان گەیشتە کوێ؟

3. (فرێزی پێشناوی دەتوانێت ببێت بەتەواوکەری پێشناو، لەم بارەدا پێشناوەکە خنراوەتە ناو فرێزێکی پێشناویی گەورەتر لەخۆی، جۆرێکی زۆر بەرهەمهێنی ئەم فرێزە بریتییە لەدارشتەی﴿تا+ کات﴾، کە دەرخەر وەرناگرن)[43]، بڕوانە﴿71﴾.

71- أ- تا پاشنوێژ چاوەڕێمکرد.

ب- * یەکسەر تا پاشنوێژ چاوەڕێمکرد.

پ- * زۆر تا پاشنوێژ چاوەڕێمکرد.

فرێزێکی پێشناوی بەبەرهەمدەهێنێت، کە لەگەڵ هەندێك ]بە[(فرێزی ئاوەڵناوی بەیاریدەی پێشناوی کرداردا دەردەکەوێت و دەتوانێت دەرخەر وەربگریت)[44]، بڕوانە﴿72﴾.

72- أ- من سیروانم بەئازا زانی.

ب- من سیروانم زۆر بەئازا زانی.

جێی سەرنجە تەواوکەری﴿ئازا﴾ دەشێ بەوجۆرە شیبکرێتەوە، کە لەدروستەی قووڵدا ناوێك لەپێشییەوە هەبووە. واتە لەبنەڕەتدا تەواوکەری پێشناوەکە هەر فرێزی ناوی بووە، بڕوانە﴿73﴾.

73- من سیروانم بەمرۆڤێکی ئازا زانی.

(دیارترین جیاوازی لەنێوان فرێزی پێشناوی لەگەڵ فرێزی﴿ناوی و ئاوەڵناوی ... ﴾دا لەوەدایە. کە پێوەندیی نێوان پێشناو و تەواوکەرەکەی بریتی نییە لەپێوەندیی شوێنکەوتوویی، بەڵکو پێوەندیی حوکمکردنە . واتە پێشناوەکە سەرێکی حوکمکەرەو حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات، لەدروستەی فرێزی پێشناویدا پێوەندیی حوکمکردن بەڕەسمی ناسراوە، لەبەرئەوەی پێشناوەکە پاشگری تایبەت دەسەپێنێت

---

43- Fattah 1997:224.

44- سەرچاوەی پێشوو.

بەسەر ئەو پێکهاتەیەدا کەحوکمی دەکات. بەواتایەکی تـر پێشـناوەکە بڕیـاری هەڵبـژاردن و دیـاریکردنی جـۆری تەواوکەرەکـەی دەدات، ئەمـە لەلایـەك، لەلایـەکی تـرەوە هـیچ کاتێـك پێشـناوەکە وەك سـەرێك ناتوانێت جێگـەی هـەموو دروسـتەکە بگرێتـەوە)[45]، چـونکە پێشـناوەکە بـێ بـوونی تەواوکەرەکـەی هـیچ ئەرکێکی نییە و تەواوکەرەکەش بێ بوونی پێشناوەکە ئەرکی نییە، بڕوانە﴿74﴾.

74- أ- نیان لەهەولێر بوو.

ب- * نیان لە بوو.

پ- * نیان هەولێر بوو.

(ئاڕاستەی حوکمکردنی پێشناوەکەش بەپێچەوانەی سەرە ڕێزمانییەکانی تـرەوە، لـەلای ڕاسـتەوە بـۆ لای چەپ حـوکمی تەواوکەرەکـەی دەکـات)[46]. هەربۆیـە هـیچ دروسـتەیەك بەرچـاو ناکـەوێت، کەتەواوکـەری پێشناوەکە بکەوێتە پێش پێشناوەکەوە، بڕوانە﴿75﴾.



75- أ- نیان لەهەولێر بوو.

ب- * نیان هەولێر لە بوو.

## 5-1-2-1 فرێزی ئاوەڵکرداری

سـەری دروسـتەی فرێـزی ئـاوەڵکرداری بـەهۆی ئاوەڵکردارێکـەوە دەنوێنرێـت ، ئەگـەر فرێـزە ئاوەڵکردارییەکـە لەتـەنیا سـەرێك پێکهـاتبوو، ئـەوا بـەفرێزی ئـاوەڵکرداری سـادە ناودەبرێـت. (وشەکانی﴿هێشـتا، دیسـان، خۆزگـە، ڕەنگـە، هـەرگیز...﴾ وەك ئـاوەڵکرداری بنجـی ناسـێنراون)[47]، بڕوانە﴿76﴾.

76- کاوان هێشتا نەگەڕاوەتەوە.

| | | |
|---|---|---|
| ئاوەڵکردار ←——— فرێزی ئاوەڵکرداری | یاسای ژمارە | -15- |

لەبەرئەوەی وشە ئاوەڵکردابیە بنجییەکان سنووردارن و ژمارەیان کەمە، سوود لە جۆرەکانی تـری فرێـز بینراوە، کەئەرکی ئەدڤێربڵ لەدروستەی ڕستەدا ببینن[48]. وەك:-

1. فرێزی ناوی، بڕوانە﴿77﴾.

77- سیروان ئەم بەیانییە نەهاتووە.

2. فرێزی ئاوەڵناوی، بڕوانە﴿78﴾.

78- منداڵەکە زۆر جوان قسەدەکات.

---

45- سەرچاوەی پێشوو، 190.

46- محەمەد مەحوی‌و نەرمین عومەر ئەحمەد، 2004، 38.

47- ئازاد ئەحمەد حسێن، 2001، 27.

48- بۆ زانیاری لەم بارەیەوە، بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، 62-67.

3. فرێزی پێشناوی، بڕوانە﴿79﴾.

79- کچەکە <u>بەپەلە</u> ڕۆیشت.

4. پاڕستەی شوێنکەوتوو، بڕوانە﴿80﴾.

80- ژنەکە <u>کە مێردەکەی گەڕایەوە</u> نانی دەخوارد.

## 6-1-2-1- پاڕستەی﴿کە﴾ی تەواوکەر

دروستەی پاڕستەی﴿کە﴾ی تەواوکەر لەمۆرفیمی﴿کە﴾ی بەستن و ڕستەیەك پێکدێت، بڕوانە﴿81﴾.

81- زانیم <u>کە سیروان نەهاتووە</u>.

| | |
|---|---|
| کە+ ڕستە ←——— پاڕستەی﴿کە﴾ | یاسای ژمارە -16 |

ئـەو ڕسـتانەی لەدروسـتەی پاڕسـتەی تەواوکـەردا ئـەرك دەبیـنن، گشـتیان کـات و کەسـدارن ، چـونکە (لەکوردیدا ڕستەی بێ کاتمان نییە)[49]، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە(ناوی ڕووداو(چاووگ) وەك نـاو هەڵسوکەوت دەکات و نیشانەکانی ناسراوی و نەناسراوی و کۆ وەردەگرێت، بڕوانـە﴿82﴾، هـەروەها لەگـەڵ پێشـناوو پاشـناودا دێـت، بڕوانـە﴿83﴾، لەسینتاکسیشـدا بـەکارهێنانی نـاوی هەیـەو دەتوانێـت وەك دەرخراو، دەرخەر، بکەر، بەرکار،... ئەرك ببینێت)[50]، بڕوانە﴿84﴾.

82- أ- <u>مردنەکەی</u> بێ هۆ نەبوو.

ب- <u>مردنێکی</u> کتوپڕ بوو.

پ- <u>نوسینەکان</u> بپارێزە.

83- أ- <u>لەمردن</u> ناترسێت.

ب- <u>بەجگەرەکێشان</u> دەمرێت.

پ- <u>لەهاتندا</u> زۆر خێرایە.

84- أ- <u>خوێندنی</u> بالاً لەبەرەو پێشچووندایە.

ب- کاتی <u>خوێندن</u> بەفیڕۆ مەدە.

پ- <u>خوێندن</u> زۆر بەسوودە.

ت- <u>خوێندنی</u> تەواوکرد.

(ئـەو ڕەگەزانـەی لـەناو پاڕسـتەی تەواوکـەردان، لەلایـەن کـرداری پاڕسـتەکەوە حوکمـدەکرێن و دۆخـی ڕێزمـانی وەردەگـرن)[51]. بەواتایـەکی تـر کـرداری پاڕسـتە تەواوکەرەکـە سـەربەخۆیەو دەشـێت﴿تێنەپەڕ، تێپەڕ...﴾ بێت، بڕوانە﴿85﴾.

85- أ- زانیم <u>کە دێت</u>.

---

49- بڕوانە: محەمەدی مەحوی، 2001، 164، 185.

50- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، 2000، 38-39.

51- محەمەدی مەحوی، 2001، 142.

ب- زانیم که نامەکە دەبات.

(پاڕستەی تەواوکەر لەبنەڕەتدا ڕستەی تەواون، بەلاّم لەئاستی خۆیان دەردەچن‌و پایەی خۆیان نزم دەکەنەوە، بۆ نموونە ڕستە﴿86- أ﴾ پایەی ڕستەی تەواوی هەیە، بەلاّم لەڕستەی﴿86- ب﴾دا بۆتە پاڕستەیەك‌و پایەی نزمتری وەرگرتووە)[52].

86- أ- من هێنام. ب- ئەمە ئەو کتێبانەیە کە من هێنام.

## 2-2-1 دابەشبوونی ڕستە لەڕوانگەی کەتیگۆریی سینتاکسییەوە

پاش خستنەڕوو و نیشاندانی دروستەی جۆرەکانی فرێز، بەپێویستی دەزانین سەرنجی دروستەی ئەم ڕستانەی خوارەوە بدەین:

87- ژنەکە جل دەشوات. V + NP + NP[53]

88- منداڵەکە کوڕ بوو. V + NP + NP

89- ژنەکە کوڕی هەیە. V + NP + NP

90- سیروان دوو ڕۆژە نەهاتووە. V + NP + NP

91- منداڵەکە زۆر جوان بوو. V + AdjP + NP

92- منداڵەکە زۆر جوان دەڕوات. V + AdjP + NP

93- من تۆ بە چاکی دەناسم. V + PP + NP + NP

94- من تۆ بە ئازا دەزانم. V + PP + NP + NP

پاش وردبوونەوە و بەراوردکردن و تێڕوانین لەدروستەی ڕستەکان، چەند خاڵێکمان بۆ دەردەکەوێت، گرنگترینیان ئەمانەن:

1. گشت ڕستەکان بە NP دەست پێدەکەن، کە ئەرکی بکەریان بینیوەو دەشێت لەڕستەکەدا بەفۆنەتیکی دەرنەبڕدرێن، بە V یش کۆتاییان دێت، کەوەك گوزارەی ڕستە دەردەکەون. ئەو فرێزانەی لەو نێوانەدا دەردەکەون، یان NPین، وەك ڕستەکانی﴿87، 88، 89، 90﴾ ، یان AdjPن، وەك ڕستەکانی﴿91، 92﴾، یان﴿PP+ NP﴾ن، وەك ڕستەکانی﴿93، 94﴾ .
2. ڕستەکانی﴿87، 88، 89، 90﴾ ئاستی پێکهاتنی فرێزیان وەك یەکە﴿V + NP + NP﴾، بەلاّم لەڕوانگەی ئەرکی NP ناوەندەوە جیاوازە لە﴿87﴾ دا ئەرکی بەرکاری بینیووە، چونکە کردارەکەی تێپەڕە، بەلاّم لە﴿88﴾ دا ئەرکی تەواوکەری بکەر﴿گوزارە﴾ی بەجێهێناوە، لەبەرئەوەی لەگەڵ کرداری یاریدەدەردا هاتووە، کەچی لە﴿89﴾دا دەشێت وەك﴿87﴾، یان﴿88﴾ شی بکرێتەوە، لەبەرئەوەی کرداری﴿هەبوون﴾ی بەواتای خاوەنێتی تێدایە، (تەواوکەری ئەم کردارەش هەردوو خەسڵەتی بەرکارو تەواوکەری بکەری کەمە، هەربۆیە هەندێك زمانەوان[54] بە بەرکاری لەقەڵەم

52- محەمەد مەعروف فەتاح، 1990، 54.

53- نووسینی ئەم هێمایانە بەپێی نووسینی دروستەی ڕستە کوردییەکان لەڕاستەوە بۆ چەپ نووسراون.

54- بڕوانە: کوردۆییف، 1984، 272.

دەدەن‌و وەك كـرداری تێپـەڕ تەماشـای دەكـەن، كەچـی هەنـدێكی تریـان[55] بـە تەواوكـەری گـوزارەی دەزانـن‌و وەك كـرداری یاریـدەدەر سـەیری دەكـەن)[56]. لـە﴿90﴾یشـدا ئـەركی ئـەدڤێربلی بینیـوە، كەدەشێت لابرێت، لەكاتێكدا لە﴿87، 88، 89﴾دا ڕێگە بەو لابردنە نادرێت، بێ تێكدانی دروسـتە، یان گۆڕینی كرۆكی واتای كردارەكە.

3. ڕستەكانی﴿91، 92﴾ لەڕووی فرێز پێكهێنانەوە هـەر ئـەو دروسـتەیەیان هەیـە﴿NP + AdjP + V﴾، فرێزی ئاوەڵنـاوی﴿زۆر جوان﴾ لەڕسـتەی﴿91﴾دا تەواوكـەرە و بـەلابردنی یـان دروسـتەكە تێكدەدات، بڕوانە﴿95﴾، یان كرۆكی واتای فەرهەنگیی كردارەكە دەگۆڕێت، بڕوانـە﴿96﴾، كەچـی لەڕسـتەی﴿92﴾دا دەشـێت لابرێـت بـەبێ تێكـدانی دروسـتەو گـۆڕانی كرۆكـی واتـای ڕسـتەكە، بڕوانە﴿97﴾.

95- أ- خانووەكە زۆر جوان بوو.

ب- ?* خانووەكە بوو.

96- منداڵەكە بوو.

97- منداڵەكە دەڕوات.

4. بەهـەمان پێـڕەو ڕسـتەكانی﴿93، 94﴾ یاسـای دروسـتەی فرێزییـان یەكـە﴿NP + NP + PP + V﴾، بـەلام لـەوەدا لەڕسـتەكانی﴿91، 92﴾دا جیـاوازن، كـە دروسـتەیەكی تێپـەڕیان هەیـە. واتـە فرێزی ناویی بەركار لەدروستەكەیاندا هەیە. سەبارەت بە فرێزە پێشناوییەكەش لەڕستەی﴿93﴾دا سەربارەو لادەبرێت، بڕوانە﴿98﴾، كەچی لە﴿94﴾دا تەواوكەرەو لانابرێت، بڕوانە﴿99﴾.

98- من تۆ دەناسم.

99- * من تۆ دەزانم.

ئەم شیكردنەوەو لێكدانەوانە دەمانگەیەنێتە ئەو بۆچوونەی، كە(پەسەنكردنی ڕستە لەڕوانگەی پێكهاتەی فرێزەوە زۆر وورد نییە)[57]. بۆ نموونە ئاستی ڕیزبوونی ڕستەكانی﴿87، 88، 89، 90﴾ وەك یەكە، كەچی ڕستەیەكی وەك﴿99﴾ كەهەر ئەو ئاستی ڕیزبوونەی هەیە﴿NP + NP + V﴾ ناڕێزمانییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە(كاتێك ڕستە لەڕووی فۆڕمەوە بۆ ئاستی فرێز دابەشدەكەین، دەبێت بزانین ئەو فرێزە چ ئەركێك لەڕستەدا دەبینێت)[58]، چونكە وەك لەبەراوردكردنی ڕستەكانی﴿87، 88، 89، 90﴾،﴿91، 92﴾،﴿93، 94﴾دا دەردەكەوێت، هیچ پێوەندییەكی پێكهەڵی(تەتابوقی) لەنێوان كەتیگۆریی سینتاكسی (فرێز)و كەتیگۆریی ئەركدا نییە.(بەدەر لەفرێزی

55- بڕوانە: مەحمود فەتحوڵلا ئەحمەد، 1988، 75.

56- Huddleston 1984:189.

57- Aarts & Aarts 1982:129.

58- سەرچاوەی پێشوو.

کرداری کەبەنەگۆڕی ئەرکی﴿کردار﴾ دەبینێت، واتە کردارێك کەدەبێتە سەری فرێزێکی کرداری پێوەندییەکە یەك بەیەکە)[59]، بڕوانە﴿100﴾.

100- منداڵەکە خەوت.

| | | |
|---|---|---|
| NP | VP | لەڕووی کەتیگۆریی سینتاکسییەوە |
| بکەر | کردار | لەڕووی کەتیگۆریی ئەرکەوە |

## 3-1 دروستەی ڕستە لەڕوانگەی کەتیگۆریی ئەرکییەوە

ئەرکی ڕەگەزەکانی ڕستە لەشیکردنەوەی دروستەی ڕستەدا گرنگە، چونکە شوێنی ڕیزبوونی وشە لەڕستەدا گرنگە، بڕوانە﴿101﴾.

101- أ- ئەو کراسەکە دەشوات.

ب- * کراسەکە ئەو دەشوات.

پ- * دەشوات کراسەکە ئەو.

(دۆخی ڕێزمانی بەو چەند جێکەوتە چەسپاو نەگۆڕە دەدرێت، کەئەرکی ڕێزمانی گونجاوی ڕەگەزەکانی ڕستە بەجێدەهێنن، بۆیە پێویستە ڕەگەزەکان لەجێگە ڕاستەکانی خۆیاندا بن)[60]، تەنانەت ئەگەر ڕەگەزی (بکەرو بەرکار لەدروستەی ڕستەدا ڕێگە بەئاڵوگۆڕکردنی بدرێت، ئەوا جیاوازییەکی زۆر لەواتادا دێتە ئاراوە، ئەمەش بەڵگەیە، بۆئەوەی چۆن واتای فەرهەنگی گرنگە، بەهەمان شێوە واتای دروستەش گرنگە)[61]، بڕوانە﴿102، 103﴾. لەبەرئەوە لەپەسەنکردنی دروستەی ڕستەدا پێویستە جیاوازی لەنێوان ئەرکی ڕەگەزەکانی ڕستەدا بکەین، کە﴿بکەر، بەرکار، تەواوکەر، ئەدڤێربڵ، کردار﴾ دەگرێتەوە.

102- خاوەنماڵ دزەکەی گرت.

103- دزەکە خاوەنماڵی گرت.

ڕستە لەڕووی ئەرکی ڕەگەزەکانییەوە دەتوانرێت لەڕوانگەی سینتاکسیو سیمانتیکییەوە شیبکرێتەوە، لەم کارەدا بەشێوەیەکی سەرەکی جەخت لەپێوانە سینتاکسییەکان کراوە، بەلاّم لەبەڵگە هێنانەوەکاندا پشت بەئەگەری سیمانتیکیش بەستراوە. بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی ئەم ڕستانە بدەین:

104- پیاوەکە دەرگاکەی کردەوە.

105- ڕەشەباکە دەرگاکەی کردەوە.

106- کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە.

(ڕەگەزی﴿پیاوەکە، ڕەشەباکە، کلیلەکە﴾ لەڕووی ئەرکی سینتاکسییەوە بکەرە، بەلاّم لەڕووی ڕۆڵی سیمانتیکییەوە جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە،﴿پیاوەکە﴾ لە ڕستەی﴿104﴾دا بکەری ڕاستەقینە (کارا)یە،

---

59- Fattah 1997:189.

60- محەمەدی مەحوی، 2001، 129.

61- Fattah 1997:189.

بەلاَم﴿ڕەشەباكە﴾لەڕستەی﴿105﴾دا هۆكاری كردنەوەی دەرگاكەیە، كەچی﴿كلیلەكە﴾ لەڕستەی﴿106﴾دا ئامێرێكە بۆ كردنەوەی دەرگاكە)[62].

پێوانە سینتاكسییەكان كە بۆ ئەركی سینتاكسی تاقیدەكرێنەوە بەشێوەیەكی گشتی دوو جۆرن[63]، یەكەمیان لەسەر بنەمای خاسیەتی تێبینیكراو وەك نیشانەی ڕێككەوتن لەنێوان بكەر و كرداردایە. چونكە بكەر و كردار لە كەس و ژمارەدا ڕێكدەكەون، بڕوانە﴿107﴾.

107- أ- كوڕەكە هات.Ø

ب- كوڕەكان هاتن.

جۆری دووەمیشیان لەسەر بنەمای خاسیەتی تێبینینەكراو كە ئەوانەن، دەرناكەون، بەلاَم دەتوانرێت وایان لێبكرێت، بەهۆی هەندێك تاقیكردنەوەی ڕێزمانییەوە ببینرێت، بۆ نموونە ئەو ڕەگەزانەی دەتوانرێت لەجێگەی یەكتر دابنرێن، وەك بەركاری ڕاستەوخۆ كە لەدروستەی دیاردا دەبێتە بكەر لەدروستەی نادیاردا. كەئەمەش دەتوانرێت وەك تاقیكردنەوەیەكی ڕێزمانی بۆ ناسینەوەو جیاكردنەوەی بەركار وەك خالێك سوودی لێببینرێت، بڕوانە﴿108﴾.

108- أ- ئەوان منیان هێنا.

بەركار

ب- من هێنرام.

بكەر

## 1-3-1 بكەرو گوزارە

دروستەی ڕستەی سادە لەڕووە دێرینەكەیەوە بۆ دوو كەتیگۆریی ئەركیی سەرەكی دابەشدەبێت، كە بكەرو گوزارەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە بەگوێرەی ڕەگەزەكانی ڕستە﴿بكەر﴾ لە﴿كردار و بەركار و تەواوكەر و ئەدڤێربڵ﴾ جیاكراوەتەوە، بڕوانە﴿109﴾، ئەم دابەشبوونە زیاتر پێوەندیی بەلۆجیكەوە هەیە، وەك لەوەی پێوەندیی بەدروستە ڕاستییەكانی ڕێزمانەوە هەبێت، بەم جۆرە بكەر وەك پێكهاتەیەك دەناسرێت، كەپێناسەی باسی ڕستەكە دەكات، واتە ئەوەی ڕستەكە لەبارەیەوە دەدوێت، بەلاَم گوزارە ئەوەیە، كە لەبارەی بكەرەوە دەوترێت[64].

109- أ- كوڕەكە خێرا هات.

ب- ژنەكە جل دەشوات.

پ- من تۆ بە ئازا دەزانم.

بكەر گوزارە

---

62- نایف خرما، 1979، 140.

63- Aarts & Aarts 1982:131.

64- Quirk etal 1985:78.

لەهەندێك ڕێبازدا (ئەدڤێربل بەئەركێكی سەربەخۆی ڕستە دادەنرێت، واتە ڕستە لە﴿بكەر، گوزارە، ئەدڤێربل﴾ پێكدێت)[65]، بۆ نموونە (لەتیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا﴿1957-1965﴾ ئەدڤێربل لەهێلكاریی ڕستەدا بەلقێكی سەربەخۆ ئاماژەی بۆ دەكرێت، بەو واتایەی ئەدڤێربلەكە بۆ تەواوی ڕستەكە دەگەڕێتەوە)[66]، بڕوانە﴿110﴾.

110- كوڕەكە خێرا هات.

بكەر ئەدڤێربل گوزارە

زاراوەكانی بكەر، ئەدڤێربل، گوزارە(تەواوكەر، كردار) ئەوە نیشاندەدەن، كە لەناو دروستەی ڕستەدا فاكتەری ئەركین، كە پەیوەندیی ڕێزمانیی نێوان پێكهاتەكانی دروستەی ڕستە دەخەنەڕوو.

ئەركی ئەدڤێربل لێرەدا بەپێچەوانەی تەواوكەرەوە، سەربارە، واتە ئەو ئەدڤێربلانەی دەشێت لابرێن بەبێ تێكدانی دروستە، یان گۆڕانی كرۆكی واتای كردارەكە، بڕوانە﴿111﴾، چونكە ئەگەر (ئەدڤێربلێك ئەركی تەواوكردن ببینێت، ئەوا تەواوكەرە و بەئەدڤێربلی بەخورتی ناودەبرێت)[67] و دەچێتە ناو گوزارەكەوە، بڕوانە﴿112﴾ .

111- أ- منداڵەكە لەبێشكەدا دەخەوێت.

ب- منداڵەكە دەخەوێت.

112- أ- چێشتخانەكە لە خوارەوەیە.

ب- * چێشتخانەكە .... یە.

ئەركی تەواوكەر كەپەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەكردەی تەواوكردنەوە هەیە، وەك پێكهاتەی گوزارە كەبەشێكی بەخورتی ڕستەیە، بۆ ئەو ڕەگەزە دەگەڕێتەوە، كە لەناو پێكهاتەی گوزارەدایە، نەك گوزارەكە خۆی، بۆ نموونە (هەبوون و نەبوونی تەواوكەر بەهۆی كردارە فەرهەنگییەكەی ناو فرێزە كردارییەكەوە دیاری دەكرێت، نەك فرێزە كرداریيەكە خۆی)[68]، بڕوانە﴿113﴾.

113- أ- منداڵەكە دەخەوێت. - تەواوكەر

ب- منداڵەكە چۆلەكە دەگرێت. + تەواوكەر

### 1-1-3-1 جیاوازیی نێوان تەواوكەر و سەربار

تەواوكەر و سەربار لەدروستەی ڕستەدا لەڕوانگەی تایبەتمەندیی سینتاكسی و سیمانتیكییەوە جیاوازن، لێرەدا چەند پێوانەیەكی دیارو گرنگ بۆ جیاكردنەوەی تەواوكەرو سەربار لەیەكتری دەخەینەڕوو[69]:

---

65- Aarts & Aarts 1982:127.

66- بۆ زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە دیار عەلی كەمال، 2002، 54.

67- Quirk etal 1985:55.

68- Aarts & Aarts 1982:136.

69- سوودمان لە﴿ Huddleston 1984:177 و Fattah 1997:239 ﴾ بینیوە.

**یەکەم: هاتنی تەواوکەر لەڕستەدا بەندە بە هاتنی ئەو کردارە، یان ئاوەڵناوەی لەوەچەپۆلێکی گونجاودایە، لەکاتێکدا ئەم سنووردارییە وەك پێوانەیەك بۆ هاتنی سەربار نییە، بۆ نموونە لەوەچەپۆلی کرداردا﴿دەخەوێت﴾ تێنەپەڕە، لەبەرئەوە پێویستی بەتەواوکەر لەجۆری بەرکار نییە، بڕوانە﴿114﴾، بەڵام﴿دەشوات﴾ تێپەڕە، لەبەرئەوە پێویستی بەبەرکارە، بڕوانە﴿115﴾.**

**114- أ- منداڵەکە دەخەوێت.**

**ب- * منداڵەکە دایکەکە دەخەوێت.**

**115- أ- دایکەکە جل دەشوات.**

**ب- * دایکەکە .... دەشوات.**

**واتە تەنیا وەچەپۆلێك لەکردار، کە بەتێپەڕ ناونراوە، تەواوکەر لەجۆری بەرکار وەردەگرێت، بەڵام وەچەپۆلێك نییە، کەبڕیتە پێوانە بۆ ئەوەی کەئایا سەرباری لەگەڵدا بێت، یان نەیەت؟! بڕوانە﴿116﴾. واتە ئەو زانیارییە سینتاکسییەی کردار﴿یان ئاوەڵناو﴾ێکی تایبەت لەفەرهەنگدا دەیدات، ئەو تایبەتمەندێتییەی تێدایە، کەتەواوکەر وەردەگرێت، یان وەریناگرێت، بەڵام ئاماژە بەداواکردن، یان داوانەکردنی سەربار نادات[70].**

**116- أ- منداڵەکە لەبێشکەدا دەخەوێت.**

**ب- دایکەکە جل بەدەست دەشوات.**

**سەربار**

**دووەم: سەربار لەڕووی سینتاکسەوە لادەبرێت، چونکە لابردنی سەربار نابێتە هۆی ناڕێزمانی بوون، بەواتایەکی ڕوونتر دانانی سەربار لەڕستەیەکداو لابردنی هەر لەو ڕستەیەدا، وادەکات هەردوو ڕستەکە ڕێزمانی بن، چونکە دروستەی ناوەکییان پێکنەهێناوە، بڕوانە﴿117﴾، بەڵام تەواوکەر بەپێچەوانەی سەربارەوە بەخورتییە، لابردنی یان دەبێتە هۆی ناڕێزمانی بوونی ڕستەکە، بڕوانە﴿118﴾، یان ناوەرۆکی واتای کردار و ڕستەکە دەگۆڕێت[71]، بڕوانە﴿119﴾، چونکە (یەکێك لەتایبەتییە هەرەگرنگەکانی تەواوکەر ئەوەیە، کە کەرەستەیەکی پێویستە لەڕستەدا، بەواتای ئەوەی لەپلەی کردارو**

---

70- هاتنی جۆری سەربار پێوەندیی بەجۆری﴿کات، ئەسپێکت...﴾ی ناو فرێزە کردارییەکەوە هەیە، هەرچەندە یاسایەکی ڕێزمانی بۆ ئەمە هەیە بڕوانە﴿1، 2﴾، بەڵام ڕێگرییەکان وەچەپۆلی کردار لەڕووی فەرهەنگەوە لەخۆ ناگرن.﴿ Huddleston 1984:179﴾.

1- أ- سیروان هەفتەی پێشوو ڕۆیشتبوو.

ب- * سیروان هەفتەی پێشوو دەڕوات.

2- أ- سیروان هەفتەی داهاتوو دەڕوات.

ب- * سیروان هەفتەی داهاتوو ڕۆشتبوو.

71- وریاعومەر فرێزی پێشناوی لەم دوو ڕستەیەدا﴿أ- ئێمە ئەم کتێبەمان لەساڵی ڕابردوودا خوێند، ب- بەرام کتێبی بۆ خوشکت کڕی ﴾، بە تەواوکەر داناوە، بەڵام ئەمانە سەربارن، چونکە بەلابردنیان دروستەو کرۆکی واتای ڕستەکە ناگۆڕێت. بڕوانە﴿ Amin 1976:16-17﴾.

بکەردایەو لانابرێت بێ ئەوەی واتاو دروستەی ڕستەکە تێکنەدات)[72]. بەواتایەکی تر تەواوکەرو کردارەکە توندتر چوونەتە ناو دروستەی ڕستەکەوەو دروستەی ناوەکییان پێکهێناوە.

117- أ- منداڵەکە لەبێشکەدا دەخەوێت.

ب- منداڵەکە دەخەوێت.

118- أ- ئەوان ئۆتۆمبێلەکە دەشۆن.

ب- * ئەوان .... دەشۆن.

119- أ- ئەمڕۆ لەبەهار دەچێت.

ب- ئەمرۆ دەچێت.

سێیەم: ژمارەی تەواوکەر سنووردارە بەپێی جۆری ئەو کردار﴿یان ئاوەڵناو﴾ەی لەوەچەپۆلێکی گونجاودا داوای تەواوکەر دەکات، بڕوانە﴿120﴾، کەیەك تەواوکەری تێدایە، یان بڕوانە﴿121﴾، کەدوو تەواوکەری تێدایە، بەڵام ئەم سنوورداریە بۆ سەربار نییە، چونکە هیچ سنوورێکی ڕێزمانی بۆ ژمارەی سەربار لەدروستەی ڕستەدا نییە، بەڵکو هاتنی سەربار زیاتر بەمەبەستی سیمانتیك‌و شێوازەوە پابەندە، بۆ نموونە لەڕستەیەکدا دەشێت ژمارەیەك سەربار هەبن، بڕوانە﴿122﴾.

120- ئەوان ئوتومبێلەکە دەشۆن.

121- من تۆ بە ئازا دەزانم.

122- أ- من لەتەنیشت تۆوە دانیشتم.

ب- من لەخوارەوە لەتەنیشت تۆوە دانیشتم.

پ- من لەخواروە بەهێواشی لەتەنیشت تۆوە دانیشتم.

ت- من دوێنێ لەخوارەوە بەهێواشی لەتەنیشت تۆوە دانیشتم.

سەبارەت بەپۆلی ئەو فرێزەی ئەرکی تەواوکەر، یان سەربار دەبینێت، وەك خاڵێکی جیاوازی تێمان نەڕوانیوە، چونکە هەروەك چۆن فرێزی﴿ناوی، ئاوەڵناوی، پێشناوی، ئاوەڵکرداری﴾ دەتوانن ئەرکی تەواوکەر ببینن، بڕوانە﴿123، 124، 125، 126﴾، هەر بەو شێوە دەتوانن ئەرکی سەربار ببینن، بڕوانە﴿127، 128، 129، 130﴾، هەرچەندە بەپێی ئەو نموونانەی لەبەردەستدا بوون، لەڕووی بەرهەمدارێتییەوە فرێزی﴿ناوی، ئاوەڵناوی﴾ زیاتر تەواوکەرن، وەك لەوەی سەربار بن، لەکاتێکدا فرێزی﴿ئاوەڵکرداری، پێشناوی﴾یش زیاتر سەربارن، وەك لەوەی تەواوکەربن.

123- کارزان کتێبەکەی کڕی.

124- کارزان قەڵەو بوو.

125- ئوتومبێلەکە لەناو گەراجەکەدایە.

126- ئوتومبێلەکە زۆر خێرایە.

127- ئەم هەفتەیەی پێشوو کارزانم نەبینی.

---

72- مەحمود فەتحوڵلا ئەحمەد، 1988، 12.

128- کارزان جوان قسە دەکات.

129- کارزان ئوتومبێلەکە لەناو گەراجەکەدا دەشوات.

130- ئوتومبێلەکە زۆر خێرا گەڕایەوە.

### 1-1-1-3-1 سەربار

بەو ڕەگەزەی ڕستە دەوترێت، کەدەتوانرێت لەڕستەدا لاببرێت، بێ ئەوەی دروستەو کرۆکی ڕستەکە بشێوێنێت[73].

ژمارەیەکی زۆر لەجۆرەکانی سەربار جیاکراونەتەوەو ناسێنراون، هەرچەندە بنەمای جیاکردنەوەکە زۆرتر لەڕووی سیمانتیکەوەن وەك لەسینتاکس، بۆ نموونە(ئەدڤێربلەکانی﴿کات، شوێن، ئامێر، دووبارەبوونەوە...﴾ ئەرکی سەربار دەبینن)[74]، بڕوانە﴿131، 132، 133، 134﴾.

131- من دوێنێ گەڕامەوە.

132- منداڵەکە لەژوورەوە پێدەکەنێت.

133- من نامەکەم بەکۆمپیوتەر نووسی.

134- ڕێبوار هەمیشە دەبوورێتەوە.

وەك بەنموونەکاندا دیارەو لەجیاوازی نێوان تەواوکەرو سەرباریشدا خستمانەڕوو، سەربار دەشێت بەهۆی فرێزی﴿ناوی، ئاوەڵناوی، پێشناوی، ئاوەڵکرداری﴾یەوە بنوێنرێت.

سەبارەت بەجێکەوتەی ئەم سەربارانە لەڕستەکاندا، ئەوەی تێبینی دەکرێت، بەپێچەوانەی تەواوکەرەوە دەشێت پێش بکەر بکەوێت، بڕوانە﴿135﴾، یان پێش بەرکارو کردار بکەوێت، بڕوانە﴿136﴾، یان لەنێوان بەرکارو کرداردا دێت، بڕوانە﴿137﴾.

135- دوێنێ من گەڕامەوە.

136- من بەکۆمپیوتەر نامەکەم نووسی.

137- من نامەکەم بەکۆمپیوتەر نووسی.

لێرە بەدواوە زیاتر جەخت لەتەواوکەر دەکەین، وەك لەسەربار، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ پێوەندییان بەکردەی تەواوکردنەوە هەیەو زیاتر سەرەکین‌و بابەتی یاسا ڕێزمانییەکانن، لەجۆرە جیاوازەکانی تەواوکەریشدا بەگشتی، زیاتر پێ لەسەر سەرەکییەکان دادەگرین، کە بەڕوونی لەسەربار جیاوازن[75].

---

73- مەحمود فتحوڵلا ئەحمەد، 1988، 13.

74- بۆ زانیاری سەبارەت بە فراوانکردنی فرێزی کرداری بە سەربار، بڕوانە: مەحمود فەتحوڵلا ئەحمەد، 1988، 92، 96، 144، 153 و ئازاد ئەحمەد حسێن، 2001، 34-54.

75- سەربار لەچوارچێوەی بارێکی دیاریکراودا دەشێت وەك تەواوکەر لێکبدرێتەوە، بۆ نموونە لەگفتوگۆی نێوان دوو کەسدا کاتێك قسەکەر بەگوێگر بڵێت: - باوکت لەکوێ دەژی؟

گوێگر لەوەڵامدا دەڵێت: - باوکم لەهەولێر دەژی.

فرێزی پێشناویی﴿لەهەولێر﴾ لەم نێوانەدا بەخورتییە، چونکە بەلابردنی کرۆکی واتای کردارەکە دەگۆڕێت‌و دەبێت بە:-

باوکم دەژی. واتە گەرمی خوێن لەلەشیدا ماوە.

## 2-1-1-3-1 تەواوکەر

زاراوەی تەواوکەر[76] لەشیکردنەوەی ئەرکی ڕێزمانی ڕستەدا، بۆ پێکهاتە(ڕەگەز) سەرەکییەکانی ڕستەیەك بەکاردێت، هەروەك چۆن زاراوەی﴿بکەر﴾ بۆ ئەرکێکی ڕێزمانی تایبەت بەکاردێت. لەڕووە دێرین﴿تەقلیدی﴾ـەکەیەوە پێوەندیی بەو واتایەوە هەیە، کەکردارەکە سنووری بۆ داناوەو ئەرکەکەی دیاری کردووە. وەك لەڕێبازی دێریندا دیارە، پێناسەیەکی زۆر دیاریکراو بۆ تەواوکەر دانراوە، (بەجۆرێك تەنیا بۆ ئەرکی دروستەیەك بەکاردەهێنرێت، کەلەگەڵ کرداری یاریدەدەری﴿بوون﴾دا دێت)[77]، بڕوانە﴿138﴾ بۆ ئاماژەکردن بەو ڕەگەزەی ڕستەکە تەواودەکات، لەگەڵ کردارێکدا کەبەرکار وەرناگرێت[78]، بەڵام (تەواوکەر لەواتا فراوانەکەیدا واتایەکی زۆر گشتیو بڵاوی هەیە، بەجۆرێك کە خاسیەتی بەخورتی گوزارە دەردەخات)[79]، واتە ئەو بەشەی فرێزی کردارییە، کە لەناو ڕستەدا بۆ تەواوکردنی گوزارەکە پێویستە، بڕوانە﴿139﴾.

138- منداڵەکە قەڵەو بوو.

139- أ- ژنەکە جل دەشوات.

ب- کاوان بوو بەرۆژنامەنووس.

پ- کارزان لە کەیوان قەڵەوترە.

تراسك(Trask) [80] بەم جۆرە تەواوکەر دەناسێنێت: (ئەو پێکهاتەیەیە، کەلەگەڵ سەرێکی فەرهەنگی بەشێکی سەرەکی (ناوکی)ی کەتیگۆرییەك دروست دەکات، کە دەتوانرێت چەند بەشێکی لێببێتەوە بۆ ئەو سەرە فەرهەنگییە)، بڕوانە﴿140﴾.

140- ڕێزان کتێبەکە دەخاتە کتێبخانەکەوە.

فرێزی ناوی﴿کتێبەکە﴾و فرێزی پێشناویی شوێنی﴿ـەکتیبخانەکەوە﴾ تەواوکەری کرداری﴿دەخات﴾ـە، هەروەها فرێزی ناوی﴿کتێبخانەکە﴾ تەواوکەری پێشناوی﴿ـە ... ـەوە﴾یە، واتە ئەو کەتیگۆرییانەش کەکردار نین، بەڵکو لەسەروو کردارەوەن، وەك پێشناو پێویستیان بەتەواوکەرە، هەربۆیە (ئەو ڕەگەزەی لەلایەن پێشناوەوە حوکمدەکرێت بەتەواوکەری پێشناو ناودەبرێت)[81].

---

76- زاراوەی تەواوکەر لەبەشێکی سەرچاوە ڕێزمانییەکاندا کە بەکوردی نووسراون بەم جۆرە خراوەتەڕوو:-

1- تەواوکەر ئەو وشەو کۆمەڵە وشانەن کەبکەرو کردار نینو دەکەونە هەردوو بەشە سەرەکییەکانی ڕستەوە بۆ تەواوکردنی واتای بکەرو کردار. بڕوانە﴿مەحمود فەتحوڵلا ئەحمەد، 1988، 12﴾.

2- ئەو بەشە ناسەرەکییانەی هەردوو فرێزی ناویو فرێزی کردارییین، کەکەوتونەتە نێوانیان، بڕوانە﴿کوردستان موکریانی، 2000، 61﴾.

77- Hartmann & Stork 1972:248.


78- سەرچاوەی پێشوو.

79- Crystal 1991:65.

80- Trask 1993:5.

81- Crystal 1992:75.

تەواوکەر لەڕێزمانی بەرهەمهێناندا لەڕوانگەی تیۆری ئێکس بار﴿X-bar﴾ەوە لەڕووی فۆڕمەوە پێناسە دەکرێت، وەك ئەو کەتیگۆرییەی خوشکی کەتیگۆریی فەرهەنگی﴿$X^0$ ﴾ zero level، کەدەکاتە کچی پرۆژەی یەك باری ئێکس بار﴿One bar-projection x-bar﴾[82].




ڕادفۆرد(Radford)[83]یش تەاوکەر بەشێوازێکی تر لێکدەداتەوە، بەجۆرێك گوزارشتێکە، (وشەی سەر دەخاتە دروستەیەکی گەورەتر لەجۆری سەر)، بۆ نموونە لەڕستەی﴿140﴾دا فرێزی ناویی﴿کتێبەکە﴾ وەك تەواوکەرێك کرداری﴿دەخات﴾ دەخاتە دروستەیەکی گەورەترەوە، کەفرێزی کرداری﴿کتێبەکە دەخات﴾ی پێکهێناوە، یان تەواوکەری پێشناوی﴿کتێبخانە﴾ پێشناوی﴿ـە ... ەوە﴾ دەکات بەفرێزی پێشناویی﴿ـە کتێبخانەکەوە﴾.

ئەگەر لەڕوانگەی کردەی تەواوکردنیشەوە سەرنجی تەواوکەر بدەین، ئەوا مەبەست لەو ڕەگەزانەیە، کەلەگەڵ کردار، یان ئاوەڵناودا دێن و دروستەو واتای گوزارەی ڕستەکە تەواودەکەن. چونکە وەك پێشتر خستمانەڕوو، تەواوکەر لانابرێت، لەبەرئەوەی یان دروستەکە نارێزمانی دەکات، یان کرۆکی واتای ڕستەکە دەگۆڕێت و لەمەبەستی قسەکەر دووردەکەوێتەوە، بگەڕێرەوە بۆ﴿118، 119﴾.

## 1-2-1-1-3-1 جۆرەکانی تەواوکەر

لەکردەی تەواوکردندا بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت سێ جۆری سەرەکی تەواوکەر لەیەکتر جیابکرێتەوە[84]:-

1- تەواوکەری ناو دروستەی ڕستە، کەمەبەست لەتەواوکەری کردارە، وەك﴿بەرکار، تەواوکەری گوزارە، ئەدڤێربلی بەخورتی﴾ کەکردار تەواودەکەن[85].

2- تەواوکەری ئاوەڵناو، مەبەست لەو تەواوکەرانەیە، کەئاوەڵناو تەواودەکەن[86].

3- تەواوکەری پێشناو[87].

تەواوکەر لەڕووی سەربەخۆیی هاتنیەوە لە دروستەی ڕستەدا، دەتوانرێت دوو جۆری لێجیابکرێتەوە[88]:

---

82- Trask 1993:51.
83- Radford 1997:256.
84- Leech & Svartvik 1994:259.

85- بۆ زانیاری لەبارەی کردار تەواوکردنەوە، بڕوانە بەشی دووەمی ئەم نامەیە.

86- بۆ زانیاری لەبارەی ئاوەڵناو تەواوکردنەوە، بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم نامەیە.

87- بۆ زانیاری لە بارەی تەواوکەری پێشناوەوە، بگەڕێرەوە بۆ ل﴿18، 19﴾ی ئەم نامەیە.

88- Aarts & Aarts 1982: 138.

1- **تەواوکەری تەنیا:** مەبەست لەو تەواوکەرانەیە، کە لەڕستەدا بەتەنیا دەردەکەونو خۆیان بەتەنیا دەتوانن سەر تەواوبکەن، وەك بەرکاری ڕاستەوخۆو تەواوکەری بکەرو ئەدڤێربلی بکەر، بڕوانە﴿141، 142، 143﴾.

141- من کراسێکم کڕی.

142- کارزان زیرەك بوو.

143- ئەمڕۆ لەبەهار دەچێت.

2- **تەواوکەری پێوەند:** ئەم جۆرەی تەواوکەر بەپێچەوانەی جۆری یەکەمەوە، خۆیان بەتەنیا لەکردەی تەواوکردندا بەکارناهێنرێن، بەڵکو دەبێت ڕەگەز(تەواوکەر)ێکی تری لەگەڵدابێت، بۆئەوەی پێوەندیی پێوە ببەستێتو بۆی بگەڕێتەوە، وەك تەواوکەری بەرکارو ئەدڤێربلی بەرکار، کە لەگەڵ بەرکاردا دێن، بڕوانە﴿144، 145﴾.

144- أ- من تۆ بەئازا دەزانم

ب- * من بەئازا دەزانم

145- أ- منداڵەکە بەردێکی گرتە چۆلەکەکە.

ب- * منداڵەکە گرتە چۆلەکەکە.

(فۆرمی تەواوکەر لەڕووی هاتنیەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان بەیاریدەی پێشناو دوو جۆری لێجیادەکرێتەوە)[89] بەواتایەکی تر کردەی تەواوکردنەکە لەرێی کەتیگۆریی سینتاکسی﴿فرێزی ناوی، یان فرێزی ئاوەڵناوی...﴾ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەر تەواودەکەن، بڕوانە﴿141، 142﴾، یان بەیاریدەی فرێزە پێشناوییە تەواوکەرەکە لەدروستەکەدا دەنوێنرێت، بڕوانە﴿143﴾، چونکە ئەگەر بەیاریدەی پێشناو تەواوکەرەکە بنوێنرێت، ئەوا پێشناوەکە حوکمکەرەو دۆخ بەتەواوکەرەکەی دەدات، بەڵام ئەگەر بێ یاریدەی پێشناو تەواوکەرەکە بنوێنرێت، ئەوا یان لەکردارەکەوە دۆخ وەردەگرێت، وەك بەرکار، یان لەرێی بەستنەوە تەواوکەر بەکردارەوە دەبەسترێت، وەك ڕەگەزی تەواوکەری بکەر، کەلەگەڵ کرداری یاریدەدەردا دێت[90].

## 2-3-1 کردەی تەواوکردن

زاراوەی کردەی تەواوکردن بۆ ئەرکی بەشێك لەفرێز، یان دروستەی ڕستە بەکاردەهێنرێت، کەئاماژە بەو دارشتەیە دەدات، کە بۆ تەواوکردنی دروستەو واتای گوزارەکەیان لەگەڵ کردار، یان ئاوەڵناودا دێت[91]، بڕوانە ﴿146، 147﴾.

146- ژنەکە جل دەشوات.

89- مەحمود فەتحوڵلا ئەحمەد، 1988، 12.

90- بۆ زانیاری لەم بارەیەوە، بڕوانە تەواوکردنی کرداری یاریدەدەر لە ل﴿41﴾ی ئەم نامەیەدا.

91- سوود لە﴿Quirk etal 1985:65,1150 و Alexandar1988:271﴾ وەرگرتووە.

147- ژنەكە بۆ منداڵەكانی بەپەرۆشە.

كرداری«دەشوات»و ئاوەڵناوی«بەپەرۆش» هەردووكیان تاڕادەیەك لەوەدا لەیەكدەچن، كەتەنیا بەبكەری«ژنەكە» واتای تەواو بەدەستەوە نادەن، بەڵكو بۆ تەواوكردنی واتاكانیان لەدروستەی ڕستەدا پێویستیان بەڕەگەزی«حل، بۆ منداڵەكانی» دەبێت. واتە واتای ڕستەكە ناتەواو دەبێت، هەتاكو ڕەگەزی تەواوكردنەكە دیارینەكرێت.

ئەو پێكهاتانەی تەواوكردن، كە بۆ تەواوكردنی كردار، یان ئاوەڵناو پێویستن، زۆر جار بەهۆی ئەوەی كەئەمان كەرەستەیەكی سەرەكیو بەخورتیین لەڕستەدا لەسەربار جیادەكرێنەوە[92]. بەلابردنیان دروستەكە ناڕێزمانی دەبێت. یان كرۆكی واتای ڕستەكە دەگۆڕێت، بەپێچەوانەی سەربارەوە كەكەرەستەیەكی سەرپشكییەو لابردنی نەدەبێتە هۆی ناڕێزمانی بوونی ڕستەو نەكرۆكی واتای ڕستەكە دەگۆڕێت، چونكە چەمكی كردەی تەواوكردن هەموو ئەو سیما بەخورتییانە دەگرێتەوە، كەبۆ سەری گوزارەی ڕستە دەگەڕێنەوە[93].

---

92- Celce-Murcia & Larsen- Freeman 1999:629.

93- بۆ زانیاری زیاتر، بگەڕێرەوە بۆ جیاوازیی نێوان تەواوكەرو سەربار لە ل«26»ی ئەم نامەیەدا.

# بەشی دووەم

# کردار تەواوکردن

# بەشی دووەم

# 2- کردار تەواوکردن

## 2-1 سەرەتا

**لەم بەشەدا هەوڵدراوە لەڕوانگەی کردەی تەواوکردنەوە، لەجۆری کردارو تەواوکەرەکەیو ئەو دروستە سینتاکسییەی کردار لەڕستەدا بەرهەمیدێنێت، بکۆڵرێتەوە. بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش پۆلی کردار بەگوێرەی داواکردنی جۆری تەواوکەرەکەی لەڕووی ژمارەو ئەو کەتیگۆرییە سینتاکسییەی تەواوکردنەکە دەنوێنێت، بەسەر چەند وەچەپۆلێکدا دابەشکراوە. ئەندامەکانی هەر وەچەپۆلێك خاوەنی هاوخاسیەتیو تایبەتمەندیی خۆیانن، هەر وەچەپۆلێکیش بۆخۆی شێوە دروستەیەکی ڕستە(قاڵب) بەرهەمدێنێت.**

**(کردار وەك سەری ڕستە لەدروستەی قووڵدا ڕۆڵی سیمانتیکی بەکەرەستەکانی تر دەداتو لەدروستەی ڕووکەشدا بەپێی جۆری کردارەکە دۆخی ڕێزمانییان پێدەدات ، ئەمەش بەپێی بنەمای دۆخی ڕێزمانی، کەلەهەموو زمانە سروشتییەکاندا هەیە، بەڵام لەهەندێك زماندا وەك مۆرفیم دەردەکەونو لەهەندێکی تردا (وەك کوردی) نەدەردەکەونو نەلەشێوەی گۆڕینی ناوەکی فرێزەکاندا بەرجەستە دەبن)[1].**

**جۆری کردار ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەهەڵبژاردنی(سینتاکس)و جۆر(سیمانتیك)[2]ی تەواوکەرەکانی، بەمەش جۆری دروستەی ئەو ڕستەیەی بەبەرهەمیدێنێت، وەك بنەمایەك بەستراوە بەجۆری ئەو کردارەی دەبێتە سەری فرێزی کرداری ڕستەکە. بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە﴿1﴾ دەبینین گوزارەی ئەم ڕستەیە لەکرداری﴿دەخەوێت﴾ پێکهاتووە، بەڵام هەموو کردارەکان ناتوانن لەڕستەدا بەم شێوە بێن، واتە بەتەنیا ببنە گوزارەی ڕستەکە. بۆ نموونە کردارەکانی﴿دەکڕێت، لەقەڵەمدەدات﴾ بەتەنیا گوزارەیەکی ناتەواو پێکدەهێننو ناتوانن هەموو بەشی گوزارەکە تەواوبکەن، بڕوانە﴿2﴾، بۆیە بۆ تەواوکردنیان بەناچاری پێویستە ڕەگەزێك، یان زیاتر بۆ ناو گوزارەکەیان زیادبکرێت، کەکردارەکە هەڵیدەبژێرێتو داوای دەکات، بڕوانە﴿3﴾.**

**1- کارزان دەخەوێت.**

**2- أ- * کارزان دەکڕێت.**

**ب- * کارزان لەقەڵەمدەدات.**

---

1- محەمەدی مەحوی، 2001، 155، 176.

2- مەبەست لەجۆری تەواوکەر، ڕێککەوتنی پێوەندیی واتایی نێوان کردارە لەگەڵ تەواوکەرەکانیدا، بۆ نموونە کرداری﴿دەشوات﴾ بەرکارێك لەجۆری﴿+ بەرجەستە﴾ هەڵدەبژێرێت، بڕوانە﴿أ﴾، بەڵام ئەگەر نیشانەی﴿- بەرجەستە﴾ بێت، ئەوە ئەگەرچی ڕستەکە لەڕووی ڕێزمانەوە ڕێگەی پێبدرێت، بەڵام لەڕووی واتاوە ناپەسەند دەبێتو بەڕستە ئەژمارناکرێت. بڕوانە ﴿ب﴾.

أ- ژنەکە جل دەشوات.

ب- ؟ * ژنەکە خەم دەشوات. بۆ زانیاری لەم بارەیەوە، بڕوانە: یوسف شەریف سەعید، 1990، 37 و ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، 2002، 15.

3- أ- کارزان گۆشت دەکڕێت.

ب- کارزان منداڵەکە بەزیرەك لەقەڵەمدەدات.

## 2-2 کردارو ڕەگەزەکانی

ژمارەو جۆری ڕەگەزەکانی کردار لەڕێی هێزی کردارەوە دیاریدەکرێن[3]، چونکە هەر کردارێك بەپێی هێزی کردارەکە وەچەکەتیگۆری دەکرێت[4]، بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی بەراوردکردنی کردارەکانی﴿دەکەوێت، دەشوات، لەقەڵەمدەدات...﴾ لەدروستبوونی ڕستەدا بدەین، ئەوە دەردەکەوێت، کەچۆن بەرهەمهاتنی ڕستە پشت بەجۆری کردار دەبەستێت. ﴿دەکەوێت﴾ کردارێکی یەك هێزییەو تەنیا ڕەگەزی بکەری پێویستە، بڕوانە﴿4﴾، بەلاَم﴿دەشوات﴾ دوو هێزییەو دوو ڕەگەزی بکەرو بەرکاری پێویستە، بڕوانە﴿5﴾، کەچی﴿لەقەڵمدەدات﴾ سێ هێزییەو سێ ڕەگەزی بکەرو بەرکارو تەواوکەری بەرکاری پێویستە، بڕوانە﴿6﴾.

4- أ- کارزان دەکەوێت.

ب- * کارزان کوڕەکە دەکەوێت.

5- أ- کارزان ئوتومبێلەکە دەشوات.

ب- * کارزان ... دەشوات.

پ- * کارزان بەئوتومبێلەکە دەشوات.

6- أ- کارزان منداڵەکە بەزیرەك لەقەڵمدەدات.

ب- * کارزان ... بەزیرەك لەقەڵەمدەدات.

پ- * کارزان منداڵەکە... لەقەڵەمدەدات.

ت- * کارزان منداڵەکە زیرەك لەقەڵەمدەدات.

ج- * کارزان بەمنداڵەکە بەزیرەك لەقەڵەمدەدات.

ڕەگەزی بکەر(کارزان) لەهەموو ڕستەکاندا بوونی هەیە، بەلاَم بوونی ڕەگەزەکانی تر بەپێی جۆری کردارەکە دەگۆڕێت. کرداری﴿دەکەوێت﴾ تێنەپەڕە، لەبەرئەوە ڕەگەزی بەرکار وەرناگرێت، بڕوانە﴿4- ب﴾،کرداری﴿دەشوات﴾ پێویستی بەپێکهاتەیەکی تایبەتی لەجۆری فرێزی ناوی هەیە، لەبەرئەوە بەنەهاتنی، یان بەگۆڕینی بۆ جۆرە فرێزێکی تر دروستەکە نارێزمانی دەکات، بڕوانە﴿5- ب، پ﴾، کەچی کرداری﴿لەقەڵەمدەدات﴾ پێویستی بەفرێزێکی ناویو فرێزێکی پێشناوییە، لەبەرئەوە بەهاتنی یەکێکیان، یان بەگۆڕینی جۆری فرێزەکانی، ڕستەکە نارێزمانی دەبێت، بڕوانە﴿6- ب، پ، ت، ج﴾[5].

---

3- بڕوانە: ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، 1994، 64 و Crystal 1992:408.

4- Trask 1993:296.

5- سوودم لە(Haegeman & Gueron 1999:21-24) وەرگرتووە.

## 3-2 ئەو ڕەگەزانەی کردار تەواودەکەن

لەدروستەی ڕستەدا هەریەك لەڕەگەزەکانی﴿بەرکار، تەواوکەری گوزارە، ئەدڤێربڵی بەخورتی﴾ کەئەرکی تەواوکردنی کردار لەئەستۆ دەگرن، بۆ دوو کەتیگۆریی وەچەئەرکی دابەشدەبن[6].

بەرکار — تەواوکەری گوزارە — ئەدڤێربڵی بەخورتی

ڕاستەوخۆ ناڕاستەوخۆ تەواوکەری بکەر تەواوکەری بەرکار[7] ئەدڤێربڵی بکەر ئەدڤێربڵی بەرکار

هەندێك زمانەوان[8] زاراوەی تەواوکەر لەدروستەی ڕستەدا بەجۆرێك بەرفراوان دەکەن، کەبکەریش لەخۆبگرێت، بۆ نموونە ئەگەر کردارێك یەك تەواوکەری ویست، ئەوا بکەرە، وەك کرداری تێنەپەڕ، بڕوانە﴿7﴾، بەلاّم ئەگەر دوو تەواوکەری داواکرد، ئەوا یان بکەرو بەرکارە، یان بکەرو تەواوکەری بکەرە...، بڕوانە﴿8﴾، بەلاّم ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەداین، کەبکەر تەواوکەر نیە[9]، بەبەڵگەی ئەوەی هەموو فرێزێکی کرداری داوای بکەر دەکات. واتە دابەشبوونی کردار لەفەرهەنگدا لەڕوانگەی داواکردنی بکەرەوە بەسەر چەند وەچەپۆلێکدا دابەشنەبوون، بەلاّم سیستەمی کردار بەگوێرەی داواکردن، یان داوانەکردنی ژمارەو جۆری تەواوکەرەکەی بەسەر چەند وەچە پۆلێکدا دابەشبوون[10].

7- کوڕەکە خەوت.

8- أ- کوڕەکە ئوتومبێلەکەی شت.

ب- کوڕەکە زیرەك بوو.

سەبارەت بەو ڕەگەزەی لەڕێزمانی کوردیدا بەبەرکاری ناڕاستەوخۆ لەقەڵەمدراوە[11] لەگەڵ بۆچوونی محەمەد مەعروف داین[12]، لەوەدا کەوای دادەنێت جیاوازی سینتاکسی لەگەڵ سەربار(ئەدڤێربڵ) قورسە ببینرێت، یان هەستی پێبکرێت، بەپشت بەستن بەم بەڵگانەی خوارەوە:

1- هەردووکیان لەڕووی دروستەوە فرێزی پێشناوین، بڕوانە﴿9﴾.

9- أ- ئەوان نامەکە لەئێمە وەردەگرن.(بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

ب- سیروان بەکوڕەکە پێدەکەنێت. (ئەدڤێربڵ)

---

6- Quirk etal 1985:719.

7- بەرامبەر زاراوەی تەواوکەری بکەر گوزارەی بکەر(Subject Predicative) و بەرامبەر تەواوکەری بەرکار گوزارەی بەرکار(Object Predicative) بەکاردەهێنرێت. بڕوانە: ﴿Biber etal 1999:145, 151﴾.

8- بڕوانە:﴿Gramely & Pätzold 1992:135.﴾.

9- ﴿ سەباح رەشید قادر، 2007، 17﴾ بکەری بە تەواوکەر دانەناوە.

10- بۆ زانیاری لەم بارەیەوە، بڕوانە: جۆرەکانی کردار تەواوکردن لە ل﴿39﴾ی ئەم نامەیەدا.

11- بڕوانە: لیژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕ، 1976، 195.

12- محەمەد مەعروف فەتاح، 1992، 10و Fattah 1997:224.

2- هەردووكیان دەشێت بەجێناو جێگیر بكرێن، بڕوانە﴿10﴾.

10-أ- ئەوان نامەكەمان لێوەردەگرن.

ب- سیروان پێی پێدەكەنێت.

3- هەردووكیان توانای جێگۆڕكێیان هەیە، بەتایبەتی كە بكەر لەدروستەكەدا دەرنەكەوێت، بڕوانە﴿11﴾.

11-أ- نامەكە وەردەگرن لەئێمە.

ب- پێدەكەنێت بەكوڕەكە.

4- لەدروستەی ڕستەدا دەشێت زیاتر لەفرێزێكی پێشناوی لەم جۆرە هەبن، بڕوانە﴿12﴾، ئەمەش جێگەی گومانە، كەبەركاری ناڕاستەوخۆ بێت، چونكە ڕێزمانی سەراپا ئەوە دەردەخات، كەشتی وا لەزماندا نابێت.

12-ئەوان نامەكە لەئێمە بۆ سیروان وەردەگرن.

5- فرێزی پێشناوی دەشێت لەگەڵ كرداری تێنەپەڕو تێپەڕدا دەربكەوێت، بێ ئەوەی هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا هەبێت، لەگەڵ ئەو ڕاستییەی بەركاری ناڕاستەوخۆ تایبەتە بەكرداری تێپەڕ، بڕوانە﴿13﴾.

13-أ- سیروان لەئێمە ڕۆیشت.

ب- سیروانی لەئێمە برد.

6- فۆڕمی ئەم فرێزە پێشناوییە لەدروستەی نادیاردا بۆ جێكەوتەی بكەر ناگوێزرێتەوە ، بڕوانە﴿14﴾.

14-أ- نامەكە لەئەوان وەردەگیرێت.

ب- * لەئەوان نامەكە وەردەگیرێن.

پ- * لەمن نامەكە وەردەگیرێم.

ت- * بەكوڕەكە پێدەكەنرێت.

بەپشت بەستن بەم بەڵگانە، فرێزە پێشناوییەكان بەئەدڤێربڵ لەقەڵەمدەدەین، جا ئەگەر سەرپشكی بوون، ئەوا سەربارن، بەڵام ئەگەر بەخورتی بوون، ئەوا ئەدڤێربڵی بەخورتیین و وەك ڕەگەزی تەواوكردنی كردار، بەشداری تەواوكردنی دروستەو گوزارەی ڕستەكان دەكەن.

## 1-3-2 قاڵبە بنجییەكانی ڕستەو كردەی تەواوكردن

بەسەرنجدانی ئەدڤێربڵی سەرپشكی(سەربار) لەناو دروستەی ڕستەی سادەدا، دەگەینە دابەشبوونێك بۆ ڕەگەزە سەرەكییەكانی دروستەی ڕستە. لەئەنجامی پێكەوەبەستنی﴿حەوت﴾ كەتیگۆریی ئەركی، كە

﴿بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، تەواوکەری بکەر، تەواوکەری بەرکار، ئەدڤێربڵی بکەر، ئەدڤێربڵی بەرکار، کردار﴾ن، ﴿شەش﴾ قاڵبی بنجیی ڕستە بەبەرهەمدێت[13]:-

1- بکەر+ کردار، بڕوانە﴿15﴾.

15- کارزان خەوت.

2- بکەر+ بەرکاری ڕاستەوخۆ+ کردار، بڕوانە﴿16﴾.

16- کارزان ئوتومبێلەکەی شت.

3- بکەر+ تەواوکەری بکەر+ کردار، بڕوانە﴿17﴾.

17- کارزان زیرەك بوو.

4- بکەر+ ئەدڤێربڵی بکەر+ کردار، بڕوانە﴿18، 19﴾.

18- کارزان لەزانکۆ بوو.

19- ئەمڕۆ لەبەهار دەچێت.

5- بکەر+ بەرکار+ تەواوکەری بەرکار+ کردار، بڕوانە﴿20﴾.

20- کارزان کوڕەکەی بەئازا لەقەڵەمدا.

6- بکەر+ بەرکار+ ئەدڤێربڵی بەرکار+ کردار، بڕوانە﴿21﴾.

21- منداڵەکە بەردێکی لەچۆلەکەکە گرت.

ڕەگەزی﴿بەرکاری ڕاستەوخۆ، تەواوکەری بکەر، ئەدڤێربڵی بکەر، تەواوکەری بەرکار، ئەدڤێربڵی بەرکار[14]﴾ کە لەقاڵبەکانی﴿2 ، 3، 4، 5، 6﴾دا نیشاندران، لەدروستەی ڕستەدا ڕەگەزی بەخورتین ، لەوەدا کە بۆ تەواوکردنی کرداری ڕستەکان پێویستن، ئەگەر سەرنجی بەکارهێنانی کردارێکی تایبەت لەڕستەیەکیاندا بدەین، ئەوا ڕستەکە ناتەواودەبێت، ئەگەر یەکێك لەو ڕەگەزانە لابرێت، بڕوانە﴿22، 23﴾.

22- أ- کارزان زیرەکە.

ب- * کارزان ـەـ.

---

13- جێی سەرنجە محەمەد مەعروف بەوەرگرتنی ڕستە وەك گەورەترین یەکە بۆ شیکردنەوە، وەك لەڕێزمانی نوێدا باوە، لەپێکەوە بەستنی﴿چوار﴾ کەتیگۆریی ئەرکیی﴿بکەر، بەرکار، تەواوکەر، کردار﴾ لەدروستەی ڕستەدا، پێنج جۆری سەرەکی لەڕستە دیاری دەکات:-

1- بکەر+ کردار، وەك:- کابرا ڕۆیشت.

2- بکەر+ بەرکار+ کردار، وەك:- ژن ژن ناخوات.

3- بکەر+ تەواوکەر+ کردار، وەك:- بنێشت بەدەستییەوە لکا.

4- بکەر+ بەرکار+ کردار+ تەواوکەر، وەك:- دەستی خستە ئاوەکەوە.

5- بکەر+ بەرکار+ تەواوکەر+ کردار، وەك:- من تۆ بەئازا دەزانم. بڕوانە﴿Fattah 1997:246.﴾.

14- بۆ جیاوازیی نێوان ﴿بەرکارو تەواوکەری بکەر، تەواوکەری بەرکارو ئەدڤێربڵی بەرکار﴾، بڕوانە ل﴿48﴾، ﴿74﴾ی ئەم نامەیە.

23- أ- کارزان کوڕەکە بەئازا لەقەڵەمدەدات.

ب- * کارزان ... بەئازا لەقەڵەمدەدات.

پ- * کارزان کوڕەکە... لەقەڵەمدەدات.

ئەو شەش جۆرە قاڵبە لەڕووی ژمارەی ڕەگەزەکانی ڕستەوە بەشێوەیەکی سروشتی دەبنەوە بەسێ جۆری سەرەکی:-

أ- قاڵبی دوو ڕەگەزی، وەك:- بکەر+ کردار.

ب- قاڵبی سێ ڕەگەزی، وەك:- بکەر+ { بەرکار / تەواوکەری بکەر / ئەدڤێربڵی بکەر } + کردار.

پ- قاڵبی چوار ڕەگەزی، وەك:- بکەر+ بەرکار+ { تەواوکەری بەرکار / ئەدڤێربڵی بەرکار } + کردار.

وەك لەقاڵبی دوو ڕەگەزیدا دیارە، ڕەگەزی تەواوکەر نییە، بەڵام ئەگەر کردارێك یەك تەواوکەری داواکرد، وەك لەقاڵبی سێ ڕەگەزیدا دیارە، ئەوا﴿بەرکار، یان تەواوکەری بکەر، یان ئەدڤێربڵی بکەر﴾دەبێت، خۆ ئەگەر کردارێك دوو تەواوکەری داواکرد، وەك لەقاڵبی چوار ڕەگەزییدا دیارە، ئەوا یان﴿بەرکارو تەواوکەری بەرکار﴾دەبێت، یان﴿بەرکارو ئەدڤێربڵی بەرکار﴾ە، بەگوێرەی جۆری وەچەکەتیگۆریی کردارەکە.

پاش بەراوردکردنی قاڵبەکانی﴿3، 4﴾ بە﴿5، 6﴾ ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، بەرانبەرییەك لەنێوان تەواوکەری گوزارەو ئەدڤێربڵی بەخورتیدا هەیە، چونکە هەروەك چۆن تەواوکەری گوزارە بۆ تەواوکەری بکەرو تەواوکەری بەرکار دابەش دەبێت، هەر بەو شێوەیە ئەدڤێربڵی بەخورتییش بۆ ئەدڤێربڵی بکەرو ئەدڤێربڵی بەرکار دابەش دەبێت. بەواتایەکی تر تەواوکەری بکەرو ئەدڤێربڵی بکەر تەواوکەری تەنیان‌و لەدروستەی ناتێپەڕدا دێن‌و بۆ بکەر دەگەڕێنەوە، بڕوانە﴿17، 18، 19﴾، بەڵام تەواوکەری بەرکارو ئەدڤێربڵی بەرکار تەواوکەری پێوەندن‌و لەدروستەی تێپەڕدا لەگەڵ بەرکاردا دێن، بڕوانە﴿20، 21﴾.

قاڵبەکانی﴿أ، ب، پ﴾ دەشێت لەشێوەی هاوکێشەیەکی گشتیدا بەمجۆرە بخرێتەڕوو:-

ت- بکەر+ (بەرکار)+ (تەواوکەری گوزارە)+ (ئەدڤێربڵی بەخورتی)+ کردار.

## 4-2 جۆرەکانی کردار تەواوکردن

کرداری جیاواز لەڕووی دیاریکردنی وەچەکەتیگۆرییەوە، قاڵبی جیاواز بەبەرهەمدێنێت. واتە هەر جۆرە قاڵبێك(یان زیاتر) پێوەندیی بەوەچەپۆل(سێت)ێك لەکردارەوە هەیە، چونکە وەچەپۆلی کرداری جیاواز ڕەگەزی جیاواز هەڵدەبژێرێت‌و تەواوکردنی جیاوازی دەوێت.

کردار لەڕوانگەی تەواوکردنەوە بەشێوەیەکی گشتی بەسەر دوو وەچەکەتیگۆڕیی سەرەکیدا دابەشدەبێت، کە کرداری یاریدەدەر و کرداری فەرهەنگییە، کەئەمیش تێپەڕو تێنەپەڕ دەگرێتەوە.
کرداری یاریدەدەر تایبەتە بەقاڵبی سێ ڕەگەزیو بەهۆی تەواوکەری بکەر، یان ئەدڤێربڵی بکەرەوە تەواودەکرێت، بڕوانە﴿17، 18﴾.
کرداری تێپەڕیش بەپێی جۆری تەواوکردنەکەی، سێ جۆری سەرەکیی لێجیادەکرێتەوە:
أ- کرداری تێپەڕی یەك بەرکاری، کەتایبەتە بەقاڵبی سێ ڕەگەزیو تەنیا لەڕێی بەرکارەوە تەواودەکرێت، بڕوانە﴿16﴾.
ب- کرداری تێپەڕی پێشناوی، کەتایبەتە بەقاڵبی چوار ڕەگەزیو بەهۆی بەرکارو ئەدڤێربڵی بەرکارەوە تەواودەکرێت، بڕوانە﴿21﴾.
پ- کرداری تێپەڕی ئاڵۆز، کەتایبەتە بەقاڵبی چوار ڕەگەزیو بەهۆی بەرکارو تەواوکەری بەرکارەوە تەواودەکرێت، بڕوانە﴿20﴾.
جۆرێکی کرداری تێنەپەڕ هیچ جۆرە تەواوکردنێك لەگوزارەکەیدا نییە، بڕوانە﴿15﴾، لەم کاتەدا تایبەتە بەقاڵبی دوو ڕەگەزیو بەتێنەپەڕی تەواو ناودەبرێت، بەڵام جۆرێکی تریان گوزارەکەی بەهۆی ئەدڤێربڵی بکەرەوە تەواودەکرێت، بڕوانە﴿19﴾، لەم بارەدا تایبەتە بەقاڵبی سێ ڕەگەزیو بەتێنەپەڕی پێشناوی ناودەبرێت.

---

15- زاراوەی کرداری یاریدەدەر، کەلە﴿محەمەد مەعروف فەتاح، 1989، 53و ئەوڕەحمانی حاجی مارف، 2000، 251﴾ وەرگیراوە، بەرامبەر:

أ- کرداری بێهێز، بڕوانە﴿نوری عەلی ئەمین، 1960، 39-40﴾.

ب- کرداری ناتەواو، بڕوانە﴿تۆفیق وەهبی، 1929، 13-14﴾.

پ- کرداری بەیاریدە، بڕوانە﴿مەحمود فەتحوڵلا ئەحمەد، 1988، 56﴾ بەکارهاتووە.

16- Aarts & Aarts 1982:35.

17- کرداری تێپەڕی دوو بەرکاریمان جیانەکردۆتەوە، چونکە کردار لەدروستەی ڕستەدا ناتوانێت ڕاستەوخۆ دوو فرێزی ناویی بەرکاری ڕاستەوخۆو بەرکاری ناڕاستەوخۆ هەڵبژێرێتو دوو دۆخی بەرکارییان پێببەخشێت، بڕوانە بەراوردکردنی﴿أ، ب﴾، بەڵکو هەمیشە تەواوکەرێکیان، کەئەدڤێربڵی بەرکارییە بەهۆی فرێزێکی پێشناوییەوە دەنوێنرێت، بڕوانە﴿پ﴾، تەنانەت لەزمانی ئینگلیزیشدا ئەگەر بەرکارە ناڕاستەوخۆکە بەهۆی فرێزی پێشناوییەوە بنوێنرێت، ئەوا بەئەدڤێربڵ دەناسرێت، بڕوانە﴿ت﴾، بڕوانە﴿Eastwood 1994:10﴾.

أ- I give the girl a key.

ب- * من کلیلێك کچەکە دا.

پ- من کلیلێکم بەکچەکە دا.

ت- I give a key to the girl.

## 1-4-2 تەواوکردنی کرداری یاریدەدەر

### 1-1-4-2 دیاریکردنی کرداری یاریدەدەر

کرداری یاریدەدەر لەگوزارەی ڕستەدا، بەشێوەیەکی سەرەکی فۆڕمە کرداریەکانی﴿بوون﴾ی یاریدەدەر دەگرێتەوە، بۆیە بەپێویستی دەزانین سەرەتا فۆڕمە جیاوازەکانی﴿بوون﴾ی یاریدەدەر لەفۆڕمەکانی تری﴿بوون﴾ جیابکەینەوە، چونکە چەند جۆرێك﴿بوون﴾مان لەفەرهەنگدا هەن، کەلەڕووی فۆڕمەوە هاودەنگن، بەڵام لەڕووی ئەرك‌و واتاوە جیاوازن‌و بەچەند مەبەستێکی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێن.

مەحمود فەتحوڵلا ئەحمەد[18] دووای بەسەرداچوونەوەی بیروڕای هەندێك لەنووسەرانی پێش خۆی‌و هەڵسەنگاندیان، بەو ئەنجامە گەیشتووە، کەسێ جۆر لەکرداری﴿بوون﴾ لەڕووی واتاوە جیابکاتەوە:

أ) ﴿بوون﴾ وەك تێنەپەڕی ئاسایی: لەم بارەدا، وەك کردارێکی تێنەپەڕی تەواو ڕەفتار دەکات، لەگەڵ بکەری ڕستەدا لەڕووی کەس‌و ژمارەوە ڕێکدەکەوێت‌و بۆ کاتەکانی﴿ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی﴾ گەردان دەکرێت. ئەم جۆرەی﴿بوون﴾ لەڕووی بەرهەمدارێتییەوە کەمبەرهەمەو زۆر چالاك نییە، بڕوانە﴿24﴾.

24- أ- منداڵەکە بوو.(لەدایکبوو)

ب- چایەکە بوو.(کوڵا)

ب) ﴿بوون﴾ وەك پاشگر: ئەم فۆڕمی﴿بوون﴾ە دەچێتە سەر کرداری ڕابردووی تێپەڕو تێنەپەڕ بۆ دروستکردنی کرداری ڕابردووی دوور، کەواتای ماوە دوورییەکە دەبەخشێت و بەهیچ جۆرێك گەردان ناکرێت، بڕوانە﴿25﴾.

25- أ- کارزان خەوتبوو.

ب- کارزان نانەکەی نەخواردبوو.

پ- * کارزان خەوتببە.

پ) ﴿بوون﴾ی یاریدەدەر: ئەرکی﴿بوون﴾ی یاریدەدەر، لەجۆرەکانی تری﴿بوون﴾ فراوانترەو بەشی زۆری ڕۆڵی﴿بوون﴾ لەخۆدەگرێت[19].

کرداری﴿بوون﴾ لە﴿أ، ب﴾دا پێویستی بەڕەگەزی تەواوکەر نییە، بەڵام لە﴿پ﴾دا پێویستی بەتەواوکردن هەیەو گوزارەکەی بێ ڕەگەزی تەواوکەر، واتای تەواو بەدەستەوە نادات، بڕوانە﴿26﴾.

26- أ- کارزان قەڵەو بوو.

ب- کارزان لەبازاڕ بوو.

---

18- مەحمود فەتحوڵلا ئەحمەد، 1988، 65.

19- جگە لەم سێ جۆرەی﴿بوون﴾، ﴿بوون﴾ بەواتای بوون(وجود)و هەبوونیش بەکاردەهێنرێت، بڕوانە﴿أ، ب﴾، بەڵام ئەمانیش وەك کرداری فەرهەنگی هەڵسوکەوت دەکەن، نەك یاریدەدەر.

أ- پیاوێك بوو.(هەبوو)

ب- پیاوەکە دوو خانووی بوو.(هەبوو)

کرداری﴿بوون﴾ لە﴿أ، پ﴾دا، واتە تەواوبێت، یان یاریدەدەر (لەڕووی ڕێژەو کاتەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. لەڕاستیدا واتای یاریدەدەر بریتییە لەئەرکێکی ڕستەسازیی دیاریکراو، کەتایبەتێتیی کردارە بەگشتی)[20]، بڕوانە﴿27﴾.

27- أ- کارزان قەڵەو بوو.     چاکە بوو.

ب- کارزان قەڵەو نەبوو.     چاکە نەبوو.

پ- کارزان قەڵەو نابێت.     چاکە نابێت[21].

(جگە لەکرداری﴿بوو﴾ هەندێك کرداری تریش لەم بوارەدا ئەرکی هاوشێوەیان هەیە، لەهەموویان چالاکتر لێرەدا﴿هەڵگەڕا، کەوت، دەچێتەوە﴾یە، ﴿هەڵگەڕا﴾ شانبەشانی﴿بوو﴾ لەگەڵ ڕەنگدا بەکاردێت بۆ تایبەتێتیی فیزیکی)[22]، بڕوانە﴿28﴾.

28- أ- نەخۆشەکە زەرد هەڵگەڕا.

ب- منداڵەکە بێناز کەوت.

پ- چیاکە سپی دەچێتەوە.

## 2-1-4-2 ئەرك‌و واتای کرداری یاریدەدەر

ئەرکی کرداری یاریدەدەر بەستنەوەی ڕەگەزەکانی ڕستەیە، بەتایبەتی بەستنەوەی ڕەگەزی بکەر بەتەواوکەری بکەر(یان ئەدڤێربلی بکەر)ـەوە لەگوزارەی ڕستەدا، کەخۆی لەگەڵ بکەردا ناسراوە، یان تایبەتیەکانی بکەر دەردەخات، هەربۆیە دەشێت پێی بوترێت فۆڕمی بەتاڵ[23]، بڕوانە﴿29﴾.

29- کارزان   قەڵەو  بوو.

تەواوکەری بکەر

بکەر+ تەواوکەری بکەر+ کرداری یاریدەدەر

﴿قەڵەو﴾ ئەگەرچی کرداری﴿بوو﴾ی تەواوکردووە، بەڵام پێوەندییەکی ئاماژەی بۆ بکەر هەیە، هەربۆیە زاراوەی تەواوکەری بکەری بۆ بەکارهاتووە.

محەمەد مەحوی[24] بەستنەوەی نێوان تەواوکەرو کردارە یاریدەدەرەکەش بەو جۆرە لێکدەداتەوە، کەلەبەرئەوەی کردارەکە ڕۆڵی بابەتانە(سیمانتیك)و دۆخی ڕێزمانیی پێ نییە، تاکو بیداتە

---

20- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، 2000، 264.

21- بۆ زانیاری سەبارەت بە﴿ڕێژەو کات...﴾ی کرداری﴿بوون﴾ بڕوانە: سەلاح حەوێز ڕەسوڵ، 2006، 19.


22- محەمەد مەعروف فەتاح، 1989، 52 و Fattah 1997:221.

23- Trask 1993:64.

24- محەمەدی مەحوی، 2001، 28.

تەواوکەرەکەی، بەڵکو ئاوەڵناوەکە ڕۆڵ بەبکەر دەدات، بۆئەوەی ڕێی دەستووری بەبوونی تەواوکەرە ئاوەڵناوەکەش بدرێت، لەڕێی کرداربەندییەوە بەکردارە یاریدەدەرەکەوە بەستراوەتەوە.

(سەبارەت بەلایەنی سیمانتیکی کرداری﴿بوو﴾، هەڵگری گوزارشتێکی سیمانتیکی جێگیر نییە، بەڵکو وەك هەڵگری مۆرفیمەکانی﴿کات، تاف...﴾ بەفرێزەکەوە لکاوەو پێوەندیی ڕێزمانیی نێوان بەشە پێکهێنەرەکانی ڕستە نیشاندەدات)[25]. ئەگەر بەوردی بڕوانینە بەراوردی دروستەی هەرەمی﴿30، 31﴾:




ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، لە﴿30﴾دا گوزارەی ڕستەکە کردارێکی فەرهەنگیی تێدایە، کەمۆرفیمەکانی گەردانکردنی کردار﴿کات، تاف...﴾ وەردەگرێت، وەك﴿خەوت، دەخەوت، خەوتین...﴾ ئەمە بۆ هەموو جۆرە کردارێك بەخورتییە. کرداری﴿خەوت﴾ وەك سەری فرێزەکردارییەکە یان ڕستەکە شیدەکرێتەوەو لەڕووی واتاشەوە خاوەنی واتای فەرهەنگیی خۆیەتیو پۆلێکی کراوە پێکدەهێنێت[26]. واتە ژمارەی ئەو کردارانەی دەتوانن ببنە جێنشینی﴿خەوت﴾ لەژماردن نایەن، بڕوانە﴿32﴾، بەلاَم لە﴿31﴾دا گوزارەی ڕستەکە لە﴿تەواوکەری بکەر+ کرداری یاریدەدەر﴾ پێکهاتووە، کەگوزارشتکردن لەگوزارەی سیمانتیکی ناکەوێتە ناو﴿بوو﴾ی کرداری یاریدەدەرەوە، بەڵکو دەکەوێتەوە بەشی تەواوکەری بکەرەوە، کەلەفرێزێکی ئاوەڵناویی﴿قەڵەو﴾ پێکهاتووە، هەرلەبەرئەمەش زاراوەی تەواوکەری گوزارەی بۆ

25- Huddleston 1984:185.

26- Aarts & Aarts 1982:35 .

بەکارهاتووە[27]. لەڕووی سینتاکسیشەوە ئاوەڵناوەکە وەك گوزارەی تەواوکەر لەفرێزەکەدا دێتو ئەرك دەبینێت[28]. هەربۆیە لەڕووی پێوەندیی جێنشینییەوە کردارە یاریدەدەرەکە پۆلێکی داخراو پێکدەهێنێت[29]. لەکاتێکدا فرێزە ئاوەڵناوییەکە پۆلێکی کراوەی هەیەو دەکرێت بەچەندان ئاوەڵناوی تر جێگەی بگیرێتەوە، بڕوانە(33).

32- أ- کارزان خەوت.

ب- کارزان کەوت.

پ- کارزان پێکەنی.

33- أ- کارزان قەڵەو بوو.

ب- کارزان چاك بوو.

پ- کارزان گەورە بوو.

ت- * کارزان قەڵەو خەوت.

ج- * کارزان قەڵەو کەوت.

واتە جیاوازیی واتایی لەنێوان ڕستەکانی(32- أ، ب، پ)دا بۆ جیاوازی کردارەکان لەڕووی واتای فەرهەنگییەوە دەگەڕێتەوە، بەڵام جیاوازیی واتایی لەنێوان ڕستەکانی(33- أ، ب، پ)دا بۆ جیاوازی ئاوەڵناوەکان لەڕووی واتاوە دەگەڕێتەوە، نەك جیاوازیی کردارە یاریدەدەرەکە.

(ئاوەڵناوەکە لەم بارەدا قورسایی سەرەکی بۆخۆی ڕادەکێشێت، کەواتای هەموو کردارەکە هەڵدەگرێتو کرداری(بوو) لەڕووی واتاوە لەهەڵوێستی قسەکەردا تاڕادەیەك بۆشە. واتە ناتوانرێت لەڕێی کردارەکەوە هیچ زانیارییەکی فەرهەنگیی نوێ بگەیەنرێت، هەربۆیە ژمارەی ئەو کردارانەی بۆ ئەم جێکەوتەیە دەستدەدەن کەمنو تاڕادەیەکیش هەموویان هەر بەیەك واتا دێن)[30]، بڕوانە(34، 35).

34- أ- چیاکە سپی بوو.

ب- چیاکە سپی دەچێتەوە.

35- أ- منداڵەکە بێناز بوو.

ب- منداڵەکە بێناز کەوت.

(پێویستە سەرنجی ئەوەش بدەین کرداری(بوو) بەدوو واتای جیاواز دێت، بڕوانە(36، 37).

36- ماڵەکە پاّك بوو. (لەڕابردوودا پاك بوو، ئێستا پاك نییە)

37- ماڵەکە پاکبوّو. (لەڕابردوودا پاك نەبووە، گۆڕا، ئێستا پاکە)

---


27- Huddleston 1984:184.


28- Fattah 1997:135.

29- محەمەد مەعروف فەتاح، 1989، 58 و Aarts & Aarts 1982:35.

30- محەمەد مەعروف فەتاح، 1989، 50-51.

لەواتای﴿36﴾دا قورسایی سەرەکی لەسەر﴿پاك﴾ـە، بەڵام لەواتای﴿37﴾دا قورسایی سەرەکی بۆ سەر کرداری﴿بوو﴾ گوێزراوەتەوەو بەمە لەواتای﴿36﴾ جیادەکرێتەوە)[31]، لەڕووی دروستەشەوە ڕستەی﴿36، 37﴾ لەوەدا جیاوازن، کە لە﴿36﴾دا (ڕستەکە لەسێ وشە پێکهاتووەو پێوەندیی ئەرکیی نێوانیان بریتییە لە﴿بکەر+ تەواوکەری بکەر+ کرداری یاریدەدەر﴾، بڕوانە﴿38﴾، بەڵام ڕستەی﴿37﴾ لەدوو وشە پێکهاتووە، کە﴿ماڵەکە﴾ بکەرەو ﴿پاکبوون﴾ کرداری لێکدراوی تێنەپەڕە، وشەی﴿پاك﴾ لێرەدا قورسایی خۆی لەدەست داوەو چۆتەسەر﴿بوو﴾، کەدووا بڕگەی وشە لێکدراوەکەیە، چونکە قورسایی لەوشەی لێکدراوی زمانی کوردیدا دەچێتەسەر دووابڕگە)[32]، بڕوانە﴿39﴾.




ئەرکی﴿بوو﴾ بەپێی ئەو هاوبەشانەی بەشداریی دروستەی ڕستە دەکەن، لەڕووی واتاوە لەچەند داڕشتنێکی جیاوازدا بەکاردێت[33]، بڕوانە﴿40﴾.

40- أ- کارزان برای نەوزاد بوو. دیاریکردن

ب- کارزان مامۆستای کوردییە. ناسین

پ- کارزان قەڵەوە. خستنەپاڵ

ت- ئوتومبێلەکە هی کارزان بوو. خاوەنێتی

---

31- سەرچاوەی پێشوو، 52.

32- وریا عومەر ئەمین، 2004، 129-130.

33- بڕوانە:﴿ Amin 1979:101 و سەلاح حەوێز ڕەسول، 2006، 103-109﴾.

## 3-1-4-2 ﴿بوون﴾ی بوونەك و گۆڕان(ئەنجام)

کرداری﴿بوو﴾ی یاریدەدەر لەدروستەی ڕستەدا، بەدوو جۆری جیاواز بەکاردەهێنرێت، کەبوونەك بڕوانە﴿41﴾و گۆڕانە، بڕوانە﴿42﴾.

41- کارزان ئەندازیار بوو.

42- کارزان بوو بەئەندازیار.

ئەم دوو جۆر بەکارهێنانەی﴿بوو﴾ی یاریدەدەر، لەڕووی دروستەو جۆری تەواوکردنەوە لەچەند خاڵێکدا جیاوازن، گرنگترینیان ئەمانەن:

1. لەڕووی سیمانتیکەوە لە﴿41﴾دا سیفەتی بکەر دەردەخات، واتە پێوەندییەکی گەڕانەوەی لەگەڵ بکەری ڕستەکەدا هەیە، بەڵام لە﴿42﴾دا گۆڕان لەسیفەتی بکەردا دەبێت، واتە (بکەر لەبارێکەوە بۆ بارێکی تر دەگۆڕدرێت)[34].
2. لەڕووی جێکەوتەی تەواوکەری﴿بوو﴾ەوە لە﴿41﴾دا پێش کردار دەکەوێت، بەڵام لە﴿42﴾دا دوای کردار دەکەوێت، واتە ئەگەر تەواوکەری کردارەکە لەگەڵ کردارەکە پاشوپێش بکرێن، ئەوا دروستەکە ناڕێزمانی دەبێت، بڕوانە﴿43، 44﴾، جگە لەمە تەواوکەرەکە لە﴿41﴾دا دەشێت بەمەبەستی جەختکردن پێش بکەر بکەوێت، بەڵام لە﴿42﴾دا ئەمە ڕێگەی پێنادرێت، بڕوانە﴿45، 46﴾.

43- * کارزان بوو ئەندازیار.

44- * کارزان بەئەندازیار بوو.

45- ئەنداّزیار کارزان بوو.

46- * بەئەندازیار کارزان بوو.

3. لەڕووی پێوەندیی جێنشینییەوە تەواوکردنەکە لە﴿41﴾دا دەشێت بەهۆی فرێزی﴿ناوی، یان ئاوەڵناوی، یان پێشناوی﴾ەوە بنوێنرێت، بڕوانە﴿47، 48، 49﴾، بەڵام لە﴿42﴾دا تەنیا بەهۆی فرێزی پێشناوییەوە دەنوێنرێت، بڕوانە﴿50﴾.

47- کارزان مامۆستا بوو.

48- کارزان قەڵەو بوو.

49- کارزان لەبازاڕ بوو.

50- أ- کارزان بوو بەمامۆستا.

ب- * کارزان بوو قەڵەو.

34- مەحمود فەتحوڵڵا ئەحمەد، 1988، 88.

تەنانەت جۆری ئەو پێشناوەش جیاوازە، کەئەرکی بەرهەمهاتنی فرێزە پێشناوییەکە لەئەستۆ دەگرێت، لە﴿41﴾دا پێشناوەکانی﴿لە، بە، بۆ، بێ...﴾ دەتوانن ئەو ئەرکە ببینن، بڕوانە﴿51﴾، بەلاّم لە﴿42﴾دا پێشناوی﴿بە، یان ـە﴾ ئەو ئەرکە بەجێدەهێنێت، بڕوانە﴿52﴾.

51- أ- کارزان لەبازاڕ بوو.

ب- ئوتومبێلەکە بەکارزان بوو.

پ- ئوتومبێلەکە بۆ کارزان بوو.

ت- کارزان بێ پارە بوو.

52- أ- کارزان بوو بەمامۆستا.

ب- کارزان بووە مامۆستا.

4. دروستەی ناوەوەی کرداری﴿بوو﴾ی بوونەك خاوەنی فۆڕمی کاتی ئێستایە، بڕوانە﴿53﴾، بەلاّم﴿بوو﴾ی گۆڕان فۆڕمی کاتی ئێستای نییە. بڕوانە﴿54﴾.

53- أ- کارزان قەڵەوە.

ب- کارزان قەڵەو نییە.

54- أ- * کارزان ـە بەمامۆستا.

ب- * کارزان نییە بەمامۆستا.

سەبارەت بەفۆڕمی ئێستای کرداری﴿بوو﴾، مەحمود فەتحوڵلاّ ئەحمەد[35] زۆر چاك درکی بەوەکردووە، کەڕەگی ئەم کردارە لەکاتی ئێستادا سواوەو تێچووە، جێناوە لکاوەکانیش هەروەك چۆن لەدروستەی کرداری تردا ئەرکی ڕێککەوتن دەبینین، لێرەشدا هەر ئەو ئەرکە دەبینین.

بەبەراوردکردنو بەرامبەر ڕاگرتنی دروستەی ناوەوەی فۆڕمی ئەم کردارە لە ڕابردوو و ڕانەبردوودا لەلایەكو ئێستاو داهاتووش لەلایەکی ترەوە، ئەوە دەردەکەوێت، کەڕەگو کاتی کرداری﴿بوو﴾ لەکاتی ئێستادا مۆرفیمی سفرە، تەنیا لەکەسی سێیەمدا نەبێت[ـە]ی کاتی ئێستا دەردەکەوێت، بڕوانە﴿55، 56، 57﴾.

55- أ- من قەڵەو بـوو م. ڕابردوو

ب- ئێمە قەڵەو بـ وو ین.

ڕەگ کات کەس(ڕێککەوتن)

56- أ- من قەڵەو Ø Ø م.

ب- ئێمە قەڵەو Ø Ø ین. ئێستا

پ- ئەو قەڵەو ـە Ø Ø.

57- أ- من قەڵەو دە بـم.

---

35- مەحمود فەتحوڵلاّ ئەحمەد، 1988، 62.

ب- ئێمه    قەڵەو   دە  بین. داهاتوو

کات  ڕەگ  کەس(ڕێککەوتن)

(هۆی دەرکەوتنی[ـە]ی کاتی ئێستا بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کەنیشانەی بکەر لەکەسی سێیەمی تاکدا﴿Ø﴾ـە، هەرکاتێك بکەری ڕستەکە بۆ کەسەکانی تر گۆڕدرا، ئەوا نیشانەی بکەریش دەگۆڕدرێت‌و مۆرفیمی کاتی ئێستا ڕوخساری ئاشکرای نامێنێت)[36].

## 4-1-4-2 فرێزی ناوی وەك تەواوکەری بکەر

فرێزی ناوی وەك تەواوکەری بکەر، پێش کرداری﴿بوو﴾ی یاریدەدەر دەکەوێت‌و دروستەو گوزارەی ڕستەکەی تەواودەکات، بڕوانە﴿58﴾.

58- أ- کارزان مامۆستا بوو.

ب- کارزان مامۆستایەکی زیرەك بوو.

پ- کارزان باشترین مامۆستا بوو.

ت- * کارزان بوو مامۆستا.

ڕەگەزی تەواوکەری بکەر، کەلەڕێی فرێزی ناوییەوە نوێنراوە، لەڕەگەزی بەرکاری ڕاستەوخۆ جیاوازە، کەئەمیش لەڕێی فرێزی ناوییەوە دەنوێنرێت‌و کرداری تێپەڕی یەك بەرکاری تەواودەکات، بڕوانە﴿59﴾.

59- أ- کارزان مامۆستای بینی.

ب- کارزان مامۆستایەکی زیرەکی بینی.

پ- کارزان باشترین مامۆستای بینی.

ت- * کارزان بینی مامۆستا.

هەرچەندە تەواوکەری بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ لەقاڵبی سێ ڕەگەزییدا دێن‌و لەجۆری تەواوکەری تەنیان، واتە بەتەنیا دەتوانن کردار تەواوبکەن‌و لەگوزارەی ڕستەدا پێویستیان بەڕەگەزی تەواوکەری تر نییە، کەپێوەندیی ڕێزمانیی لەگەڵدا ببەستن، هەروەها لەڕووی جێکەوتەشەوە لەنێوان بکەرو کرداردا دێن، بەڵام لەچەند خاڵێکدا جیاوازن، گرنگترینیان ئەمانەن[37]:

1. فرێزی ناوی﴿مامۆستا﴾ لە﴿58﴾دا ڕۆڵی سیمانتیکی جێگیری پێنادرێت، بەڵکو سیفەتی بکەر دەردەخات، بەڵام لە﴿59﴾دا کەسێکی دیاریکراوە، کەڕۆڵێکی لەڕوداوەکەدا هەیە، کەکردار بۆی دیاریکردووەو لەلایەن بکەرەوە بینراوە. واتە دۆخی بەرکاری لەلایەن کردارەکەوە پێبەخشراوە،

---

36- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، 1995، 114.

37- بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئەم جیاوازیانە سوودم لە﴿Huddleston 1998:181-189 و Fattah 1997:242﴾ وەرگرتووە.

لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کەهەریەك لە﴿بوو، بینی﴾ یەکی دوو ڕەگەز﴿کارزان، مامۆستا﴾ لەدروستەی ڕستەکەیاندا بەشدارن.

2. جێکەوتەی تەواوکەری بکەر، دەشێت ڕاستەوخۆ بەفریزێکی خاوەندارێتی وەك﴿هی باوکم﴾ پڕ بکرێتەوە، بڕوانە﴿60﴾. فۆڕمی﴿هی باوکم﴾ ڕاستەوخۆ ناتوانێت ئەرکی بەرکار ببینێت، بەلاّم لەکاتێکدا ڕێ بەبوونی دەدرێت، کەلەڕستەکەدا بۆ فریزێکی ناویی تر بگەڕێتەوە، بڕوانە﴿61﴾.

60- ئەم ئوتومبێلە هی باوکم بوو.

61- ئوتومبێلەکەم شکاوە لەبەرئەوە هی باوکم دەبەم. هی باوکم = ئوتومبێلەکەی باوکم

3. ئەگەر فریزی ناوی ئەرکی بەرکار ببینێت، ئەوا ئەگەر تاك، یان کۆ بێت، بەپێی جۆری کردارەکە بەسەربەخۆیی لەبکەرەوە هەڵدەبژێردرێت، بەواتایەکی ڕوونتر بکەری تاك دەشێت بەرکاری تاك و کۆی لەگەڵدا بێت، یان بەپێچەوانەوە بکەری کۆ بەرکاری تاك وکۆی لەگەڵدا بێت، چونکە ڕێککەوتنی ژمارە لەنیوان بکەرو بەرکاردا نییە، بڕوانە﴿62﴾، بەلاّم ئەگەر فریزی ناوی ئەرکی تەواوکەری بکەر ببینێت، ئەوا لەڕووی ژمارەوە جۆرە ڕێککەوتنێکی لەگەڵ بکەری ڕستەدا دەبێت، چونکە تەواوکەری بکەر فۆڕمی تاك دەخوازێت. واتە کاتێك بکەر تاك، یان کۆ بێت، تەواوکەری بکەر تاك دەبێتو ناشێت کۆ بێت، بڕوانە﴿63﴾.

62- أ- کارزان مامۆستاکەی بینی.
ب- کارزان مامۆستاکانی بینی.
پ- ئەوان مامۆستاکەیان بینی.
ت- ئەوان مامۆستاکانیان بینی.

63- أ- کارزان مامۆستا بوو.
ب- * کارزان مامۆستاکان بوو.
پ- ئەوان مامۆستا بوون.
ت- * ئەوان مامۆستاکان بوون.

جێناوی﴿خۆیی﴾ لەهەردوو ئەرکی بەرکارو تەواوکەری بکەردا ڕێککەوتنی هەیە، لەگەڵ ئەوەی بۆی دەگەڕێتەوە، بەلاّم ئەمە وەك پێوانەیەك وەرنەگیراوە، چونکە جێناوی﴿خۆیی﴾ لەهەر ئەرکێکدا بێت، ڕێککەوتنی هەیە لەگەڵ ئەوەی بۆی دەگەڕێتەوە، بڕوانە﴿64، 65﴾.

64- من خۆم دەبینم.

65- من خۆم بووم.

4. فریزی ناویی بەرکار لەدروستەی نادیاردا جێکەوتەی بکەر دەگرێت ، بڕوانە﴿66﴾، بەلاّم فریزی ناویی تەواوکەری بکەر، هەرگیز ناکرێت بەبکەری دروستەی نادیار، بڕوانە﴿67﴾، بەلاّم نادیاری

بەتـەنیا تایبەتمەنـدیی تـەواو ، بـۆ جیاکردنـەوەی گشـت بـەرکارێك لەتەواوکـەری بکـەر بەدەسـتەوە نادات ، چونکە هەموو﴿بکەر+ بەرکار+ کردار﴾ێك دروستەی نادیاری نییە[38]، بڕوانە﴿68﴾.

66- أ- کارزان مامۆستاکەی بینی.

ب- مامۆستاکە بینرا.

67- أ- کارزان مامۆستا بوو.

ب- * مامۆستا بورا.

68- أ- ئوتومبێلەکە شەست لیتر بەنزین دەگرێت.

ب- * شەست لیتر بەنزین دەگیرێت.

5. بەرکار دەکرێت لەدروستەی مۆرفۆسینتاکسدا بەجێناوی لکاو جێگیر بکرێت، بەڵام تەواوکەری بکەر لەدروستەی کرداری﴿بوو﴾دا ناکرێت بەجێناوی لکاو، بڕوانە﴿69، 70﴾.

69- کارزان مامۆستاکانی بینی.ـــــ بینینی.

70- من مامۆستا بووم. ـــــ * بووم.

### 5-1-4-2 فرێزی ئاوەڵناوی وەك تەواوکەری بکەر

فرێزی ئاوەڵناوی وەك ڕەگەزی تەواوکردن، ئەرکی تەواوکەری بکەر لـەگوزارەی ڕسـتەدا دەبینێـتو پـێش کرداری یاریدەدەر دەکەوێت، بڕوانە﴿71﴾.

71- أ- کارزان قەڵەو بوو.

ب- کارزان زۆر قەڵەو بوو.

پ- کارزان زۆر لەمن قەڵەوتر بوو.

ت- * کارزان بوو قەڵەو.

دروستەی فرێزی ئاوەڵناوی کەگوزارەی ئاوەڵناوی پێکدەهێنێتو بەیارمەتی کرداره یاریدەدەرەکە فرێـزی کرداریـی ڕسـتەکە بەبەرهەمـدێنێت، زۆر بەرهەمـدارە. واتـە گشـت ئاوەڵناوەکـان بەسـادەو داڕێـژراوو لێکـدراوەوە دەتـوانن ئـەو جێکەوتـە سینتاکسـییە پڕبکەنـەوەو پـێش کـرداری یاریـدەدەر بکـەون، بڕوانە﴿72﴾.

72- أ- ﴿جوان، پاك، ژیر ، سوور، گەورە...﴾ بوو.

ب- ﴿نەخۆش، بێهێز، بەپەرۆش، ناپاك، ناخۆش...﴾ بوو.

پ- ﴿دڵتەنگ، بۆنخۆش، دڵخۆش، ڕووخۆش، سەرخۆش...﴾ بوو.

دروستەی فرێزی ئاوەڵناوی، لەگوزارەدا خاوەنی چەند تایبەتییەکە، گرنگترینیان ئەمانەن:

---

38- بڕوانە: فەرەیدون عەبدول محەمەد، 1988، 83.

1. دروستەی فرێزی ئاوەڵناوی دەشێت لەڕێی یەکێك لەم ڕادانەوە﴿زۆر، گەلێك، تۆزێك...﴾ فراوانبکرێت، کەئاسایی پێش فرێزە ئاوەڵناوییەکە دەکەوێت، بڕوانە﴿73﴾.

73- أ- کارزان زۆر قەڵەوە.

ب- کارزان تۆزێك قەڵەوە.

پ- * کارزان قەڵەو زۆرە.

ت- * کارزان قەڵەو تۆزێکە.

2. (پێشناوەکان لەم داڕشتنانەدا ئەرکێکی ڕێزمانییان هەیە، بەواتا هەڵبژاردنیان بەستراوە بەجۆری ئەو ئاوەڵناوەی لەگوزارەکەدا دێت)[39]، بڕوانە﴿74﴾.

74- أ- کارزان دڵسۆزە بۆ ئێمە. دڵسۆزە{بۆ} وەردەگرێت.

ب- کارزان توڕەیە لەئێمە. توڕە{لە} وەردەگرێت.

3. بەزیادکردنی مۆرفیمی{- تر}ی پلەی بەراورد بۆ دروستەی فرێزە ئاوەڵناوییەکە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ڕستەکە لەڕووی سینتاکس‌و سیمانتیکەوە دەگۆڕێت‌و فرێزە ئاوەڵناوییەکە لەڕستەدا بەشدارێکی تر وەك تەواوکەر بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، بڕوانە﴿75﴾، کەئەمەش دیسانەوە بەڵگەیەکی بەهێزە بۆئەوەی ئاوەڵناوەکە سەری واتایی فرێزە کرداریەکەیە، نەك کردارە یاریدەدەرەکە.

75- کارزان لەکەیوان قەڵەوترە.

تەواوکەر

4. دروستەی فرێزی ئاوەڵناوی لەگوزارەدا مۆرفیمی{- ـەکە، - ێك، - ان} ناخوازێت، بڕوانە﴿76﴾.

76- أ- شووتییەکە سوورە،

ب- * شووتییەکە سوورەکەیە.

پ- * شووتییەکە سوورێکە.

ت- * شووتییەکە سوورانە.

خۆ ئەگەر لەهەندێك دروستەشدا، ئاوەڵناوەکە ئەم مۆرفیمانەی چووبێتەسەرو ڕستەکەش لەڕووکەشدا ڕێزمانی‌و واتاپەسەند بێت، بڕوانە﴿77﴾.

77- أ- کارزان قەڵەوەکەیە.

ب- کارزان قەڵەوێکە لەقەڵەوەکان.

ئەوا دروستەی ئەم ڕستانە جیاوازن‌و لەدروستەی قووڵدا ناوێك پێش ئاوەڵناوەکە کەوتووە[40]، بڕوانە﴿78﴾.

78- أ- کارزان کوڕە قەڵەوەکەیە.

---

39- Fattah 1997:222.

40- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، 2005، 57.

ب- كارزان كوڕێكی قەڵەوە لەكوڕە قەڵەوەكان.

واتە ئاوەڵناوی﴿قەڵەو﴾ لێرەدا گوزارەی ئاوەڵناویی پێكناهێنێت، بەڵكو لەبنەڕەتدا ناوێك هەیەو لەڕێی ئاوەڵناوەكەوە دەرخراوە.

5. دروستەی فرێزی ئاوەڵناوی لەگوزارەدا، ئەگەر لەچەند ئاوەڵناوێك پێكهاتبێت، ئەوا ئەو ئاوەڵناوانە مەرجە بەمۆرفیمی{و}بەیەكەوە بەسترابن[41]، چونكە لەم دروستەیەدا ڕێگەنادرێت ئاوەڵناوەكان بە{ی، ـە}ی خستنەسەر پێكەوە ببەسترێن، بڕوانە﴿79﴾.

79- أ- كارزان قەڵەوو بەهێزو بەتوانا بوو.

ب- * كارزان قەڵەوی بەهێزی بەتوانا بوو.

پ- * كارزان قەڵەوە بەهێزە بەتوانا بوو.

بەپێچەوانەی ئەم دروستەیەوە، كاتێك ئاوەڵناوەكان لەدروستەی فرێزی ناویدا ئەركی دەرخەر دەبینن، دەشێت بەمۆرفیمەكانی﴿و، ی، ـە﴾ پێكەوەببەسترێن[42]، بڕوانە﴿80﴾.

80- أ- كارزانی قەڵەوو بەهێزو بەتوانام بینی.

ب- كارزانی قەڵەوی بەهێزی بەتوانام بینی.

پ- كارزانە قەڵەوە بەهێزە بەتواناكەم بینی.

لەبەراوردكردنی ڕستەكانی﴿79﴾ لەگەڵ﴿80﴾دا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، دروستەی ئاوەڵناو ئەگەر لەگوزارەدا بێت، جیاوازە لەوەی ئەركی دەرخەری فرێزێكی ناوی ببینێت. لەڕستەی﴿79﴾دا بۆیە ڕێگە بە﴿ی، ـە﴾ نادرێت، چونكە ئاوەڵناوەكان گشتیان تەواوكەرن‌و هیچیان لەژێر كاریگەریی ئەوی تریاندا نین، بەڵكو هەریەكەیان دەبێت بەسەربەخۆیی بە﴿بوو﴾ەوە گرێبدرێت. ڕستەكانی﴿79﴾ لەڕوانگەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان‌و گواستنەوەوە[43] دەشێت بەو جۆرە لێكبدرێنەوە، كە لەدروستەی قووڵدا لەئەنجامی لێكدانی سێ ڕستەوە بەرهەمهاتبن[44]:

ڕستەكانی دروستە قووڵەكە :

81- أ- كارزان قەڵەو بوو. ب- كارزان بەهێز بوو. پ- كارزان بەتوانا بوو.

---

41- سوودم لە﴿وریا عومەر ئەمین، 2004، 230﴾ وەرگرتووە.

42- سوودم لە﴿ئەورەحمانی حاجی مارف،1992، 122-123، وریا عومەر ئەمین، 2004، 142﴾ وەرگرتووە.

43- مۆدێلی ڕێزمانی بەرهەمهێنان‌و گواستنەوە لەچەند یاسایەكی سەرەكی پێكدێت:

1- یاساكانی دروستەی فرێز.

2- یاسا فەرهەنگییەكان، كەهەڵبژاردن‌و گونجاندنی وشەكان دیاریدەكات‌و لەگەڵ یاساكانی دروستەی فرێزدا دروستەی قووڵ بەبەرهەمدێنێت.

3- یاساكانی گواستنەوە، كەدروستەی قووڵ بۆ دروستەی ڕووكەش دەگۆڕن.

4- یاساكانی مۆرفۆفۆنیمیك، كەدەربڕینی وشەو ڕستەكان لەخۆ دەگرێت. بڕوانە:﴿أحمد سليمان ياقوت، 1985، 49﴾.

44- سوودم لە﴿وریا عومەرئەمین، 2004، 231﴾وەرگرتووە.

یاساکانی گواستنەوە[45]:

1- لێکدانی ڕستەکان: کارزان قەڵەو بووو کارزان بەهێز بووو کارزان بەتوانا بوو.

2- لابردنی﴿کارزان﴾،﴿بوو﴾ لەڕستەی﴿ب، پ﴾ دا لەبەرئەوەی دووبارەیە[46].

کارزان قەڵەو بووو بەهێزو بەتوانا.

3- گواستنەوەی کرداری یاریدەدەر بۆ کۆتایی ڕستە

کارزان قەڵەوو بەهێزو بەتوانا بوو. دروستەی ڕووکەش

دروستەی ڕستەکانی﴿80﴾ بەم جۆرە نییە، هەریەك لەئاوەڵناوەکان ئەرکی دەرخەر دەبینن‌و هەریەکەیان لەژێر کاریگەریی ئەوی تردایە، بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی﴿قەڵەو﴾ بدەین لەڕستەی﴿80-ب﴾دا ﴿قەڵەوی بەهێزی بەتوانا﴾ ئەوە لەلایەکەوە بۆتە دەرخەری﴿کارزان﴾ لەکاتێکدا خۆی دەرخراوی﴿بەهێز﴾ـە، واتە تەواوکەرنین‌و گوزارەی ئاوەڵناوی پێکناهێنن.

6. ﴿ژمارە﴾ پێش دروستەی گوزارەی ئاوەڵناوی ناکەوێت، بەڵام کاتێك ببێتە دەرخەری فرێزێکی ناوی‌و ڕێژەو پێوانە بگەیەنێت، دەشێت پێش فرێزە ئاوەڵناوییەکە بکەوێت، بڕوانە﴿82﴾.

82- أ- * کارزان دوو قەڵەوە.

ب- * مەلەوانگەکە چوار قووڵە.

پ- کارزان دوو ئەوەندەی جاران قەڵەوە.

ت- مەلەوانگەکە چوار مەتر قووڵە.

جێی سەرنجە لەهەندێك دروستەدا﴿یەك﴾ پێش ئاوەڵناو دەکەوێت، بەڵام لەواتادا واتای زۆر دەگەیەنێت، نەك ژمارە، بڕوانە﴿83﴾.

83- أ- دەرەوە یەك ساردە. ﴿زۆر ساردە﴾

ب- کچەکە یەك جوانە. ﴿زۆر جوانە﴾

7. داڕشتنی ڕێژەی داخوازیی کرداری﴿بوو﴾ پێوەندیی تەواوی بەجۆری ئاوەڵناو لەڕووی واتاوە هەیە، بۆ نموونە لەگەڵ (ئاوەڵناوی ڕەنگ﴿سور، سپی...﴾دا، یان بارستایی﴿گەورە، بچووك..﴾دا فۆڕمی داخوازی پێکناهێنرێت، بڕوانە﴿84﴾، بەڵام لەگەڵ ئاوەڵناوی ڕواڵەتی﴿باش، خراپ...﴾دا فۆڕمی داخوازی لێدادەڕێژرێت)[47]، بڕوانە﴿85﴾.

84- أ- * تۆ سووربە.

---

45- یاساکانی گواستنەوە لەڕووی بەخورتی‌و سەرپشکییەوە دوو جۆرە:

ا- یاسا بەخورتییەکان، (گواستنەوەکان مەرجە جێبەجێ بکرێن).

ب- یاسا سەرپشکییەکان، (جێبەجێبوون‌و جێبەجێنەبوونی گواستنەوەکان سەرپشکین، واتە لەهەردوو بارەکەدا ڕستەکە ڕێزمانییە) بڕوانە: نوم جومسکی، 1987، 63 و Crystal 1992:240.

46- بۆ هەنگاوەکانی لابردن لەم جۆرە دروستەیەدا، بڕوانە: بەکر عومەر عەلی، 1992، 53.

47- محەمەد مەعروف فەتاح، 1990، 84-85.

ب- *خانووەکە گەورەبە.

85- أ- (تۆ) باش بە لەگەڵ خەڵك.

ب- (ئێوە) خراپ مەبن لەگەڵ خەڵك.

## 6-1-4-2 فرێزی﴿پێشناوی‌و ناوی﴾ وەك ئەدڤێربڵی بکەر

فرێزی﴿پێشناوی‌و ناوی﴾ وەك ڕەگەزی ئەدڤێربڵی بەخورتی، دەتوانن بەشداریی دروستەی﴿بوو﴾ی یاریدەدەر بکەن‌و گوزارەکەی تەواوبکەن، بڕوانە﴿86، 87﴾.

86- أ- کارزان لەزانکۆ بوو.

ب- کارزان لەکوێ بوو؟ بکەر+ ئەدڤێربڵی بکەر+ کرداری یاریدەدەر

پ- * کارزان بوو لەزانکۆ.

87- أ- کۆبوونەوەکە ڕۆژی دووشەممە بوو.

ب- کۆبوونەوەکە کەی بوو؟

پ- * کۆبوونەوەکە بوو ڕۆژی دووشەممە.

بکەر+ ئەدڤێربڵی بکەر+ کرداری یاریدەدەر

لە﴿86﴾دا فرێزی پێشناوی﴿لەزانکۆ﴾ پێوەندیی بەبکەرەوە هەیەو گوزارشت لەشوێنی ئاماژەبۆکراوی﴿کارزان﴾ دەکات، کەبکەری ڕستەکەیە، لە﴿87﴾یشدا فرێزی ناوی﴿ڕۆژی دووشەممە﴾ ئاماژە بەکاتی﴿کۆبوونەوەکە﴾ دەدات، کەبکەری ڕستەکەیە، هەر لەبەرئەوەش زاراوەی ئەدڤێربڵی بکەری بۆ بەکارهاتووە، کەناتوانرێت لەدروستەکەدا لاببرێت، چونکە بەلابردنی دروستەو گوزارەی ڕستەکە ناتەواودەکات.

بەستنی ئەدڤێربڵی بکەر بەبکەرەوە هاوڕێك(تەریب)ـە بەتەواوکەری بکەر بەبکەرەوە، بڕوانە بەراوردکردنی ڕستەکانی﴿88﴾، بەلاَم لەوەدا جیاوازن، کەتەواوکەری بکەر سیفەتی بکەر دەردەخات، بۆیە لەدروستەی پرسیاردا بەهۆی وشەی پرسیاری﴿چی، چۆن﴾ـەوە پرسیاری لەبارەوە دەکرێت، بڕوانە﴿89﴾، بەلاَم ئەدڤێربڵی بکەر سیفەتی بکەر دەرناخات، بەڵکو﴿شوێن، کات...﴾ی بکەر دیاریدەکات‌و لەدروستە پرسیارییەکەشیدا بەهۆی﴿لەکوێ، کەی...﴾ـەوە پرسیاری لەبارەوە دەکرێت، بڕوانە﴿90﴾. واتە تەواوکەری بکەرو ئەدڤێربڵی بکەر دەشێت بەهۆی وشەی پرسیارەوە بنوێنرێن‌و ببنە هۆی تەواوکردنی کردارە یاریدەدەرەکە[48].

88- أ- کارزان مامۆستا بوو.

---

48- ئەدڤێربڵی بکەرو تەواوکەری بکەر لەڕووی پێوەندیی سیمانتیکی بکەریشەوە جیاوازن، بڕوانە بەراوردکردنی﴿أ، ب﴾.

أ- کارزان لەزانکۆ بوو. ب- کارزان قەڵەو بوو.

- ئوتومبێلەکە لەزانکۆ بوو. - * ئوتومبێلەکە قەڵەو بوو.

- کلیلەکە لەزانکۆ بوو. - * کلیلەکە قەڵەو بوو.

ب- کارزان قەڵەو بوو.

پ- کارزان لەزانکۆ بوو.

ت- کۆبوونەوەکە ڕۆژی دووشەممە بوو.

89- أ- کارزان چی بوو؟

ب- کارزان چۆن بوو؟

90- أ- کارزان لەکوێ بوو؟

ب- کۆبوونەوەکە کەی بوو؟

ئەدڤێربڵی بکەر لەکردەی تەواوکردندا جێکەوتەی تایبەت بەخۆی هەیە، بەپێچەوانەی ئەدڤێربڵی سەرپشکییەوە، کەدەشێت لەدروستەی ڕستەدا بگوێزرێتەوە، بڕوانە بەراوردکردنی﴿91، 92﴾.

91- أ- گۆشتەکە لەچێشتخانەکەدا بوو.

ب- * لەچێشتخانەکەدا گۆشتەکە بوو.

92- أ- لەچێشتخانەکەدا گۆشتەکە سووتا.

ب- گۆشتەکە لەچێشتخانەکەدا سووتا.

(ئاوەڵکرداره بنجییەکانی وەك﴿هێشتا، دیسان، خۆزگە، ڕەنگە، کاشکی، هەڵبەت، هەرگیز...﴾ لەتوانایاندا نییە، کرداری﴿بوو﴾ی یاریدەدەر تەواوبکەن، واتە ناتوانن لەگەڵ﴿بوو﴾دا فرێزی کرداری سازبکەن و فرێزی ناویی بکەر وەربگرن)[49]، چونکە ئەم ئاوەڵکردارانە هەرچەندە ئەرکی ئەدڤێربڵ لەڕستەدا دەبینن، بڕوانە﴿93﴾، بەڵام وەك ئەدڤێربڵی بەخورتی ناتوانن لەگوزارەی ڕستەدا کردار تەواوبکەن، بڕوانە﴿94﴾.

93- أ- سیروان هێشتا نەخەوتووە.

ب- هێشتا سیروان نەخەوتووە

94- أ- * من هێشتا بووم.

ب- * تۆ دیسان بوویت.

پێوەندیی تەواوکەری بکەرو ئەدڤێربڵی بکەر بەتەواوکەری بەرکارو ئەدڤێربڵی بەرکارەوە، بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کەتەواوکەری بکەرو ئەدڤێربڵی بکەر پێوەندیی ڕێزمانییان بەبکەرەوە هەیەو لەدروستەی ناتێپەڕدا دێن، بەڵام تەواوکەری بەرکارو ئەدڤێربڵی بەرکار پێوەندیی ڕێزمانییان بەبەرکارەوە هەیەو لەدروستەی تێپەڕدا دێن، لەبەرئەوە بەگۆڕینی دروستەی ڕستەیەك لەتێپەڕ(دیار)ەوە بۆ تێنەپەڕ(نادیار)، هەروەك چۆن بەرکاری ڕستەکە دەبێت بەبکەر، هەر بەو شێوەیەش جۆری ڕەگەزی تەواوکردنەکەش لەتەواوکەری بەرکارو ئەدڤێربڵی بەرکارەوە بۆ تەواوکەری بکەرو ئەدڤێربڵی بکەر دەگۆڕێت، بڕوانە﴿95، 96﴾.

---

49- ئازاد ئەحمەد حسێن، 2001، 27.

95- أ- من تۆ بەئازا دەزانم.

ب- تۆ بەئازا دەزانرێیت.

96- أ- ئەوان زەوییەکەیان کرد بەخانوو.

ب- زەوییەکە کرا بەخانوو.

## 2-4-2 تەواوکردنی کرداری تێپەڕی یەك بەرکاری

کرداری تێپەڕی یەك بەرکاری ئەو وەچەپۆلە کردارەیە، کە گوزارەکەی لەکردەی تەواوکردندا پێویستی بەتەواوکەرێك هەیە، کەئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینێت. ئەم بەرکارە دەشێت لەشێوەی«فرێزی ناوی، یان پاڕستەی(کە)ی تەواوکەر...»دا بنوێنرێت. واتە یەکێك لەو ڕەگەزانەی کرداری تێپەر تەواودەکەن بریتییە لەبەرکار. بۆیە بەرکار لەدروستەی ڕستەی کردار تێپەڕدا، لەپلەی بکەرو کرداردایەو وەك کەرەستەیەکی سەرەکی سەیردەکرێت، چونکە لەزۆر باردا[50] (لابردنی دەبێتە هۆی شێواندنو لەنگیی واتای ڕستە)[51]، بڕوانە«97».

97- أ- من ئەوانم بینی.

ب- ئەوان خواردن داوادەکەن.

بکەر+ بەرکار+ کرداری تێپەڕی یەك بەرکاری

ئەگەر سەرنجی ئەم جۆرە دروستەیە بدەین، ئەوا بەئاشکرا دەردەکەوێت، ئەم جۆرە کردارە لەڕستەدا دوو جێکەوتەی پێویست بۆ بکەرو بەرکار لەپێش خۆیەوە دەکاتەوە. لەبەرئەوە بەکردارێکی دوو لاییی دەناسرێت[52]. واتە (کردارەکە کەلەفەرهەنگەوە بۆ دروستەی قووڵی ڕستە دەهێنرێت خاوەنی دوو جۆر ڕۆڵی سیمانتیکییەو دوو دۆخی ڕێزمانیی بکەریو بەرکاری بەجێکەوتە سینتاکسییەکانی پێش کردار دەبەخشێت)[53].

فرێزی کرداری لەدروستەی تێپەڕی یەك بەرکاریدا دەشێت لەڕێی فرێزی پێشناوی ئەدڤێربڵەوە فراوانبکرێت، بەڵام ئەم ئەدڤێربڵە ئەرکی سەربار دەبینێت، نەك تەواوکەر، چونکە دەتوانرێت لابرێت بەبێ تێکدانی دروستە، یان گۆڕینی کرۆکی واتای کردارەکە، بڕوانە«98».

98- أ- من ئەوانم (لەهەولێر) بینی.

ب- من ئەوانم بینی.

کرداری تێپەڕی یەك بەرکاری، بەهۆی چەند کەتیگۆرییەکی سینتاکسییەوە دەنوێنرێت، دەرکەوتووترینیان ئەمانەن:

---

50- جگە لەو کردارانە نەبێت کەبەرکارێکی زانراو(چەمکی)یان لەگەڵدایە، بڕوانە ڕستەکانی«104» لە ل«58»ی ئەم نامەیە.

51- مەحمود فەتحوڵڵا ئەحمەد، 1988، 100.

52- یوسف شەریف سەعید، 1998، 28.

53- محەمەدی مەحوی، 2001، 129.

## 1-2-4-2 فرێزی ناوی وەك بەرکار


ژمارەیەك فۆڕمی کرداری، وەك﴿کڕین، نوسین، بڕین، چاندن، شتن، خواردن، کردنەوە، هەلگرتن...﴾ لەڕستەدا بۆ تەواوکردنی گوزارەکەیان داوای فرێزی ناویی تەواوکەر دەکەن، کەبلاوترین فۆڕمی تەواوکەری ئەم جۆرە کردارەیەو ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینێت، بڕوانە﴿99﴾.

99- أ- جوتیارەکە زەوی دەکێڵێت.

ب- * جوتیارەکە دەکێڵێت.

پ- * جوتیارەکە لەزەوی دەکێڵێت.

بەرکاری ڕاستەوخۆ لەم دروستەیەدا، ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەلات(ڕکێف)ی کردارەکەدایەو بەهەردووکیان پێکەوە فرێزی کرداری ڕستەکە پێکدەهێنن، پاشان بەیاریدەی فرێزی ناویی بکەر، ڕستەکە بەبەرهەمدێت[54]، بڕوانە﴿100﴾.



100- جوتیارەکە زەوی دەکێڵێت.

وەك لەدروستە هەرەمیەکەدا دیارە، کرداری﴿دەکێڵێت﴾ ڕاستەوخۆ حوکمی بکەر ناکات، بەڵکو فرێزی کرداری﴿زەوی دەکێڵێت﴾ حوکمی بکەر دەکات[55].

هەروەها (لەڕووی سیمانتیکیشەوە هەڵبژاردنی بەرکار وەك ڕەگەزێك لەگەڵ کردارەکەدا بەیەکەوە کار دەکەنەسەر ئەو ڕۆڵە واتاییەی بەبکەر دەدرێت)[56]، بڕوانە﴿101﴾.

101- أ- ئازاد ئارامی گرتەوە.

ب-ئازیز تۆپەکەی گرتەوە.

پ-پۆلیس دزەکەی گرتەوە.

ت-پیسی زێرابەکەی گرتەوە.

---

54- Amin 1976:4.

55- کرداری لێکدراو کەبەفرێزی ناویی بەرکار تەواودەکرێت، لەڕووی جیابوونەوەو جیانەبوونەوەی بناغەکانییەوە بەسەر دوو جۆردا دابەشدەبێت، جۆرێکیان بەرکار دەچێتە نێوان بناغەکانییەوەو لەیەکتریان جیادەکاتەوە، بڕوانە﴿أ﴾، بەلام جۆرەکەی تریان بناغەکانیان لەیەکتر جیانابنەوە، بڕوانە﴿ب﴾.

أ- 1 ژنەکە خواردن داوادەکات.

2- ژنەکە داوای خواردن دەکات.

ب- 1 ژنەکە خوری شیدەکاتەوە.

2- * ژنەکە شی خوری دەکاتەوە. بڕوانە﴿محەمەد عومەر عەول، 2001، 92﴾.

56- محەمەدی مەحوی، 2001، 99.

کرداری تێپەڕی یەك بەرکاری لەکاتی ڕابردوودا، ئەگەر بەرکارەکەی کەسی سێیەمی تاك بێت، ئەوا دەشێت دەرنەبڕدرێت، چونکە لەم کاتەدا لەدروستەی مۆرفۆسینتاکسدا دەبێتو لەشێوەی﴿Ø﴾ لەناو دروستەی کردارەکەدا بوونی دەبێت، بڕوانە﴿102﴾ کەتیایدا هەڵبژاردنی بکەرو بەرکار لەجۆری جێناوە کەسییەکانن.

102- أ- من ئەوم بینی.ـــــ بینیم Ø.

ب- من تۆم بینی. ـ بینیمیت.

پ- من ئەو دەبینم. ـــ دەیبینم.

دانانی دروستەی﴿102- أ﴾ بەڕێزمانیو تەواویی واتاکەی بۆ بوونی﴿Ø﴾ دەگەڕێتەوە، چونکە بەبەراوردکردنی﴿102- أ، ب﴾، یان بەگۆڕینی کاتی کردارەکە بۆ ڕانەبردوو، بڕوانە﴿102- پ﴾، بەئاشکرا جێکەوتەی نیشانەی بەرکار لەدروستەی کردارەکەدا بەدەردەکەوێت.

جێی سەرنجە ژمارەیەك فۆڕمی کرداری تێپەڕی یەك بەرکاریی، وەك﴿خواردنەوە، خوێندنەوە...﴾ دەشێت بەرکارەکانیان لەدروستەی ڕووکەشدا دەرنەبڕدرێن(لابرێن)، بڕوانە﴿103﴾.

103- أ- کوڕەکە دەخواتەوە.

ب- سیروان ناخوێنێتەوە[57].

هۆی دەرنەبڕینی بەرکار لەم جۆرە دروستەیەدا، بۆ ناسراویو ئاشنایەتی چەمکی بەرکار لەگەڵ ئەم جۆرە کردارانەدا دەگەڕێتەوە، ﴿دەخواتەوە﴾ لە﴿103- أ﴾دا داوای بەرکارێك دەکات، کەشلەمەنی بێتو زیاتریش بۆ خواردنەوە کحولیەکان(مشروبات) تایبەتمەندکراوە ، لەبەرئەوە ئەگەرچی لەلایەن قسەکەریشەوە ناوی نەهێنرێت، ئەوا (گوێگر بەم بەرکارە ئاشنایەو کارناکاتە سەر تێکدانی دروستەو واتای ڕستەکە)[58]. واتە ئەم جۆرە بەرکارە لەدروستەی قووڵی ڕستەدا بوونی هەیە، بەڵام لەبەر زانراوی لەلای گوێگر، لەدروستەی ڕووکەشدا پێویست بەناوهێنان ناکات، خۆ ئەگەر بەمەبەستی دیاریکردن بێت، ئەوا دەشێت لەڕستەکەدا دەربڕدرێت، بڕوانە﴿104﴾.

104- أ- کوڕەکە ئارەق دەخواتەوە.(نەك بیرە)

ب- سیروان ڕۆژنامە ناخوێنێتەوە.(نەك شتی تر)

لەکاتی گۆڕینی کرداری تێپەڕی یەك بەرکاری لەدروستەی دیارەوە بۆ نادیار، ئەوا فرێزی ناویی بەرکار بۆ جێکەوتەی بکەر دەگوێزرێتەوە، چونکە بەرکار لەدروستەی دیاردا لەپێچەوانەیەکی پراگماتیکیدایە لەگەڵ بکەری دروستەی نادیار، بڕوانە﴿105﴾.

105- أ- من ئەوانم بینی. ــــــ ئەوان بینران.

ب- ئەوان خواردن داوادەکەن. ــــــــ خواردن داواکرا.

---

57- بەرکاری ئەم کردارە ڕانەبردووانە، ئەگەر لەدروستەکەدا دەربکەوتنایە، ئەوا دەبوون بە: دەیخواتەوە، دەیانخواتەوە، نایخوێنێتەوە، نایانخوێنێتەوە.

58- Quirk etal 1985:1168.

هەرچەندە ژمارەیەك لەم کردارانە بەفرێزی ناوی تەواودەکرێن، کەچی دروستەی بکەرنادیاریان لێپێکناهێنرێت. گرنگترینیان بریتین لە کردارەکانی﴿هەبوون بەواتای خاوەنێتی، دەکات بەواتای ئەنجام، دەگرێت بەواتای پێوانە...﴾، بڕوانە﴿106﴾، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەهەردوو خەسڵەتی بەرکارو تەواوکەری بکەریان کەمە.

106- أ- پیاوەکە <u>دوو خانووی</u> هەیە. *~~دوو خانوو~~ هەیرا.

ب- سێو دوو <u>پێنج</u> دەکات. *~~پێنج دەکرێت~~.

## 2-2-4-2 <u>فرێزی خستنەپاڵ وەك بەرکار</u>

دروستەی فرێزی خستنەپاڵ کەلە﴿دەرخراو+ مۆرفیمی خستنەسەر+ دەرخەر﴾ پێکدێت، وەك فرێزێکی ناویی فراوانکراو کرداری تێپەڕی یەك بەرکاری تەواودەکات، بڕوانە﴿107﴾، بەڵام ئەگەر دەرخراوەکە ناوی ڕووداو(چاووگ) بوو، ئەوا بەپێی جۆری ناوی ڕووداوەکە، لێکدانەوەی واتای تەواوکردنی کردارەکە دەگۆڕێت، بڕوانە﴿108، 109﴾.

107- أ- من <u>کراسێکی سوورم</u> کڕی.

ب- من <u>هاوڕێکەی کارزانم</u> بینی.

108-من <u>مردنی نەوزادم</u> بیست.

109-من <u>کوشتنی نەوزادم</u> بیست.

کرداری﴿بیست﴾ لە﴿108، 109﴾دا کردارێکی تێپەڕی یەك بەرکارییەو بۆ تەواوکردنی گوزارەکەی لەڕستەکەدا، تەنیا پێویستی بەفرێزی ناویی بەرکار هەیە، کەڕاستەوخۆ دەکەوێتە پێش کردارەکەوە. بەپێی ڕێزمانی دروستەیی فرێزی ناویی بەرکار، کەلە﴿ناوی ڕووداو+ {ی}ی خستنەسەر+ ناوی تایبەتی﴾ پێکهاتووە. لە﴿108﴾دا ﴿نەوزاد﴾ بۆتە دەرخەری ناوی ڕووداوێکی تێنەپەڕ(مردن)، کەچی لە﴿109﴾دا بۆتە دەرخەری ناوی ڕووداوێکی تێپەڕ(کوشتن)و وەك بەرکاری ڕستەکە، کردارەکەیان تەواوکردووە. لەڕوانگەی دروستەییەکانەوە ئەم دوو ڕستەیە فۆڕم(شکڵ)ێکی دروستەی یەکسانیان هەیەو بەپێی ڕێزمانی دروستەیی، بەیەك جۆر دابڕدەکرێن. تا ئێرە هەموو شتێکی ئەو دوو ڕستەیە لەڕووی دروستەوە لەیەك دەچن، بەڵام کاتێك لەڕوانگەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانو گواستنەوەوە تێیان بڕوانین، دەشێت بەشێوەی جیاواز لێکبدرێنەوە[59]، چونکە ئەگەر لەپێوەندییەکانی دروستەی قووڵی ئەوان

59- هەر ڕستەك خاوەنی دوو دروستەیە(قووڵو ڕووکەش)، پێوانەی دروستەی قووڵ لەڕێی توانست(Competence)ەوە دیاریدەکرێت، کە لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵدا بوونی هەیەو ڕۆڵی سەرەکی لەفێربوونی زمانی منداڵدا(هەر زمانێك بێت) دەبینێت، بەڵام دروستەی ڕووکەش، کەئاکامو بەرهەمی چالاکیی قسەکردن(Performance)ەو لەڕێی توانستەکەوە دەتوانرێت دەرببڕدرێت. بڕوانە:﴿أحمد سليمان ياقوت، 1985، 37﴾.

بـــڕوانین، ئـــەوا جیاوازییـــەکانیان ئاشـــکرادەبێت، بڕوانـــە پێوەنـــدیی دروســـتە قووڵـــەکان، کەلەهـــەر ڕستەیەکیاندا نیشاندراوە[60].

ڕستەی﴿108﴾ لەدروستەی قووڵدا لەدوو ڕستەی سادەترەوە بەبەرهەمهاتووە.

أ- من بیستم.   ب- نەوزاد مرد.

یاساکانی گواستنەوە بۆ ئەوەی دروستەی قووڵ بۆ دروستەی ڕووکەش بگۆڕن:

1) لێکدانی ڕستەکان:من بیستم نەوزاد مرد.

2) کردنی کرداری ﴿مرد﴾ بەناو، واتە لابردنی﴿نیشانەی بکەر﴾و پێدانی{in}ی ناوی ڕووداو:

من بیستم نەوزاد مردن

3) جێگۆڕکێی﴿مردن﴾و ﴿نەوزاد﴾:  من بیستم مردن نەوزاد

4) تێئاخنینی{ی}ی خستنەسەر لەنێوان﴿مردن﴾و ﴿نەوزاد﴾:من بیستم مردنی نەوزاد

5) گواستنەوەی کردار بۆ کۆتایی ڕستە:   من مردنی نەوزاد بیستم

6) گواستنەوەی نیشانەی بکەر لەکردارەوە بۆ بەرکار:  من مردنی نەوزادم بیست. دروستەی ڕووکەش

بـــەم پێیـــە دەبیـــنین، بەیارمـــەتی یاســـاکانی گواســـتنەوە، کـــرداری تێنەپـــەڕی﴿مرد﴾ کـــراوە بـــەناوی ڕووداو﴿مـــردن﴾و لەگـــەڵ بکەرەکەیدا﴿نـــەوزاد﴾ بۆتـــە فرێزێکـــی خســـتنەپاڵ﴿مردنی نـــەوزاد﴾و پاشـــان وەك فرێزێکی ناوی، جێکەوتەی بەرکاری ڕستەکەی گرتووەو کرداری﴿بیستم﴾ی تەواوکردووە.

ڕستەی﴿109﴾ش لەدروستەی قووڵدا لەدوو ڕستەی سادەترەوە بەبەرهەمهاتووە.

أ- من بیستم.  ب- نەوزادی کوشت.

1) لێکدانی دوو ڕستەکە:    من بیستم نەوزادی کوشت.

2) کردنی کرداری ڕستەی دووەم بەناوی ڕووداو، واتە لابردنی﴿نیشانەی بکـەر﴾و پێـدانی{in}ی نـاوی ڕووداو:

من بیستم نەوزاد کوشتن

3) ئاڵوگۆڕکردنی﴿کوشتن﴾و ﴿نەوزاد﴾:    من بیستم کوشتن نەوزاد

4) تێئاخنینی{ی}ی خستنەسەر لەنێوان﴿کوشتن﴾و ﴿نەوزاد﴾: من بیستم کوشتنی نەوزاد

5) گواستنەوەی کردار بۆ کۆتایی ڕستە:    من کوشتنی نەوزاد بیستم

6) گواستنەوەی نیشانەی بکەر بۆ سەر بەرکار: من کوشتنی نەوزادم بیست.دروستەی ڕووکەش

بەم پێیە دەردەکەوێت، کەبەیارمـەتی یاسـاکانی گواسـتنەوە، کـرداری تێپەڕی﴿کوشـتی﴾ی کـراوە بـەناوی ڕووداو﴿کوشتن﴾و لەگەڵ بەرکارەکەیدا﴿نەوزاد﴾، بۆتە فرێزێکی خستنەپاڵ﴿کوشتنی نەوزاد﴾و پاشان وەك فرێزێکی ناوی، کراوەتە بەرکاری ڕستەکەو کرداری﴿بیستم﴾ی تەواوکردووە.

---

60- بیرۆکەی ئەم لێکدانەوەیەم لە﴿محەمەد ڕەزای باتنی، 1993، 119﴾ وەرگرتووە.

بەلەبەرچاوگرتنی لێکدانـەوەو شـیکردنەوەی ڕسـتەی﴿108، 109﴾ دەردەکـەوێت، کەدروسـتەی قـووڵی ئەو دوو ڕستەیە یەکسان نیین، لەدروستەی قـووڵی﴿108﴾دا ﴿نـەوزاد﴾ بکـەرە، لەکاتێکـدا لەدروسـتەی قـووڵی﴿109﴾دا بـەرکارە، لەگـەڵ ئەوەشـدا دووای سـەرگرتنی گـۆڕینی پێویسـت، دروسـتەی ڕووکەشـی هەردوو ڕستەکە یەکسان دەبن، بـەڵام خـاڵی گـرنگ لێـرەدا ئەوەیـە، کەقسـەکەرو گوێگری زمـانی کـوردی نـەك بـەگوێرەی دروسـتەی ڕووکەشـی ئـەوان، بـەڵکو بـەگوێرەی دروسـتەی قـووڵی جیـاوازیی ئـەوان، ڕستەیەکی جیاوازی ئاوا دەردەبڕن(بەبەرهەمدێنن).

(ئەم لێکدانەوەیە ئەگەر ڕاست بێت، دەبێت ئەو ئەنجامـە وەربگیرێـت، کـەوەك چۆمسکی بەئـەو ئەنجامـە گەیشتووە، کـەڕێزمانی دروسـتەیی بەشیکردنەوەو لێکدانـەوەی دروسـتەی ڕووکەشـی ڕسـتەکانی زمانـەوە خۆخەریکـدەکات، ناتوانێـت پێوەندییــە ڕاســتەقینەکانی نێــوان ڕســتەکانی زمــان بــدرکێنێت، ناچــار شیکردنەوەو لێکدانەوەکە سەرپێیی‌و میکانیکی دەبێت‌و زۆرجـار لەگـەڵ بۆچـوونی زمـانی قسـەپێکەرانی زمانەکەدا ناگونجێت، بەڵام ڕێزمانەکەی چۆمسکی لەشـیکردنەوەی ڕسـتەکانی زمانـدا، خـۆی بەدروسـتەی ڕووکەشی ڕستەوە نابەستێتەوە، بەڵکو پێوەندیی ئەوان لەگـەڵ دروسـتەی قـووڵ‌و یاسـاکانی گواسـتنەوەدا لەبەرچـاودەگرێت‌و نیشـانی دەدات، کەچـۆن گواسـتنەوە جۆربـەجۆرەکان دەبنــە هــۆی تێکــەوەئاڵانی پێوەندییــە دروســتەییەکان‌و چــۆن دروســتەی قــووڵ بەدروســتەی ڕووکەشــەوە دەئاڵۆزێنێــت. ئەمــەش لەباسـکردن‌و شــیکردنەوەی زمانــدا دەمانگەیەنێتــە ڕێزمــانێکی کارامــەترو لەگــەڵ بۆچــوونی زمــانی قسەپێکەرانی زمانەکەدا زیاتر دەگونجێت)[61].

## 3-2-4-2 پێوەندیی ڕێزمانیی بکەر و بەرکار

پێوەنــدیی ڕێزمــانی نێــوان بکــەر و بــەرکار، لەڕووی﴿کــەس، ژمــارە، ناســراوی، نەناسراوی...﴾ــەوە سەربەخۆیە. واتە بکـەرێك﴿تاك یـان کـۆ ، ناسـراو یـان نەناسـراو...﴾ دەشـێت بـەرکارێکی﴿تاك یـان کـۆ، ناسراو یان نەناسراو ...﴾ی لەگەڵدا بێت، بڕوانە﴿110﴾.

بکەر بەرکار

110-أ- من تۆم بینی. تاك تاك

ب- من ئێوەم بینی. تاك کۆ

پ- ئەوان منیان بینی. کۆ تاك

ت- ئەوان ئێوەیان بینی.کۆ کۆ

ج- کوڕەکە چراکەی هێنا. ناسراو+ تاك ناسراو+ تاك

چ- کوڕێك چراکەی هێنا. نەناسراو+ تاك ناسراو+ تاك

ح- کوڕەکە چرایەکی هێنا. ناسراو+ تاك نەناسراو+ تاك

61- محەمەد ڕەزای باتنی، 1993، 123.

خ- کوڕەکە چراکانی هێنا. ناسراو+ تاك  ناسراو+ کۆ

د- کوڕێك چراکانی هێنا.  نەناسراو+ تاك ناسراو+ کۆ

ر- کوڕەکان چرایەکیان هێنا...ناسراو+ کۆ نەناسراو+ تاك

بکەر و بەرکار لەدروستەی ڕستەدا،کە بۆ یەك کەس بگەڕێتەوە، واتە ئەگەر کردارەکە بەبەرکارێك تەواوکرابێت، کەلەگەڵ بکەرەکەدا هەر ئەو کەسە بێت، ئەوا مەرجە بەرکارەکە جێناوی خۆیی بێت، بڕوانە﴿111﴾.

111-أ- من خۆمم شت.

ب- * من منم شت.

پ- تۆ خۆتت لەتەلەفزیۆندا بینی؟

ت- * تۆ تۆت لەتەلەفزیۆندا بینی؟

هۆی هاتنی جێناوی خۆیی لەم جێکەوتەیەدا، بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کەجێناوە خۆییەکە لەبنەڕەتدا پێوەندییەکی ئاماژە بەجێناوەکەی پێش خۆی دەداتو لەڕێی بەستنەوە بەجێناوەکەی پێش خۆیەوە دەبەسترێتەوە، تەنانەت ئەگەر بەرکارەکە لەشێوەی فرێزێکی خاوەندارێتیدا کردارەکەی تەواوکردبێت، دروستەی فرێزە خاوەندارێتیەکەش لە﴿ناو+ مۆرفیمی خستنەسەر+ جێناوی کەسی﴾ پێکهاتبێت، ئەوا لەم بارەشدا جێناوەکە هەر لەو مەرج و کۆتەی پێشوو ڕزگاری نابێت، بڕوانە﴿112، 113﴾.

112- ئێمە کتێبی خۆمان دەخوێنینەوە.

113-* ئێمە کتێبی ئێمە دەخوێنینەوە.

114-ئێمە کتێبی خۆی دەخوێنینەوە.

115-ئێمە کتێبی ئەو دەخوێنینەوە.

ڕستەکانی﴿112، 114، 115﴾ لەلایەن هەموو کوردی زانێکەوە پەسەنددەکرێت، بەڵام ڕستەی﴿113﴾ لەگەڵ ئەوەی کەواتاکەشی ڕوونە، کەچی جێگەی پەسەندکردن نییە. نادروستی ئەم ڕستەیەش لەوەدایە، کەیەکێك لەیاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردی تێکداوە، ئەویش بریتییە لەوەی کاتێك فرێزی ناوی لە﴿دەرخراوو دەرخەر﴾ پێکهاتبێتو دەرخەرەکە خاوەنێتی بگەیەنێتو جێناوی کەسی بێت. لەکاتێکدا ئەم فرێزە ناوییە لەجێکەوتەی بەرکاردا بێت و کردارە تێپەڕەکەی تەواوکردبێت، ئەگەر جێناوە خاوەنێتییەکە لەگەڵ بکەری ڕستەکەدا هەردووکیان ئاماژە بۆ یەك کەس بکەن، ئەوا جێناوەکە ناتوانێت لەجێناوە کەسییە سەربەخۆکان بێت، بڕوانە﴿113﴾، بەڵکو دەبێت(مەرجە) جێناوی خۆیی بێت، بڕوانە﴿112﴾.

پێوەندیی نێوان ڕستەی﴿112، 113﴾ش لەوەدایە، (لەبەرئەوەی﴿ئێمە﴾ لە﴿113﴾دا دووبارە کراوەتەوە، ﴿ئێمە﴾ لەفرێزی دووەمدا(کتێبی ئێمە) بەیاسایەك لادەبرێتو بەجێناوی﴿خۆیی+ جێناوی

لکاو﴾ جێی دەگیرێتەوە. بەم جۆرەش ڕستەکە لەدروستەی ڕووکەشدا دەبێت بە﴿112﴾)[62]، بەڵام ئەگەر جێناوەکە وەك بکەری ڕستەکە نەبێت، ئەوا دەتوانێت جێناوی﴿سەربەخۆ، یان خۆیی﴾ بێت، بڕوانە﴿114، 115﴾، کەچی ئەگەر دەرخەرەکە جێناوی لکاو بێت، ئەوا بێ ئەوەی پێوەندیی بەبکەری ڕستەکەوە هەبێت، ڕێگەی پێدەدەرێت، بڕوانە﴿116، 117﴾، کەلە﴿116﴾دا جێناوە لکاوەکە لەگەڵ بکەری ڕستەدا بۆیەك دەگەڕێنەوە، بەلاّم لە﴿117﴾دا بۆیەك ناگەڕێنەوە. بەسوود وەرگرتن لەم مەرجە وەك یاسایەك ڕستەی ڕێزمانی بەبەرهەم دێت، بەلاّم ڕستەی ناڕێزمانی بەبەرهەم نایەت[63].

116- <u>من</u> <u>کتێبەکەم</u> دەخوێنمەوە.

117- <u>من</u> <u>کتێبەکەی</u> دەخوێنمەوە.

## 4-2-4-2 <u>پاڕستەی(کە)ی تەواوکەر وەك بەرکار</u>

وەچەپۆلێکی فۆڕمی کرداری تێپەڕی یەك بەرکاریی وەك:﴿زانین، بیستن، پرسین، داواکردن...﴾ لەجۆرێك لەدروستەی ڕستەکەیاندا لەبری ئەوەی کردارەکە بەفرێزی ناوی تەواوبکرێت، بەپاڕستەی(کە)ی تەواوکەر تەواودەکرێت. واتە(ئەم کردارانە وادەخوازن کەبەرکار لەشێوەی پاڕستەی تەواوکەردا بکەوێتە دووایانەوە)[64]، بڕوانە﴿118﴾.

118-أ- من زانیم، کە وەلاّمی مەتەڵەکە چییە.

ب- تۆ بیستت، کە پیاوەکە مرد.

ڕستەکانی﴿118﴾ دروستەیەکی ئاڵۆزیان هەیە، چونکە لەڕستەیەکی سەرەکی(شاڕستە)و پاڕستەیەکی تەواوکەر پێکهاتوون، کەتیایدا کرداری ڕستە سەرەکییەکە تێپەڕە و بەرکارەکەی نەهاتووە، واتە کردارەکە تەواونەکراوە، لەبەرئەوە پاڕستە تەواوکەرەکە لەڕووی ئەرکەوە کرداری ڕستە سەرەکییەکە تەواودەکات[65]و ئەرکی بەرکار دەبینێت.

هاتنی[کە]ی ئەرکی، لەنێوان ڕستە سەرەکییەکە و پاڕستە تەواوکەرەکەدا سەرپشکییە، چونکە بەبێ گۆڕانی واتای ڕستەکان دەشێت لابرێت، بۆیە لەکاتی لابردنیدا دەشێت ئەرکەکەی بە سفر لەقەڵمبدرێت[66]، بڕوانە﴿119﴾.

---

62- وریا عومەر ئەمین، 2004، 318.

63- سوودم لە﴿محەمەد ڕەزای باتنی، 1993، 139﴾ وەرگرتووە.

64- مەحمود فەتحوڵلاّ ئەحمەد، 1988، 104.

65- لەڕوانگەی کردەی تەواوکردنەوە، تەنیا پاڕستەی(کە)ی تەواوکەر کردار تەواودەکات، چونکە پاڕستەی﴿ئاوەڵناوی و ئەدڤێربلی...﴾ بەرکردەی تەواوکردن ناکەون، لەبەرئەوەی بەلابردنی [کە]، ئەو دوو ڕستەیەی دەمێننەوە لەڕووی دروستەوە ڕێزمانینو لەڕووی واتاشەوە تەواون، بڕوانە﴿أ، ب﴾.

أ- ئەو کوڕەی کەلەدەرەوەیە برامە. ئەو کوڕە لەدەرەوەیە، ئەو کوڕە برامە. پاڕستەی ئاوەڵناوی

ب- ژنەکە نانی دەخوارد کەمێردەکەی گەڕایەوە. ژنەکە نانی دەخوارد، مێردەکەی گەڕایەوە. پاڕستەی ئەدڤێربلی

66- Quirk etal 1985:1179.

119-أ- من زانیم وەڵامی مەتەڵەکە چییە.   ب- تۆ بیستت پیاوەکە مرد.


گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم  پاڕستە تەواوکەرە ئەوەیە، کەدوای کرداری ڕستەی سەرەکی دەکەوێت، بەواتایەکی تر ڕستە سەرەکییەکە و پاڕستە تەواوکەرەکە ناتوانرێت پاشوپێش بکرێن[67]، بڕوانە﴿120﴾.

120- أ- * وەڵامی مەتەڵەکە چییە من زانیم. ب- * پیاوەکە مرد تۆ بیستت.

پاڕستەی تەواوکەر لەڕووی جێکەوتەی سینتاکسییەوە لەفرێزی ناوی جیاوازە، کەئەرکی بەرکار دەبینن، لەدروستەی هەرەمی ڕستەدا فرێزی ناوی بەرکار پێش کردار دەکەوێت، بڕوانە﴿121﴾، بەڵام پاڕستەی تەواوکەر دوای کردار دەکەوێت، بڕوانە﴿122﴾.

121-تۆ           مردنی پیاوەکەت          بیست.

بکەر           بەرکار          کردار




---

67- پاڕستەی﴿ئاوەڵناوی، ئەدڤێربڵی، مەرجی...﴾ لەگەڵ ڕستە سەرەکییەکانیاندا دەشێت پاشوپێش بکرێن، بڕوانە﴿أ، ب، پ﴾.

أ- ئەو کوڕە کەلەدەرەوە دانیشتووە، برامە.

ئەو کوڕە برامە، کەلەدەرەوە دانیشتووە.

ب- ژنەکە نانی دەخوارد، کەمێردەکەی گەڕایەوە.

کەمێردەکەی گەڕایەوە، ژنەکە نانی دەخوارد.

پ- دەشت سەوز دەبێت، ئەگەر باران ببارێت.

ئەگەر باران ببارێت، دەشت سەوز دەبێت.

بکەر          کردار          بەرکار﴿کە+ ڕستە﴾

پـاش بـەراوردکردنی دروسـتەی﴿121، 122﴾ (واتـە کاتێـك کـرداره تێپەڕەکـە بـەفرێزی نـاوی تـەواوکرابێت، یـان بەپاڕسـتەی تەواوکـەر تـەواوکرابێت) بۆچـوونێکی وامـان لا گەڵاڵـە دەبێـت کەهـەردوو ڕستەکە پێوەندییەکی سینتاکسی و سیمانتیکی پتەو لەنێوانیانـدا هەیـە. لـەڕووی واتـاوە وەك یـەکن، یـان نزیك بەیەکن، لەڕووی دروستەشەوە جۆرێك لەپێوەندیی لە نێوانیانـدا هەیـە، کـە دەشـێت لێکبدرێتـەوە، ئەویش کاتێك بەدەردەکـەوێت، کەئەگـەر لەڕوانگـەی ڕێزمـانی بەرهـەمهێنانو گواسـتنەوەوە لەدروسـتەی قووڵی ئەو ڕستانە بڕوانین، دەشێت بـەجۆرێك لێکبدرێتـەوە، کەهـەردوو ڕسـتەکە لەدروسـتەی قووڵیانـدا لەلێکدانی دوو ڕسـتەی سـادەوە بەبەرهـەمهاتبن، واتـە پاڕسـتەکە ئـاوەڵفرێزکراوە بـۆ دروسـتەی فرێزێـك، بڕوانە لێکدانەوەی ﴿یەکەم، دووەم﴾.

<u>یەکەم:</u>

أ- تۆ بیستت.   ب- پیاوەکە مرد.   دروستەی قووڵ

یاساکانی گواستنەوە بۆ ئەوەی دروستەی قووڵ بۆ دروستەی ڕووکەش بگۆڕن:

1) لێکدانی ڕستەکان

تۆ بیستت پیاوەکە مرد.

2) کردنی کرداری﴿مرد﴾ بەناو، واتە لابردنی نیشانەی بکەری[Ø]و پێدانی[in]ی ناوی ڕووداو.

تۆ بیستت پیاوەکە مردن

3) جێگۆڕکێی﴿مردن﴾و ﴿پیاوەکە﴾ و تێئاخنینی/زیادکردنی [ی]ی خستنەسەر لەنێوانیاندا.

تۆ بیستت مردنی پیاوەکە

4) گواستنەوەی کردار بۆ کۆتایی ڕستە.

تۆ مردنی پیاوەکە بیستت

5) گواستنەوەی نیشانەی بکەر لەکردارەوە بۆ بەرکار.

تۆ مردنی پیاوەکەت بیست.      دروستەی ڕووکەش

<u>دووەم:</u>

أ- تۆ بیستت.   ب- پیاوەکە مرد.   دروستەی قووڵ

یاساکانی گواستنەوە بۆ ئەوەی دروستەی قووڵ بۆ دروستەی ڕووکەش بگۆڕن:

لێکدانی ڕستەکان (بەیارمەتی [کە])

تۆ بیستت (کە) پیاوەکە مرد.      دروستەی ڕووکەش

ئـەم دوو لێکدانـەوەیـە ئەگـەر پەسـەند بکـرێن، ئـەوە دەردەکـەوێت کـەدوو ڕسـتەکە لەدروسـتەی قووڵـدا بەیارمـەتی یاسـا جیاوازەکـانی گواسـتنەوە دوو دروسـتەی ڕووکەشـیان بەرهـەمهێناوە، کەیەکـەمیان بـە ڕستەی سادە و ئەوی تریان بە ئاڵۆز ناونراون[68].

لێکدانەوەی پێوەندیی سینتاکسی تەواوکردنی ئەم جۆرە کردارە بەفرێزی ناوی، یان بەپاڕستەی تەواوکەر بۆ هەموو کـردارو دروسـتەی ڕسـتەیەك بـەو چەشـنە نییـە، چونکە کـردار هەیـە، تـەنیا بـەفرێزی نـاوی تــەواودەکرێتو ڕێگــە نــادات پاڕســتەی تەواوکــەر وەك بــەرکار دووای بکــەوێت، بڕوانــە﴿123﴾، بەپێچەوانەشەوە، کردار دەبینرێت، فرێـزی نـاوی تەواوکـەر وەرناگرێت، بـەڵکو هەمیشـە داوای پاڕسـتەی تەواوکـەر دەکـات، بڕوانـە﴿124﴾، کـە(زانیاریی مەبەسـت، لـەواتای کـرداری پاڕسـتە تەواوکەرەکـەوە دەسـتدەکەوێت، چـونکە کـرداری ڕسـتە سـەرەکییەکە واتایـەکی ڕوون و تـەواو ناگەیـەنێت)[69]، بڕوانـە بەراوردکردنی﴿124- أ، پ﴾.

123- أ- دزەکە پارەی بانکەکەی دزی.

ب-* دزەکە دزی کە پارەی بانکەکە ببات.

124- أ- من پێم وایە، کە سیروان دێت.

ب-* من هاتنی سیروانم پێوایە.

پ- من پێم وایە، کەسیروان نایەت.

ئەگەر کرداری ڕستەی سەرەکی بـۆ نادیـار بگۆڕدرێت، ئـەوا پاڕسـتە تەواوکەرەکـە ئـەرکی بکـەری کـردارە نادیارییەکـە لەئەسـتۆ دەگرێت، یـان بـۆ جێناوی﴿ئـەوە﴾ی پێشـنیازکراو دەگەڕێتـەوە، چونکە ئاشـکرایە نیشانەی بکەر لەدروستەی کردارە نادیارەکەدا جگە لەکەسی سێیەمی تاك کە[ێت]ـە بـۆ ڕانـەبردوو [Ø] بۆ ڕابردوو ڕێگە بەهاتنی نیشانەلکاوە کەسییەکانی تر نادات، بڕوانە﴿125﴾.

125- أ- دەزانرێت وەڵامی مەتەڵەکە چییە.

ب- بیسترا پیاوەکە مرد.

پ- ئەوە بیسترا کەپیاوەکە مرد.

ت- * زانرام کە وەڵامی مەتەڵەکە چییە.

ج- * زانرایت کە وەڵامی مەتەڵەکە چییە.

---

68- چۆمسکی دووای شیکردنەوەو لێکۆڵینەوە بەو ئەنجامە گەیشت، کـەڕێزمانی دروسـتەیی لەوزەیـدا نییـە، ئـەو پەیوەندییـە زۆر گرنگانە دەربڕێت، کە لەنێوان ڕستەکانی زماندا هەن. هەڵبـەت مەبەسـتی ئـەوە نییـە، ڕێزمـانی دروسـتەیی پێـی ناکرێت، کـە ئـەو خاڵە جیاوازو لێکچووانەی لەنێوان ڕستەکانی زماندا هەن، شیبکاتەوە، بەڵکو وای بۆدەچێت، ئەگەر بڕیار وابێـت، ڕێزمـان بتوانێـت، بەباشی ڕاستەڤینەکانی زمان شیبکاتەوەو پەیوەندییەکانی نێوان ڕسـتەکانی زمـان ڕوونبکاتـەوە، هەرئەوەنـدە بـەس نییـە، کـەخۆی بەنیشانەو پەیوەندییە دیارو بەرچاوەکانەوە(ڕووکەش) خـەریکبکات، بـەڵکو دەبێـت بتوانێـت ئـەو پەیوەندییـە شـاراوانەش(قووڵ)، کەلەدروستەی ڕستە بەرچاوەکاندا هەن دەربخاتو بیان سەلمێنێت. محەمەد ڕەزای باتنی، 1993، 112-114.

69- سوودم لە﴿Qurik etal 1985:1179﴾وەرگرتووە.

## 5-2-4-2 فرێزی پرسیاری وەك بەرکار

کرداری تێپەڕی یەك بەرکاری لە دروستەی پرسیاریدا، بەرکارەکەی لەبری فرێزی ناوی، بەفرێزی پرسیاری تەواو دەکرێت. فرێزی پرسیاری دەرکەوتوو لێرەدا(کێ، کام...) بۆ کەس، (چی، کام...) بۆ شت بەکاردەهێنرێن، بڕوانە﴿126﴾.

126- أ- تۆ کێ دەنێریت؟

ب- تۆ چی دەنێریت؟

بەکارهێنانی فرێزی پرسیاری لەجێگەی فرێزی ناوی و پێوەندیی سینتاکسیی پێیەوە، بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کەفرێزی پرسیاری لەڕووی پێوەندیی جێنشینییەوە جێگەی هەموو فرێزە ناوییەکە دەگرێتەوە. بەواتایەکی تر ڕستەیەکی پرسیاریی وەك ﴿127﴾ دەکرێت ڕستەی بێ سنووری وەك﴿128﴾ ببێتە وەڵام بۆی.

127- تۆ چی دەکڕیت؟

128- أ- من دوو کراس دەکڕم.

ب- من کراسێکی سوور دەکڕم.

پ- من دوو کراسی تازە دەکڕم ...

## 3-4-2 تەواوکردنی کرداری تێپەڕی پێشناوی

ناونانی فۆڕمی کرداری﴿پێدان، پێناسین، تێخستن، تێگرتن، لێکردن...﴾ وەك وەچەپۆلێکی کرداری تێپەڕ بەتێپەڕی پێشناوی، بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەڕستەدا گوزارەکەیان لەلایەکەوە پێویستی بەبەرکارە، لەبەرئەوە تێپەڕە، لەلایەکی تریشەوە پێویستی بەفرێزێکی پێشناوی ئەدڤێربلی بەرکارە[70]. واتە ئەم جۆرە کردارە داوای دوو جۆر تەواوکەر دەکات، کەناتوانین دەستبەرداری هیچ کامێکیان ببین، بڕوانە﴿129﴾.

129- أ- من کەیوان لەتۆ دەکەم.

ب- * من کەیوان ... دەکەم.

پ- * من ..... لەتۆ دەکەم.

بکەر+ بەرکار+ ئەدڤێربلی بەرکار+ کرداری تێپەڕی پێشناوی

جیاوازی کرداری تێپەڕی پێشناوی لەگەڵ تێپەڕی یەك بەرکاری لەڕوانگەی کردەی تەواوکردنەوە لەوەدایە، کەگوزارەکەیان تەنیا بەبەرکار تەواوناکرێت، بڕوانە﴿129- أ﴾، لەکاتێکدا تێپەڕی یەك

70- ئەگەر وەچەپۆلێکی کردار پێویستی بەبەرکار نەبوو، بەڵکو تەنیا بەهۆی فرێزی پێشناوی ئەدڤێربڵەوە تەواوکرا، ئەوا ناودەنرێت بەتێنەپەڕی پێشناوی‌و فرێزە پێشناوییە ئەدڤێربلێیەکەش بەئەدڤێربلی بکەر لەقەڵەمدەدرێت. بڕوانە: تەواوکردنی کرداری تێنەپەڕی پێشناوی لە ل﴿81﴾ی ئەم نامەیەدا.

بەرکاری تەنیا بەبەرکار تەواودەکرێت، بڕوانە﴿130﴾. واتە بوونی فرێزی پێشناوی لەفرێزی کرداری تێپەڕی پێشناویدا بەخورتیەو لانابرێت، بەلاَم لەتێپەڕی یەك بەرکاریدا سەرپشکییەو ، بەبێ تێکدانی دروستە، یان گۆڕینی ڕۆڵی سیمانتیکی پێوەندار بەبەرکارەوە دەشێت لابرێت، بڕوانە﴿130- ب﴾.

130- أ- ژنەکە کراسەکە دەشوات.

ب- ژنەکە کراسەکە بۆ منداڵەکەی دەشوات.

لە﴿129﴾دا داواکردنی دوو جۆر تەواوکەر لەلایەن کردارەکەوە، پێوەندیی بەدروستەی کردارەکەوە هەیە، کەلەفۆڕمێکی پێشناویو کردارێکی تێپەڕ پێکهاتووە[71]، کردارەکە داوای بەرکارو فۆڕمە پێشناوییەکەش داوای تەواوکەری پێشناو دەکات، کەپێکەوە فرێزێکی پێشناوی ئەدڤێربڵی بەرکار بۆ تەواوکردنی کردارەکە پێکدەهێنن.

سەبارەت بەمۆرفیمەکانی{پێ، لێ، تێ...}[72] وەك پێشناوێکی مۆرفۆسینتاکسی، بەشێکی بنجیی کردارن، بەفۆڕمێکی فۆنۆلۆجیو فەرهەنگییەوە لەفەرهەنگدا تۆمارکراونو ئەرکێکی واتاییان هەیە، (کاتێك ئەم کردارانە فرێزە تەواوکەرەکانیان کەرەستەی فەرهەنگی تەواوبن، فۆڕمی فۆنۆلۆجیان بۆ پێشناوی سینتاکسی﴿بە، لە، ـە...﴾ دەگۆڕدرێت[73]، ئەم ڕستانەش دەتوانرێت دیسانەوە هەروەك خۆیان لەبنەڕەتدا چۆن بوون وەهایان لێبکرێتەوە. واتە بخرێنەوە سەر دروستەی مۆرفۆسینتاکسی)[74]، بڕوانە﴿131، 132﴾.

131-أ- من کەیوانم لێکردیت. ⇄ ب- من کەیوانم لەتۆ کرد.

132-أ- من کەیوانت لێدەکەم. ⇄ ب- من کەیوان لەتۆ دەکەم.

ئەگەر بەراوردی﴿131﴾ لەگەڵ﴿132﴾دا بکەین، دەبینین ئەو جێناوە لکاوەی چۆتە جێکەوتەی تەواوکەری پێشناو جیاوازە، لە﴿131- أ﴾دا کەکردارەکە ڕابردووە، جێناوی لکاوی﴿یت﴾ کۆتایی قەدی کرداری گرتووە، بەلاَم لە﴿132- أ﴾دا کەڕانەبردووە، جێناوی لکاوی﴿ت﴾ چۆتە سەر بەرکارەکە، کەچی

---

71- ﴿پێ، لێ، تێ...﴾ کاتێك بەشێك دەبن لەکردارەکە، کەواتای کردارەکە بگۆڕن، چونکە ئەم پێشناوانە لەدروستەی تێپەڕی پێشناویدا پۆلێکی گرنگ پێکدەهێنن، کەدووبارە لەناو خۆیاندا دابەشدەبنەوە، بۆیە دەکرێت ژمارەی وەچەکەتیگۆری جیایان بدرێتێ، بڕوانە﴿أ، ب، پ﴾.

أ- پێ کردن

ب- لێ + خستن پێکردن، لێخستن، تێدان...

پ- تێ دان

72- سەبارەت بەناونانی مۆرفیمەکانی﴿پێ، لێ، تێ...﴾ نوری عەلی ئەمین، بەپێشناویان دادەنێت، بەلاَم تێڕوانینی سادق بەهادین بەوجۆرەیە، لەبنەڕەتدا پێشناوبوون، بەلاَم ئێستا دەروی پێشناو نابینن، هەرچی مەسعود محەممەدیشە بڕوای وایە ئەمانە کەبوون بەپێشگر لەوە دەشۆرێنەوە، پێیان بگوترێت پێشناو، نەسرین فەخرییش باری سەرنجی وایە، ئەمانە پێشگرن، هەرچەندە لەبنەڕەتدا لەپێشناو پێکهاتوون، چونکە ئێستا لەڕواڵەتو ناوەرۆکدا لێی دوورکەوتوونەتەوەو ڕۆڵی پێشگر دەبینن. بڕوانە﴿لیژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕ، 1976، 314-316﴾.

73- بۆ چۆنێتی گۆڕینی پێشناوی مۆرفۆسینتاکسی بۆ سینتاکسیو بەپێچەوانەوە، بڕوانە: وریا عومەر ئەمین، 2004، 324-332.

74- محەممەدی مەحوی، 2001، 56.

لەدروستەی﴿131- ب، 132- ب﴾دا کاریگەریی تەواویان لەدروستە سینتاکسیەکە هەیەو بێ جیاوازیی کات﴿رابردوو، رانەبردوو﴾، جێناوی﴿تۆ﴾ دوای پێشناوەکە کەوتووە.

لەبەرئەوەی (فۆڕمی{پێ، لێ، تێ...} ناتوانێت دۆخی ڕێزمانی بدات، بۆیە فۆڕمی فۆنۆلۆجیان بۆ{بە، لە، ـە...} گۆڕدراوە، تاکو وەك سەرێکی ڕێزمانی حوکمی دۆخی ڕێزمانی تەواوکەرەکەی بکاتو دۆخی ڕێزمانی بەفرێزە ناوییە تەواوکەرەکە ببەخشێت. واتە بەرکارەکە لەکردارەکە خۆیەوە دۆخی ڕێزمانی وەردەگرێت، بەڵام تەواوکەری پێشناوەکە لەلایەن ئەو پێشناوەی کردارەکە بۆ تەواوکەرەکەی دەنێرێت، حوکمی دۆخی ڕێزمانی دەکرێت)[75]، کەچی لەدروستەی ئەو کردارە لێکدراوانەی تەواوکەری پێشناوەکە وەك دەرخەرێك بەیارمەتیی[ی]ی خستنەسەر بەبناغەی یەکەمی کردارە لێکدراوەکەوە دەبەسترێت[76].

تەواوکەرەکە دۆخی ڕێزمانی لەپێشناو وەرناگرێت، بەڵکو لەڕێی مۆرفیمی خستنەسەرەوە دۆخی خستنەسەریی پێدەبەخشرێت، بڕوانە﴿133﴾.

133-من خەڵاتێکم پێشکەش بەسیروان کرد.

134-من خەڵاتێکم پێشکەشی سیروان کرد.

135-* من خەڵاتێکم پێشکەشی بەسیروان کرد.

(بەپێی ڕێسای بابەتانە، هەر تەواوکەرێك تەنیا یەك دۆخ وەردەگرێتو هەردۆخێکیش تەنیا بەیەك تەواوکەر دەدرێت)[77]، لە﴿135﴾دا ﴿سیروان﴾ دوو دۆخی﴿پێشناویو خستنەسەر﴾ی پێدراوە، لەبەرئەوە ڕێگەی پێنادرێتو دروستەکە ناڕێزمانی دەکات. جیاوازی نێوان ڕستەکانی﴿133، 134﴾یش بۆئەوە دەگەڕێتەوە ئەگەر﴿سیروان﴾ ببێتە تەواوکەری پێشناوو دۆخ لەوەوە وەربگرێت، ئەوا فرێزێکی پێشناوی لێبەرهەمدێت، کەبەگوێرەی جۆری کردارەکە دەشێت بۆ پاش کردار بگوێزرێتەوە، بڕوانە﴿136﴾، بەڵام ئەگەر﴿سیروان﴾ ببێتە دەرخەری بناغەی یەکەمی کردارە لێکدراوەکەو لەڕێی مۆرفیمی خستنەسەرەوە دۆخی ڕێزمانی وەربگرێت، ئەوا جێکەوتەکەی لەنێوان دوو بناغەی کردارە لێکدراوەکەدا دەچەسپێتو مەرجی ئەوەی دەداتێ، کەجێگۆڕکێ نەکات، بڕوانە﴿137﴾.

136-من خەڵاتێکم پێشکەشکرد بەسیروان.

137- * من خەڵاتێکم پێشکەشی کرد سیروان.

بەشێکی تێپەڕی پێشناوی لەدروستەی فرێزی کرداریدا، ئەگەرچی پاش لابردنی ئەدڤێربڵە بەرکارییەکە، پاشماوەکەی دەشێت ڕێزمانی بێت، بڕوانە بەراوردکردنی ﴿138، 139﴾، بەڵام کرۆکی واتای کردارەکە بەجۆرێك دەگۆڕێت، تەواو لەواتای فەرهەنگیی کردارەکە دوور دەکەوێتەوە، لەبەرئەوە هەرچەندە لەڕووی دروستەوە ڕێزمانییەو ڕێی پێدەدرێت، بەڵام لەڕووی واتاوە ناتەواوەو ناتوانین ئەو فرێزە

---

75- سەرچاوەی پێشوو، 56، 115.

76- Mackenzie 1961:65.

77- محەمەدی مەحوی، 2001، 23.

پێشـــناوییە ئەدڤێربڵێیـــە لابـــەرین، چـــونکە بـــەلابردنی دەبێتـــە هـــۆی گـــۆڕینی کردارەکـــە لەتێپـــەڕی پێشناوییەوە بۆ تێپەڕی یەك بەرکاری.

138-أ- ژنەکە منداڵەکەی خستە ئاوەکەوە. تێپەڕی پێشناوی

ب- من دەرگاکەم لەدیوارەکە کردەوە.

139-أ- ژنەکە منداڵەکەی خست. تێپەڕی یەك بەرکاری

ب- من دەرگاکەم کردەوە.

شایانی باسە جێکەوتەی بەرکار لەدروستەی ژمارەیەك فۆڕمی کرداری وەك﴿لێخواردن، لێبردن...﴾دا دەشێت پڕنەکرێتەوە، چونکە لەم جۆرە دروستەیەدا فرێزە پێشناوییە ئەدڤێربڵەکە لەپێشناوێك و بەرکارە بنجیەکە پێکهاتووە، کەدۆخی هەندەکی(بەشێك لەشتێك) دەگەیەنێت، بڕوانە﴿140﴾، کەبەرکارەکە﴿تۆزێك، بەشێك...﴾ دەگەیەنێت ئەگەر نەشگوترابێت، بڕوانە﴿141﴾.

140-أ- مشکەکە لەگەنمەکەی خوارد.

ب- مشکەکە لەگەنمەکەی برد.

141-أ- مشکەکە تۆزێکی لەگەنمەکە خوارد.

ب- مشکەکە بەشێکی لەگەنمەکە برد.

لەدروستەی فرێزی کرداری تێپەڕی پێشناویدا دەشێت پرسیار لە﴿بەرکار، یان ئەدڤێربلی بەرکار، یان هەردووکیان﴾ بکرێت، بڕوانە﴿142﴾، واتە کردەی تەواوکردنەکە دەشێت لەڕێی وشەی پرسیارەوە بنوێنرێت.

142-أ- سیروان کێی لەخونچە کرد؟

ب- سیروان نەوزادی لەکێ کرد؟

پ- سیروان کێی لەکێ کرد؟

## 4-4-2 تەواوکردنی کرداری تێپەڕی ئاڵۆز

(ژمارەیەك فۆڕمی کرداری وەك﴿زانین، دانان، لەقەڵەمدان...﴾ لەجۆرە دارشتەیەکی تایبەتیدا دەبینرێت، کە هەمیشە گوزارە تێیدا بەرکارییە، واتە دەگەڕێتەوە بۆ بەرکاری پێشی، نەك بۆ بکەری دارشتەکە)[78]، بڕوانە﴿143، 144، 145﴾.

143-أ- من ئێوە بەبرا دەزانم.

ب- * من ئێوە دەزانم.

پ- * من ئێوە دەزانم بەبرا.

144-أ- من تۆ بەئازا دەزانم.

78- Fattah 1997:243.

ب- * من تۆ دەزانم بەئازا.

145-أ- باوکم سیروان دەکات[79] بەشاگرد.

ب- * باوکم سیروان بەشاگرد دەکات.

وەك بەنموونەکانـدا دەردەکـەوێت کـرداری تێپـەڕی ئـاڵۆز بەڕەگـەزی بـەرکارو تەواوکـەری بـەرکار تەواودەکرێت.

أ- بکەر+ بەرکار+ تەواوکەری بەرکار+ کردار      بڕوانە﴿143، 144﴾

ب- بکەر+ بەرکار+ کردار+ تەواوکەری بەرکار   بڕوانە﴿145﴾

کـردار لـەم دوو جۆرە قاڵبـەدا دروسـتەیەکی تێپـەڕی هەیـە، چـونکە بـەرکاری تێدایـە، لەکاتێکـدا (ئـەم بەرکارە لەگوزارەدا بەتەواوکەری بەرکارەوە گرێدرابێت، بەتێپەڕی ئاڵۆز ناودەبرێت)[80].

داڕشتەی تێپەڕی ئاڵۆز لەڕووی سیمانتیکەوە خاوەنی دوو گوزارەیە، بۆ نموونـە لـە﴿143﴾دا ﴿بـەبرا﴾ گوزارەیەکە بۆ﴿ئێوە﴾و ﴿ئێوە بەبرا دەزانم﴾ گوزارەیەکە بـۆ﴿من﴾، یـان لـە﴿145﴾دا ﴿بەشـاگرد﴾ گوزارەیەکە بۆ﴿سـیروان﴾و ﴿سـیروان دەکـات بەشـاگرد﴾ گوزارەیەکـە بۆ﴿بـاوکم﴾[81]. کەدەشـێت وەك دروسـتەی تێپـەڕی﴿146﴾ لکێبدرێتـەوە، چـونکە ئـەو پێوەندیـە ڕێزمانیـەی لەنێوان﴿سـیروان﴾و ﴿بەشاگرد﴾دا هەیە، لەتێپـەڕ ئاڵۆزەکەشـدا هـەمان پێوەنـدیی هەیـە، بەڕەچاوکردنی ئەوەی﴿سـیروان﴾ لەڕستەی﴿146﴾دا لەدروستەی تێنەپەڕدایە[82]، تەنانەت بەگۆڕینی کردارەکە لەدروستەی دیـارەوە بـۆ نادیـار، ئـەوا هـەروەك چـۆن بەرکارەکـە دەبێتـە بکـەر، بەهـەمان پێـڕەو تەواوکـەری بـەرکاریش دەبێتـە تەواوکەری بکەر، بڕوانە﴿147﴾.

146-سیروان بوو بەشاگرد.

147-أ- من تۆ بەئازا دەزانم.

ب- تۆ بەئازا دەزانرێیت.

سەبارەت بەپێوەندیی نێوان بەرکارو کردار لە﴿143﴾دا پێوەندیی سـیمانتیکی ڕاسـتەوخۆ لەنێوانیانـدا نییە، لەبەرئەوە (ئەگەر تەواوکەری بـەرکار لەدروسـتەکەدا نەیـەت، ئـەوا دروسـتەی ڕسـتەکە ناڕێزمـانی دەبێـت، بڕوانـە﴿143- ب﴾، بـەو شـێوەیە کردارەکـە پێوەنـدیی بەهـەموو دروسـتەکەوە هەیـە. لەبەرامبەردا دروستە هەیە، کەپێوەندیی سیمانتیکی لەنێوان بەرکارو کردارەکەدا هەیە، واتە بەرکارەکـە ڕەگەزێکە بۆ کردارەکە)[83]، بڕوانە﴿148﴾.

148-أ- من ئەوم بەمامۆستا دانا.

---

79- کرداری﴿دەکات﴾ دەشێت وەك تێپەڕی کرداری﴿دەبێت﴾ سەیربکرێت، بەڵام هـاتنی لێـرەدا بۆئـەوە دەگەڕێتـەوە، کەدروسـتەی تێپەڕی ئاڵۆز بەبەرهەمدێنێت.

80- Huddleston 1984:194.
81- Huddleston 1984:195 & Fattah 1997:243.
82- Huddleston 1984:194.
83- Fattah 1997:243.

ب- من ئەوم دانا.


ئەگەر لەپێوەندیی سیمانتیکی نێوان بەرکارو تەواوکەری بـەرکاریش بـڕوانین، ئـەوا بەشێوەیەکی گشتی پێوەندیی﴿بوونـەك﴾و ﴿گـۆڕان﴾، کەتایبـەتن بـەکرداری یاریـدەدەر لـەم جـۆرە دروسـتەیەدا بەرچـاو دەکــەوێت. بــۆ نموونــە لــە﴿144﴾دا پێوەنــدیی بوونــەك لــەنێوان﴿تۆ﴾و ﴿بــەئازا﴾دا هەیــە، کەپێوەندییــەکی جــێگیرەو هــیچ جــۆرە گۆڕانێــك بەســەر﴿تۆ﴾دا نــەهاتووە. بــەڵکو تەواوکــەری بەرکاری﴿بــەئازا﴾ ســیفەتێکی بــەرکاری﴿تۆ﴾ دەردەخــات. بڕوانــە﴿149﴾، بــەلاَم لــە﴿145﴾دا پێوەندیی نێوان﴿سیروان﴾و ﴿بەشاگرد﴾ لەپێوەندیی گۆڕاندایە، واتە (بەرکار لەبارێکەوە بۆ بارێکی تر گۆڕدراوە، چونکە پێوەندییەکە لێرەدا بەپێچەوانەی﴿بوونەك﴾ەوە جوولاَوە)[84]، بڕوانە﴿150﴾.

149-من دەزانم کە تۆ ئازایت.

150-باوکم وایکرد کە سیروان ببێت بەشاگرد.

## 1-4-4-2 فرێزی ناویی بەرکارو فرێزی پێشناویی تەواوکەری بەرکار

کــرداری تێپــەڕی ئــاڵۆز لەدروســتەی ڕســتەدا گوزارەکــەی بەڕەگــەزی بــەرکارو تەواوکــەری بــەرکار تــەواودەکرێت، جێکەوتــەی ئــەم دوو ڕەگــەزەش بــەفرێزی نــاوی‌و فرێــزی پێشــناوی پڕدەکرێتــەوە، بڕوانە﴿151﴾.




151- من ئێوە بەبرا دەزانم.

بکەر بەرکار تەواوکەری بەرکار کردار

## 2-4-4-2 جیاوازیی نێوان کرداری تێپەڕی ئالۆزو کرداری تێپەڕی یەك بەرکاری

جیاوازیی نێوان کرداری تێپەڕی ئالۆز، لەڕوانگەی تەواوکردنەوە لەگەڵ کـرداری تێپـەڕی یـەك بەرکاریـدا لەوەدایە، کەتەنیا بەبەرکار تەواوناکرێت، بەلاَم تێپەڕی یەك بەرکاری تەنیا داوای بەرکار دەکات، بڕوانـە بەراوردکردنی﴿152، 153﴾، تەنانەت ئەگەر دروستەی کرداری تێپـەڕی ئـالۆز، بـێ تەواوکـەری بـەرکار ڕێزمانی بێت، ئەوا ناوەرۆك‌و واتای ڕستەکە بەتەواوەتی دەگۆڕێت، بڕوانە﴿154، 155﴾.

84- Quirk etal 1985:1195.

152- * من ئێوە دەزانم.

153-من ئێوە دەبینم.

154-ئەوان کوڕەکەیان بەگەمژە دانا.


155-ئەوان کوڕەکەیان دانا.

لە﴿154﴾دا لابردنی فرێزی پێشناویی تەواوکەری بەرکاری﴿بەگەمژە﴾و پاشماوەکەی لە﴿155﴾دا هەرچەندە ڕێزمانییە، بەڵام تەواو کرۆکی واتاو مەبەستی ڕستەکەی لەدەستداوە، بۆیە فرێزی پێشناویی﴿بەگەمژە﴾لەم دروستەیەدا، کەئەرکی تەواوکەری بەرکار دەبینێت، ناکرێت بەهیچ جۆرێك لابرێت. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، بەراوردی بەفرێزی پێشناویی﴿بەهێمنی﴾ بکە، کەلەڕستەی﴿156﴾دا، سەرپشکییەو دەشێت لابرێت:

156-أ- ئەوان کوڕەکەیان بەهێمنی دانا.

ب- ئەوان کوڕەکەیان دانا.

لەگەڵ ئەو ڕاستییەی ڕستەکانی﴿154، 156﴾ لەڕووکەشدا خاوەنی یەك جۆر دروستەو پێکهاتەن، بڕوانە﴿157، 158﴾، بەڵام لەپێوەندیی ڕێزمانیی نێوان فرێزەکانو جۆری کردارەکەدا جیاوازیان هەیە، هەرچەندە فرێزی ناویی﴿کوڕەکە﴾ لەهەردوو ڕستەکەدا بەرکارە، بەڵام فرێزی پێشناویی﴿بەگەمژە﴾ لەڕستەی﴿157﴾دا تەواوکەری بەرکارەو بوونی بەخورتییە، لەکاتێکدا فرێزی پێشناویی﴿بەهێمنی﴾ لەڕستەی﴿158﴾دا ئەدڤێربلەو بوونی سەرپشکییە.




157- ئەوان کوڕەکەیان بەگەمژە دانا.

158- ئەوان کوڕەکەیان بەهێمنی دانا.

## 3-4-4-2 جیاوازیی نێوان کرداری تێپەڕی ئاڵۆزو کرداری تێپەڕی پێشناوی

جیاوازی نێوان تەواوکردنی کرداری تێپەڕی ئاڵۆزو کرداری تێپەڕی پێشناوی بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کەهەرچەندە هەردوو جۆرە کردارەکە بۆ تەواوکردنی گوزارەکەیان، پێویستیان بەدوو جۆر تەواوکەرە، کەبەهۆی فرێزی ناویو فرێزی پێشناوییەوە دەنوێنرێن، ئەگەرچی فرێزی ناوی لەهەردوو جۆرە دروستەکەدا ئەرکی بەرکار دەبینێت، بەڵام فرێزە پێشناوییەکە لەبەجێهێنانی ئەرکدا جیاوازە،

لەدروستەی تێپەڕی ئاڵۆزدا ئەرکی تەواوکەری بەرکارو لەدروستەی تێپەڕی پێشناویدا ئەرکی ئـەدڤێربلی بەرکار دەبینێت.

بەمەبەسـتی نیشـاندانی جیـاوازی لـەنێوان ئـەم دوو جـۆرە ڕەگـەزەی تـەواوکردنی کـرداردا، لەڕوانگـەی تایبەتمەندیی سەرەکی سینتاکسییەوە، هەوڵدەدەین گرنگترین جیاوازیی نێوانیان لەم خاڵانەی خـوارەوەدا بخەینەڕوو[86]:

1- لەدروسـتەی نادیـاردا ئەگـەر کردارەکـە تێپـەڕی پێشـناوی بێـت، ئـەوا تەواوکـەری پێشـناو لـەفرێزی پێشناویدا وەك باسێك ڕێگەی پێدەدرێت، کە لـەفرێزی کـرداری بهێنـرێتـە دەرەوەو پاشمـاوەی ڕسـتەکەی پێداهەڵبواسـرێت، چـونکە خـاوەنی دروسـتەی ڕسـتەی باسمەنـدە، بڕوانـە﴿159﴾، بـەڵام تەواوکـەری پێشــناو لەتێپـــەڕی ئـــاڵۆزدا، کـــەفرێزی نـــاوی، یـــان فرێـــزی ئاوەڵناوییـــە، ئـــەم جـــۆرە دروســـتەیەی لێبەرهەمناهێنرێت، بڕوانە﴿160، 161﴾.

159-أ- سیروان کچەکە لەتۆ دەکات.

ب- کچەکە لەتۆ دەکرێت.

پ- * لەتۆ کچەکە دەکرێت.

ت- تۆ کچەکەت لێدەکرێت.

160-أ- من ئەو بەبرا دەزانم.

ب- ئەو بەبرا دەزانرێت.

پ- * بەبرا ئەو دەزانرێت.

ت- * برا ئەوی پێدەزانرێت.

161-أ- من ئەو بەئازا دەزانم.

ب- ئەو بەئازا دەزانرێت.

پ- * بەئازا ئەو دەزانرێت .

ت- * ئازا ئەوی پێدەزانرێت.

ناڕێزمـانیی ڕسـتەکانی﴿160- ت، 161- ت﴾ بـۆ جێکەوتـەی چەسـپاوی (فرێـزی پێشـناویی تەواوکـەری بەرکار دەگەڕێتەوە، کەئەرکی ئاوەڵناوی هەیە)[86] و دەکەوێتە نێوان بەرکارو کردارەوە.

﴿تـۆ﴾ لـە﴿159- ت﴾دا باسـەو دروسـتەی ڕستەکەشـی باسمەنـدە، چـونکە ئەگـەر ئـەم جێنـاوە بـۆ جێناوەکانی تر بگۆڕین، نیشـانەی بکـەر لەدروسـتەی نـاوەوەی کـردارە نادیـارە ڕانەبردووەکـەدا ناگۆڕێـت، لەبەرئەوە بۆ بکەر ناگەڕێتەوە، بڕوانە﴿162﴾.

162-أ- من کچەکەم لێدەکرێت.

ب- ئێمە کچەکەمان لێدەکرێت.

---

85- سوودم لە﴿Huddleston 1984:195﴾ وەرگرتووە.

86- Fattah 1997:224.

2- تەواوکەری پیشناو لەدروستەی مۆڕفۆسینتاکسی کرداری تێپەڕی پێشناویدا، دەشێت بەجێناوی لکاو جێگیر بکرێت، بڕوانە﴿163﴾، بەلام لەدروستەی تێپەڕی ئالۆزدا بەجێناوی لکاو جێگیر ناکرێت، بڕوانە﴿164﴾.

163-أ- تۆ کچەکە لەمن دەکەیت.

ب- کچەکە لەمن دەکەیت.

پ- لێم Ø دەکەیت.

لێیـانـم دەکەیت.

164-أ- من تۆ بەئازا دەزانم.

ب- تۆ بەئازا دەزانم.

پ- بەئازات دەزانم.

ت- * بە...... ت دەزانم.

3- ئەگەر فرێزە پێشناوییەکە لەپێشناوێکی سەرو فرێزێکی ناویی تەواوکەر پێکهاتبوو، ئەوا فرێزی ناویی تەواوکەر لەکرداری تێپەڕی پێشناویدا بەسەربەخۆیی لەبەرکارەوە هەڵدەبژێرێت. واتە هیچ جۆرە مەرجێك وەك ڕێککەوتنی ژمارە لەنێوانیاندا نییە، بڕوانە﴿165﴾، تەنانەت دەشێت فرێزی ناویی تەواوکەری پێشناوەکە لەڕێی دیاریکەرەکانی پێش سەرو پاش سەریشەوە فراوانبکرێت، بڕوانە﴿166﴾.

165-أ- من کچەکە لەتۆ دەکەم. تاك تاك

ب- من کچێك لەئێوە دەکەم. تاك کۆ

پ- من کچەکان لەتۆ دەکەم. کۆ تاك

ت- من کچەکان لەئێوە دەکەم. کۆ کۆ

ج- من کچەکە لەکوڕەکان دەکەم.

166-أ- من کچەکە لەچەند کوڕێك دەکەم.

ب- من کچەکە لەزیرەکترین کوڕ دەکەم.

پ- من کچەکە لەئەم کوڕانە دەکەم.

ت- من کچەکە لەئەو دوو کوڕە زیرەکە دەکەم.

دروستەی فرێزی ناویی تەواوکەری پێشناو، لەکرداری تێپەڕی ئالۆزدا بەو چەشنە نییە، هەرچەندە (یاسای ڕێککەوتن لێرەدا بوونی نییە، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئایا بەرکارەکە تاکە، یان کۆیە؟ تەواوکەری بەرکار گشتی(ڕووت)ەو بەعەقڵ تێی دەگەین، کەتاکە، ئەگەرچی دەتوانرێت بکرێت بەنەناسراو، بەلام بەشێوەیەکی گشتی هەموو مۆرفیمەکانی﴿ناسراو، نەناسراوی کۆ﴾ ڕەتدەکاتەوە)[87]، بڕوانە﴿167﴾،

87- Fattah 1997:243.

ئەگەرچی لەفراوانکردندا دیاریکەرەکانی پێش سەر بەتەنیا ڕەتدەکاتەوە، بڕوانە﴿168﴾، بەلاّم دەشێت بەیاریدەی مۆرفیمی خستنەسەر دەرخەر وەربگرێت، بڕوانە﴿169﴾.

167-أ- من تۆ بەبرا دەزانم. تاك/تاك

ب- من ئێوە بەبرا دەزانم. کۆ/تاك

پ- * من تۆ بەبراکە دەزانم.

ت- * من ئێوە بەبرایەك دەزانم.

ج- * من ئێوە بەبراکان دەزانم.

168-أ- * من ئێوە بەچەند برایەك دەزانم.

ب- * من ئێوە بەدە برا دەزانم.

پ-* من ئێوە بەئەم برایانە دەزانم[88].

169-أ- من تۆ بەبرای خۆم دەزانم.

ب- من تۆ بەبرایەکی دڵسۆز دەزانم.

ئەگەر فرێزە پێشناوییەکە لەپێشناوێکی سەرو ئاوەڵناوی تەواوکەر پێکهاتبوو، ئەوا تەواوکەرەکە لەدروستەی تێپەڕی پێشناویدا مۆرفیمەکانی﴿ناسراوی، نەناسراوی، کۆ﴾ وەردەگرێت، بڕوانە﴿170﴾، لەکاتێکدا ڕادەو پلەی بەراورد ڕەتدەکاتەوە، بڕوانە﴿171﴾. بەلاّم فرێزی ئاوەڵناویی تەواوکەری پێشناو لەدروستەی تێپەڕی ئالۆزدا، بەپێچەوانەوە دەتوانرێت لەڕێی فرێزی ڕادەوە دەربخرێت، یان مۆرفیمی پلەی بەراورد وەربگرێت، بڕوانە﴿172﴾، لەکاتێکدا مۆرفیمەکانی﴿ناسراوی، نەناسراوی، کۆ﴾ ڕەتدەکاتەوە، بڕوانە﴿173﴾، ئەمەش لەبەرئەوەیە، کەفرێزی پێشناوی لێرەدا ئەرکی فرێزی ئاوەڵناوی دەبینێت، هەر بۆیە دەشێت ڕادەکە پێش فرێزە ئاوەڵناوییەکە، یان پێش فرێزە پێشناوییە ئاوەڵناوییەکە بکەوێت، بڕوانە﴿172- أ، ب﴾.

170-أ- سیروان کچەکەی لەگەورەکە کرد.

ب- سیروان کچەکەی لەگەورەیەك کرد.

پ- سیروان کچەکەی لەگەورەکان کرد.

171-أ- * سیروان کچەکەی لەزۆر گەورە کرد.

ب- * سیروان کچەکەی لەگەورەتر کرد.

---

88- جێی سەرنجە تایبەتمەندیی ئەم فرێزە ناوییە لەسنووری ڕستەی سادەدا بەو جۆرەیە، بەلاّم لەسنووری دروستەی ڕستەی ئالۆزدا دەشێت لەڕێی دیاریکەرەکانی پێش سەرەوە فراوانبکرێت، بڕوانە﴿أ﴾:

أ- من تۆ بەئەو برایە دەزانم، کەدڵسۆزیت بۆ هەمووان.بەلاّم ئەم جۆرە دروستەیە ناچێتە ناو سنووری کردار تەواوکردنەوە، چونکە پاش لابردنی[کە]لەدروستەی ڕستەکەدا ئەوەی دەمێنێتەوە دوو ڕستەی ڕێزمان دروستو واتا تەواون، بڕوانە﴿ب، پ﴾.

ب- من تۆ بەبرا دەزانم.

پ- تۆ بۆ هەمووان دڵسۆزیت.

172-أ- من تۆ بەزۆر ئازا دەزانم.

ب- من تۆ زۆر بەئازا دەزانم.

پ- من تۆ بەئازاتر لەنەوزاد دەزانم.

173-أ- * من تۆ بەئازاکە دەزانم.

ب-? * من تۆ بەئازایەك دەزانم.

پ- * من تۆ بەئازاکان دەزانم.

4- (ئەو پێشناوەی بەشداری پێکهاتنی فرێزە پێشناوییە تەواوکەرەکە دەکات، لەدروستەی تێپەڕی ئاڵۆزدا بەشێوەیەکی گشتی[بە]یە)[89]، بڕوانە﴿174﴾، هەرچەندە لەهەندێك دروستەدا[وەك] جێگەی دەگرێتەوە بڕوانە﴿175﴾، بەڵام لەتێپەڕی پێشناویدا جگە لەم پێشناوانە، پێشناوی تری وەك﴿لە، ـە...﴾ بەشداری دەکەن، بڕوانە﴿176﴾.

174-أ- من تۆم بەئازا زانی.

ب- * من تۆم لەئازا زانی.

175-أ- ئەو ئەحە بەشێت لەقەڵەمدەدات.(دادەنێت)

ب- ئەو ئەحە وەك شێت لەقەڵەمدەدات.

176-أ- سیروان کچەکەی لەکوڕەکە کرد.

ب- منداڵەکە بەردێکی گرتە چۆلەکەکە.

## 4-4-4-2 دروستەی هۆکاری(کۆزەتیف)

دروستەی هۆکاری جۆرێکی تری دروستەی تێپەڕی ئاڵۆز بەبەرهەمدێنێت، کەبریتییە لە(تێپەڕکردنی دروستەیەکی تێنەپەڕ بەیارمەتیی کرداری یاریدەدەری﴿کردن، خستن، هێنان...﴾)[90]ەوە واتە بەلێکسیم کەرەستەیەك زیاد دەکرێت، بەجۆرێك بکەر وا لەبەرکار بکات، کارەکە بەئامانج بگەیەنێت، بڕوانە﴿178﴾.

177-منداڵەکە گریا.

178-أ- ئەو منداڵەکەی خستە گریان.

ب- ئەو منداڵەکەی هێنایە گریان.

بەبەراوردکردنی ڕستەکانی﴿177﴾ لەگەڵ﴿178﴾دا بۆماندەردەکەوێت، کاتو کەسی کردارە تێنەپەڕەکە لەکردارە تێنەپەڕەکە سەندراوەتەوەو بەکردارە یاریدەدەرەکە بەخشراوە، پاشان قەدی کردارە تێنەپەڕەکە کراوە بەناو(ناوی ڕوداو)و خراوەتە جێگەی تەواوکەری پێشناوی﴿ـە﴾وە، کەپێکەوە فرێزێکی پێشناویی تەواوکەریان پێکهێناوەو فرێزی کرداری دروستە هۆکارییەکەیان بەرهەمهێناوە.

---

89- Fattah 1997: 224.

90- بڕوانە: فەرەیدون عەبدول محەمەد، 1988، 86 و ئەوڕەحمانی حاجی مارف، 2000، 59.

دواتـر بكـەری كـرداره تێپەڕەكـە كراوەتـە بـەركارو بكـەرێكی تـر بـۆ نـاو ڕسـتەكە زیـادكراوە، بەمـەش ڕستەیەكی هۆكاری بەبەرهەمهاتووە.

فرێزی پێشناویی تەواوكەری﴿ـەگریان﴾ لە﴿178﴾دا بوونی بەخورتییەو ناتوانین دەستبەرداری ببین، چونكە بەلابردنی ناوەرۆكی واتای ڕستەكە دەگۆڕێتو دروستە هۆكارییەكەش تێكدەچێت، لەبەرئەوەی كردارەكە وەك كرداری فەرهەنگیی تەواو(تێپەڕی یەك بەركاری) مامەڵە دەكات، نەك وەك كرداری یاریدەدەر، بڕوانە﴿179﴾.

179-ئەو منداڵەكەی خست.

## 5-4-4-2 فرێزی پرسیاریی بەركارو فرێزی پێشناویی تەواوكەری بەركار

وەك لەتەواوكردنی كرداری تێپەڕی یەك بەركاریدا نیشانماندا، لەبری فرێزی ناوی بەركار دەشێت فرێزی پرسیاری جێگەی بگرێت، بۆیە هەر بەو پێڕەوە لەتەواوكردنی تێپەڕی ئاڵۆزیشدا دەشێت جێكەوتەی بەركار بەفرێزی پرسیاری پڕبكرێتەوە، بڕوانە﴿180﴾.

180-أ- تۆ كێ بەئازا دەزانیت؟

ب- پیاوەكە كێ دەخاتە پێكەنین؟

## 6-4-4-2 فرێزی ناویی بەركارو فرێزی پرسیاریی تەواوكەری بەركار

مەبەست لەو جۆرە تەواوكردنەیە، كەپرسیار لەبارەی تەواوكەری بەركارەوە دەكرێت، واتە لەبری تەواوكەری بەركار، فرێزێكی پرسیاری بەگوێرەی جۆری دروستەی كردارتەواوكردنەكە دادەنرێت، بڕوانە﴿181﴾.

181-أ- تۆ ئەو بەچی دەزانیت؟

ب- مامۆستا كارزانی بەچی هەڵبژارد؟!

بەبەراوردكردنی ڕستەكانی﴿180﴾ لەگەڵ﴿181﴾دا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كەلەم جۆرە تەواوكردنەدا ئەگەر پرسیار لەبارەی بەركارەوە بكرێت، وشەی پرسیاری﴿كێ﴾ چالاكە، بەلاّم ئەگەر پرسیار لەبارەی تەواوكەری بەركارەوە بكرێت، ئەوا﴿چی﴾ ئەو ڕۆڵە دەبینێت.

لەباری ئاسایی ئەم جۆرە تەواوكردنەی تێپەڕی ئاڵۆزدا، لەیەك كاتدا پرسیار لەبارەی بەركارو تەواوكەری بەركارەوە ناكرێت، بڕوانە﴿182﴾، بەلاّم دەشێت لەچوارچێوەی بارێكی تایبەتیدا، وەك پرسیارو سەرسوڕمان هەردوو تەواوكەرەكە بەفرێزی پرسیاری بنوێنرێت، بڕوانە﴿183﴾.

182- * پیاوەكە كێ دەخاتە چی؟

183- تۆ كێ بەچی دەزانیت؟!

## 7-4-4-2 فرێزی ناویی بەرکارو پاڕستەی(کە)ی تەواوکەری بەرکار

ژمارەیەك فۆڕمی کرداری تێپەڕی ئاڵۆز، وەك﴿دانان، هەڵبژاردن، دەستنیشانکردن...﴾ بۆ تەواوکردنی دروستەو واتای گوزارەکەیان، پێویستیان بەفرێزی ناوی بەرکارو پاڕستەی تەواوکەر دەبێت، کەفرێزە ناوییەکە پێش کردارو پاڕستە تەواوکەرەکەش دوای دەکەوێت، بڕوانە﴿184﴾.

184-أ- مامۆستا کارزانی هەڵبژارد کەشیعرەکە بخوێنێتەوە.

ب- * مامۆستا کەشیعرەکە بخوێنێتەوە هەڵبژارد کارزان.

فرێزی ناویی﴿کارزان﴾ کەئەرکی بەرکاری کرداری ڕستەی سەرەکیی﴿هەڵبژارد﴾ دەبینێت، هاوکات بکەری پاڕستە تەواوکەرەکەشە، بڕوانە﴿185﴾.

185-مامۆستا کارزانی هەڵبژارد کەPro شعرەکە بخوێنێتەوە.

هەڵبژاردنی﴿کارزان﴾ لەلایەن مامۆستاوە گوزارەیەکی تەواو بەدەستەوە نادات، بەڵکو کاتێك تەواو دەکرێت، کەکارێك بەئەنجام بگەیەنێت، ئەویش خوێندنەوەی شیعرەکەیە. واتە بکەری پاڕستە تەواوکەرەکە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەبەرکاری ڕستە سەرەکییەکەوە هەیە، یان وردتر بڵێن بۆ یەك دەگەڕێنەوە.

جیاوازیی نێوان ئەم جۆرە تەواوکردنە لەگەڵ تەواوکردنی کرداری تێپەڕی ئاڵۆز، بەفرێزی ناوی‌و فرێزی پێشناوی، بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کەلەبری فرێزی پێشناویی تەواوکەری بەرکار، پاڕستەیەکی تەواوکەر بەدووای کردارەکەدا هاتووەو دروستەی ڕستەیەکی ئاڵۆزی بەرهەمهێناوە، چونکە ئاشکرایە بەرکار لەهەردوو جۆرە دروستەکەدا لەشێوەی فرێزێکی ناویدا لەجێکەوتەی چەسپاوی خۆیدا، پێش کردار کەوتووە، بڕوانە بەراوردکردنی ﴿186، 187﴾.

186-أ- مامۆستا کارزانی بەنوێنەر هەڵبژارد.

ب- مامۆستا کارزانی هەڵبژارد بەنوێنەر .

187-أ- مامۆستا کارزانی هەڵبژارد کەببێت بەنوێنەر.

ب- * مامۆستا کارزان کەببێت بەنوێنەر هەڵبژارد.

## 8-4-4-2 فرێزی ناویی بەرکارو فرێزی ناویی تەواوکەری بەرکار

کرداری تێپەڕی ئاڵۆز لەجۆرە دروستەیەکی تریدا هەروەك چۆن فرێزی ناوی وەك بەرکار هەڵدەبژێرێت، هەر بەو شێوەیە ڕێگەدەدات تەواوکەری بەرکاریش لەشێوەی فرێزی ناویدا بنوێنرێت، بڕوانە﴿188﴾.

188-أ- ئێمە کوڕەکەمان ناونا مۆزارت.

ب- ئێوە چێشتخانەکە ناوبنێن زانکۆ.

جێی سەرنجە لەگوزارەی﴿188﴾دا تەواوکەری بەرکار، وەك ئەنجامی﴿بەرکارو کردار﴾ دەردەکەوێت. بەبەراوردکردنی ئەم جۆرە تەواوکردنە لەچاو جۆرەکانی تری تەواوکردنی کرداری تێپەڕی ئاڵۆز، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کەفرێزی ناوی، وەك تەواوکەری بەرکار، کەمبەرهەمە، تەنانەت بەگۆڕینی کرداری ڕستەی﴿188﴾ بۆ کردارێکی تر، فرێزی ناویی تەواوکەری بەرکار بۆ فرێزی پێشناوی دەگۆڕێت، بڕوانە﴿189﴾.

189-أ- ئێمە ناوی کوڕەکەمان نا مۆزارت.

ب- ئێمە ناوی کوڕەکەمان گۆڕی بەمۆزارت.

پ- * ئێمە ناوی کوڕەکەمان گۆڕی مۆزارت.

## 5-4-2 کرداری تێنەپەر

کرداری تێنەپەڕ لەدروستەی ڕستەدا لەڕوانگەی کردەی تەواوکردنەوە، بەسەر دوو وەچەکەتیگۆڕیدا دابەشدەبێت، کەتێنەپەڕی تەواوو تێنەپەڕی پێشناوییە.

### 1-5-4-2 کرداری تێنەپەڕی تەواو

ئەم جۆرە فۆڕمە کردارییەکانی وەك﴿ڕژان، بڕژان، کەوتن، کولان، ڕاکردن، خەوتن...﴾ دەگرێتەوە، کەتەواوکەر(بەرکار، تەواوکەری بەرکار...) وەرناگرێت، چونکە هیچ جۆرە تەواوکردنێك لەدروستەی فرێزە کردارییەکەیاندا پێویست نییە. هەر بۆیە هەندێك زمانەوان[91] بەکردارێکی یەکلایی ناویدەبەن، بڕوانە﴿190﴾.

190- ئەو خەوتØ.

بکەر+ کرداری تێنەپەڕی تەواو

هەریەك لەم کردارنە لەدروستەی ڕستەدا تەنیا یەك جێکەوتەی بەخورتی بۆ ڕەگەزی بکەر دەکەنەوە، کەدەشێت لەدروستەی ڕووکەشدا بەفۆنەتیکی دەرنەبڕدرێت، چونکە نیشانەی ڕێککەوتن، کەئاماژە بۆ بکەری ڕستەکە دەکات، لەدروستەی فرێزە کردارییەکەدا، وەك مۆرفیم بوونی هەیە، بڕوانە﴿191﴾.

191- Pro خەوتØ.

کرداری﴿خەوت﴾ وەك ئەندامێکی وەچەپۆلی کرداری تێنەپەڕی تەواو، کەداوای تەواوکەر ناکاتو پێویستی پێی نییە، بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کەخاوەنی یەك ڕۆڵەو تەنیا دۆخی بکەری بەجێکەوتەی بکەر دەبەخشێتو کرداری بکەر نادیاری لێ پێکناهێنرێت، بڕوانە﴿192﴾.

192-أ- ئەو خەوت.

ب- * ئەو خەورا.

---

91- بڕوانە: یوسف شەریف سەعید، 1998، 27.

فرێزی کردارییی تێنەپەڕی تەواو، دەشێت لەڕێی ئەدڤێربڵەوە فراوانبکرێت، کەئەرکی سەربار دەبینن، چونکە دەشێت بەبێ تێکدانی دروستەو گۆڕینی کرۆکی واتای کردارەکە لاببرێت. بڕوانە﴿193﴾.

193-أ- ئەو لەسەربان خەوت.

ب- ئەو خەوت.

## 2-5-4-2 تەواوکردنی کرداری تێنەپەڕی پێشناوی

ئەم وەچەپۆلەی کردار، فۆرمەکردارییەکانی وەك﴿بۆچوون، پێکەوتن، تێچوون، لێهاتن، لێچوون...﴾ دەگرێتەوە، کەلەڕستەدا جگە لەبکەر بۆ تەواوکردنی دروستەو واتای گوزارەکەیان، پێویستیان بەڕەگەزی ئەدڤێربڵی بکەرە. بڕوانە﴿194﴾.

194-کچەکە لەدایکی دەچێت.

بکەر+ ئەدڤێربڵی بکەر+ کرداری تێنەپەڕی پێشناوی

فرێزی پێشناویی﴿لەدایکی﴾ وەك ئەدڤێربڵی بەخورتی لەپێشناوی﴿لە﴾و تەواوکەری پێشناوی﴿دایکی﴾ پێکهاتووە، کەپێکەوە کرداری﴿دەچێت﴾یان لەڕستەکەدا تەواوکردووە، چونکە کردارەکە لەفەرهەنگدا﴿لێدەچێت﴾ە، کەلەفۆرمێکی پێشناوی﴿لێ﴾و کرداری تێنەپەڕی﴿دەچێت﴾ پێکهاتووە. پێشناوەکە وەك سەرێك لەفرێزە کردارییەکەدا داوای تەواوکەری پێشناو دەکاتو پاشان فرێزە کردارییەکە بکەر هەڵدەبژێرێت. هەربۆیە ئەگەربێتو بەرکارێك بخرێتە نێوان﴿کچەکە﴾و ﴿لەدایکی﴾ ئەوا دروستەی ڕستەکە ناڕێزمانی دەکات. بڕوانە﴿195﴾.

195- * کچەکە نەسرین لەدایکی دەچێت[92].

فرێزی پێشناویی﴿لەدایکی﴾ ئەگەر لەڕستەکەدا لابەرین، ئەوا پاشماوەی ڕستەکە، ئەگەرچی ڕەنگە لەڕووی دروستەوە ڕێزمانی بێت، بەڵام تەواو کرۆکی واتای کردارەکە دەگۆڕێت، بەجۆرێك لەمەبەستو ویستی ڕستەی﴿194﴾ جیادەبێتەوە، لە﴿لێچوونی کچەکە﴾وە دەبێت بە﴿چوونی کچەکە﴾، واتە کردارەکە دەگۆڕێت بۆ تێنەپەڕی تەواو، بڕوانە﴿196﴾.

196-کچەکە ... دەچێت.

ئەگەر سەرنجی دروستەی﴿197﴾ بدەین، ئەوا زیاتر هەست بەو گۆڕانکارییە دەکەین.

197-أ- ئەمڕۆ لەبەهار دەچێت.

ب- * ئەمڕۆ ... دەچێت.

پ- ... ئەمڕۆ دەچێت.

---

92- بەراوردی بکە بەکرداری تێپەڕی پێشناوی، کە جگە لەفرێزی پێشناویی ئەدڤێربڵی بەخورتی، داوای بەرکار دەکات، بڕوانە﴿أ﴾.

أ- کچەکە نەسرین لەدایکی دەکات. بڕوانە: کرداری تێپەڕی پێشناوی لە ل﴿67﴾ی ئەم نامەیەدا.

﴿ئـەمڕۆ﴾ ئەگـەر ئـەركی نـەگۆڕدرێت، واتـە بەبكـەری بمێنێتـەوە، ئـەوا دروسـتەی ڕسـتەكە ناڕێزمـانی دەبێت، بڕوانـە﴿197- ب﴾، بـەڵام ئەگـەر جێكەوتەكـەی بگۆڕدرێت، واتـە وەك ئـەدڤێربڵ شـیبكرێتەوە، ئەوا هەرچەندە دروستەكە ڕێزمانییە، بـەڵام تـەواو كرۆكـی واتـای كردارەكـەی گـۆڕدراوە، بڕوانـە﴿197- پ﴾، بۆیــە فرێــزی پێشــناویی﴿لەبەهار﴾ وەك ئــەدڤێربڵی بكــەر لــەكردەی تەواوكردنــدا، ڕەگــەزێكی بەخورتییە.

جێكەوتەی فرێـزی پێشناویی﴿لەبەهار﴾ لـەڕووی پێوەنـدیی ڕێزمانییـەوە پـێش كـردار دەكـەوێتو لێـی دوورناكەوێتەوە، بەجۆرێك ناتوانرێت بۆ پێش بكەر یان دووای كردار بگوێزرێتەوە[93]، بڕوانە﴿198﴾.

198-أ- ئەمڕۆ لەبەهار دەچێت.

ب- * لەبەهار ئەمڕۆ دەچێت.

پ- * ئەمڕۆ دەچێت لەبەهار.

هەندێك زمانەوان[94] بەشێكی ئەم كرداره تێنەپەڕە پێشناوییانە بەتێپەڕ لەقەڵەمدەدەن، واتە بـەجۆرێك دروستەكە شیدەكەنەوە كەبەركار وەربگرێت، بڕوانە﴿199﴾.

199-كچەكە كراسەكەی لێدێت.

فرێزی ناوی﴿كراسەكە﴾ لە﴿199﴾دا بەبەركار دادەنێن، بەڵام شیكردنەوەو بەڵگەكان ئەوە دەردەخـەن، كە﴿كراسەكە﴾ بەركار نییە، بەڵكو بكەری ڕستەكەیە، چونكە ئەگەر﴿كچەكە﴾ بكەر بێـت، ئـەوا لـەكاتی گــۆڕینی بــۆ كەســەكان(یەكەمو دووەمو ســێیەمی تــاكو كــۆ) پێویســتە نیشــانەی ڕێككــەوتن لــەكۆتایی دروسـتەی كـرداره ڕانەبردووەكـەدا بگۆڕێـت، بـەڵام وەك لەڕسـتەی﴿200- أ، ب، پ﴾دا دیـاره ناگۆڕێـت، چـونكە بـەگۆڕینی دروسـتەكە ناڕێزمـانی دەكـات، بڕوانـە﴿200- ت، ج﴾، چـونكە (پێوەنـدیی كـرداری تێپەڕو تێنەپەڕ لەوەدا دەردەكەوێت، كەفرێزی ناویی بەركار لەدروسـتەی كـردار تێپـەڕدا دەتوانێـت وەك فرێــزی نــاوی بكــەر لەدروســتەی تێنەپــەڕدا بــەكاربهێنرێت، كەلــەڕووی سینتاكســی و ســیمانتیكییەوە یەكەمیان بكەردیارو ئەوی تریان بكەرنادیار دەبێت)[95].

200-أ- من كراسەكەم لێدێت.

ب- تۆ كراسەكەت لێدێت.

پ- ئەو كراسەكەی لێدێت.

ت- * تۆ كراسەكەت لێدێیت.

---

93- ئەگەر فرێزی پێشناوی ئەركی سەربار ببینێت، ئەوا دەشێت بۆ پێش بكەر، یان دوای كردار بگوێزرێتەوە، بڕوانە﴿أ﴾.

أ- منداڵەكە لەژوورەوە خەوت.

- لەژوورەوە منداڵەكە خەوت.

- منداڵەكە خەوت لەژوورەوە.

94- ﴿فەرەیدون عەبدول محەمەد، 1988، 85﴾ كە﴿لێهاتن، تێكەوتن...﴾ بەتێپەڕ لەقەڵەمدەدات.

95- عەلی مەحمود جوكل، 2000، 76.

ج- * ئەوان كراسەكەيان لێدێن.

ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات، كەبڵێین ڕستەكە لەدروستەی قووڵدا بەشێوەی﴿201﴾ بووە.

201-كراسەكە لەكچەكە دێت.

واتــە ﴿كراســەكە﴾ بكــەرەو فرێــزی پێشناویی﴿لەكچــەكە﴾ ئــەدڤێربڵی بكــەرە، چونكە﴿كچــەكە﴾ تەواوكەری پێشناوی﴿لە﴾یە، بەڵام لەڕێی بەلوتكەكردنەوە﴿كچەكە﴾ هاتۆتە سەرەتای ڕستەكەو لـەجێی خۆی جێناوێكی لكاوی كەسی سێیەمی تاك﴿ی﴾ جێهێشتووەو پاشان پێشناوی﴿لێ﴾كەش ئاخنراوەتـە كردارەكەوە.

ژمارەیـەك كـرداری تێنەپـەڕ ئەگەرچی لـەڕووی دروسـتەوە تێنەپـەڕن‌و داوای تەواوكـەر ناكـەن، بـەڵام لەچوارچێوەی بـارێكی دیـاریكراودا فرێـزە پێشـناوییە ئەدڤێربڵەكـە لەدروسـتەی ڕسـتەكەیدا ناتوانرێـت لابرێت، چونكە كرۆكی واتای كردارەكە دەگۆڕێت، بڕوانە بەراوردكردنی﴿202، 203﴾.

202-ڕزگار دەژی.

203- ڕزگار لەهەولێر دەژی.

لە﴿202﴾دا كە فرێزی پێشناویی﴿لەهەولێر﴾ی تێدانییە، ئەوە دەگەیـەنێت، كەگـەرمی خـوێن لەلەشـی ڕزگاردا ماوە(نەمردووە)، بەڵام لە﴿203﴾دا كە فرێـزی پێشـناویی﴿لەهەولێر﴾ی تێدایـە، كرۆكـی واتـای كردارەكە بەجۆرێك گۆڕدراوە، كەشوێنی ژیـانی ڕزگـار دیاریـدەكات، كـە هـەولێرە، بۆیـە لـەم دروسـتەیەدا فرێزی﴿لەهەولێر﴾ وەك ڕەگەزی تەواوكردن بەخورتییە.

پاش خستنەڕووی جۆرەكانی كردار تەواوكردن، بەپێویستی دەزانین ئـەوە نیشـانبدەین، كەفۆڕمی كـردار لەكردەی تەواوكردندا دەشێت بەر زیاتر لەوەچەپۆلێك بكەوێت، ئەمەش لەكاتێكدا دەبێت، كەئەو كـردارە لەچوارچێوەی باری جیاوازی ڕستەدا بەكاربهێنرێت. بەواتایەكی تر هەمیشـە دەبێـت ئـەوەمان لـەیادبێت، (ئەنـدامێتی كـردار ڕەنگـە بـۆ زیـاتر لەوەچـەپۆلێك بگەڕێتـەوە)[96]، بەوپێیـەش دەتوانێـت بچـێتە نـاو ژمارەیەك دروستەی جیاوازی ڕستەوە. بڕوانە بەراوردكردنی ڕستەكانی﴿204، 205، 206، 207﴾.

204- أ- شوتییەكە سوور دەرچوو. یاریدەدەر

ب- كاوان لەتاقیكردنەوەكە دەرچوو. تێنەپەڕی تەواو

205- أ- منداڵەكە كەوت. تێنەپەڕی تەواو

ب-منداڵەكە بێناز كەوت. یاریدەدەر

پ- منداڵەكە كەوتە ئاوەكەوە. تێنەپەڕی پێشناوی

206- أ- ئێستا باران دادەكات. تێنەپەڕی تەواو

ب- ئێستا سیروان پوولەكە دادەكات. تێپەڕی یەك بەركاری

96- Quirk etal 1985:1168.

207- أ- ئەوان خانووەکەیان کرد.     تێپەڕی یەك بەرکاری

ب- سیروان کچەکەی لەکوڕەکە کرد.   تێپەڕی پێشناوی

پ- سیروان زەوییەکەی کرد بەخانوو. تێپەڕی ئاڵۆز

# بەشی سێیەم

# ئاوەڵناو تەواوکردن

# 3- ئاوەڵناو تەواوکردن

## 1-3 ناسینەوەو دیاریکردنی ئاوەڵناو

مەبەستی سەرەکی لەدیاریکردنی ئاوەڵناو لەکردەی تەواوکردنی ئاوەڵناودا ئەوەیە، ئەو پێوانانە بخەینەڕوو، کەئاوەڵناویان پێدەناسرێتەوە، تاکو بتوانین لەو ڕێیەوە ئاوەڵناو لە پۆلو وەچەپۆلی وشەی تر جیابکەینەوە.

محەمەد مەعروف فەتاح[1] لەلێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا سێ تایبەتی﴿واتا، فۆڕم، ئەرک﴾ی بۆ دانانی وشەیەك بەئاوەڵناو وەك مەرج دەخاتەڕوو. واتە هەر وشەیەك ئەم سێ مەرجەی تێدابوو، بەئاوەڵناو لەقەڵەم دەدرێت، بە پێچەوانەشەوە هەر وشەیەك خاوەنی ئەم مەرجانە نەبوو، ئەوا لەفەرهەنگدا ئاوەڵناو نییەو بەر پۆلو وەچەپۆلی وشەی تر دەکەون. مەرجەکانیش ئەمانەن:

### 1-1-3 سیمانتیك

وشە لەڕووی واتاوە دەبێت بۆ گوزارشتکردنی یەکێك لەو ناوچە بیریيانە بەکاربێت، کە لەکوردیدا ئاسایی بەهۆی ئاوەڵناوەوە[2] دەردەبڕێت، واتە بگەڕێتەوە بۆ یەکێك لەجۆرەکانی ئاوەڵناو[3]، بڕوانە﴿1﴾.

1- أ- ئاوەڵناوی بارستایی، وەك: گەورە، بچووك...

ب- ئاوەڵناوی ڕەنگ، وەك: سپی، سەوز...

پ- ئاوەڵناوی ڕواڵەتی، کەتایبەتیی فیزیکی شت دەردەبڕێت، وەك: ڕەق، نەرم، گەرم، سارد...

ت- ئاوەڵناوی بەها، وەك: باش، خراپ...

ج- ئاوەڵناوی تەمەن، وەك: پیر، گەنج...

چ- ئاوەڵناوی خێرایی، وەك: خێرا، خاو...

ح- ئاوەڵناوی هۆشەکی، کەتایبەتیی کەسی نیشان دەدەات، وەك: ژیر ، زیرەك...

### 2-1-3 مۆرفۆلۆجی

وشە لەڕووی فۆڕمەوە بەئاوەڵناو دادەنرێت، ئەگەر بتوانێت لەباری بەراوردکردندا پاشگری ڕێزمانیی {- تر}، {- ترین} وەربگرێت، بڕوانە﴿2﴾.

2- أ- ئەم خوێندکارە لەو خوێندکارە زیرەکترە.

ب- کارزان زیرەکترین خوێندکارە.

---

1- محەمەد مەعروف فەتاح، 1990، 82 ، Fattah 1997:13 .

2- ئاوەڵناو واتای چۆنێتیو خاسیەتو نیشانە ڕادەگەیێنێت، بڕوانە : ئەوڕەحمانی حاجی مارف، 1992، 58.

3- بۆ زانیاری لەبارەی تایەبەتێتیی جۆرەکانی ئاوەڵناو لەڕووی واتاوە، بڕوانە : محەمەد مەعروف فەتاح، 1990، 83-87.

## 3-1-3 سینتاکس

وشە لەڕووی ئەرکی سینتاکسییەوە بە ئاوەڵناو دادەنرێت، ئەگەر:

أ- لەدەوری دەرخەردا بەهۆی مۆرفیمی{ی}ی خستنەسەرەوە بەدەرخراوەکەی پێشیەوە بلکێت، بڕوانە(3).

3- کوڕێکی زیرەك هات بۆ ئێرە.

ب- بەشێوەی گوزارە وەك تەواوکەری بکەرو تەواوکەری بەرکار بەکاربهێنرێت، بڕوانە(4، 5).

4- کارزان زیرەکە.

بکەر تەواوکەر( تەواوکەری بکەر)

5- کارزانم بەزیرەك دەزانی.

بەرکار تەواوکەر (تەواوکەری بەرکار)

پ- جگە لەمانە دەبێت:

1- بەهۆی ڕادە، یان ئاوەڵکردارێکی پلەوە دەرخرابێت، بڕوانە(6).

6- کوڕێکی زۆر زیرەك بوو.

2- لەپلەی باڵادا پێش ناوەکە بکەوێت، بڕوانە(7).

7- کارزان زیرەکترین کوڕی پۆلەکەیەتی.

3- لەپلەی باڵادا پێش(هەرە) بکەوێت، بڕوانە(8).

8- خەندە هەرە زیرەکی پۆلەکەی بوو. هەرە زیرەك = زیرەکترین

4- بەشداری لەداڕشتنی کرداری لێکدراودا بکات، بڕوانە(9، 10).

9- ژوورەکە پاکبوو.

10-پیاوەکە مریشکەکەی پاککرد.

لەڕێی ئەم پێوانانەوە ئەو وشانە لەو وشانەی ئاوەڵناو ئاسان جیادەکرێنەوە، واتە ئەوانەی لەڕووی فۆڕمو واتاوە ئاوەڵناو نین، بەڵام لەئەرکدا ڕۆڵی ئاوەڵناو دەبینن[4]. بڕوانە(11، 12).

11- منداڵەکە لەکەرەکەی دا.

ناو

12-منداڵەکە کەرە.

ئاوەڵناو ئاسا

---

4- سەرچاوەی پێشوو، 81.

لەدروستەی ئاوەڵناو تەواوکردندا تەنیا ئەو وشانە بەئاوەڵناو دەزانین، کە لەتاقیکردنەوەی ئەو ئەگەرو مەرجانەی خستمانەڕوو دەربچن، وەك ئاوەڵناوەکانی﴿پاك، خراپ، سوور، سەوز...﴾. هەندێك وشەی تر وەك(﴿نزیك، دوور...﴾ خاسیەتی پێشناوو ئاوەڵناویان تێدایە، بڕوانە وشەی﴿نزیك﴾ کە لە﴿13﴾دا ئاوەڵناوەو لە﴿14﴾دا پێشناوە)[5].

13-أ- کارزان خزمێکی نزیکم بوو.

ب- کارزان خزمێکی نزیکترم بوو لەکەیوان.

پ- کارزان نزیکترین خزمم بوو.

14-أ- لەنزیك دایکمەوە نێژراوە.

ب- نزیك دایکم نێژراوە.

پ- * نزیکتر دایکم نێژراوە .

لەبەرئەوە تەنیا فۆرمە ئاوەڵناوییەکەی، واتە دروستەی﴿13﴾ بەئاوەڵناو دەزانین، سەبارەت بەوشەکانی وەك﴿ئاسنین، کچانی ، کوردی...﴾و وشەکانی وەك﴿وا، ئەوها، ئاوا ... تر، دی، دیکە...﴾کە ئەوڕەحمانی حاجی مارف[6] بەئاوەڵناوی نیسبی لەقەڵەمی داون، لەگەڵ ئەو بۆچوونەداین[7]، ئەمانە ئاوەڵناونین، چونکە گشت ئەو ئەگەرو مەرجانەی پێشتریان بەسەردا جێ بەجێ نابێت.

## 2-3 جۆرەکانی ئاوەڵناو تەواوکردن

بەرلەوەی لەتەواوکردنی ئاوەڵناوو جۆرەکانی بدوێین، بەپێویستی دەزانین لەلایەکەوە لەڕێی بەراوردکردنی دروستەی ڕستەوە ئەوە نیشانبدەین، کەهەرچەندە بواری تەواوکردنی کردار زۆر فراوانە، بەلاَم لەگەڵ ئاوەڵناودا لەڕووی تەواوکردنەوە پێکهەڵ(هاوتەریب)ن. واتە هەروەك چۆن کردار لەفەرهەنگدا تەواوکەرەکانی هەڵدەبژێرێت، هەر بەو شێوەیە ئاوەڵناویش لەڕستەدا پێوەندیی بەدیاریکردنی تەواوکەرەکانیەوە هەیە، لەلایەکی تریشەوە ئەوە بخەینەڕوو، کەئاوەڵناو وەك سەری واتایی گوزارە تەواودەکرێت، بڕوانە بەراوردکردنی﴿15، 16﴾.

15-کارزان خەوت.

16-کارزان قەڵەوە.

جیاوازیی نێوان دروستەی ئەم دوو ڕستەیە، وەك پێشتر خستمانەڕوو، لەوەدایە، کەفرێزی کرداری لە﴿15﴾دا لەکرداری تێنەپەڕی﴿خەوت﴾ پێکهاتووە، کەلەڕووی سیمانتیکەوە واتای گوزارەکە دەبەخشێتو لەڕووی سینتاکسیشەوە سەری فرێزە کردارییەکە پێکدەهێنێتو پێویستی بەڕەگەزی

---

5- Fattah 1997:176.

6- **ئەوڕەحمانی حاجی مارف،** 1992، 67-75.

7- **بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح،** 1990، 81 **و سەلام ناوخۆش،** ...، 28-30 و Fattah 1997:135.

تەواوکەر نییە، بەلاّم لە﴿16﴾دا گوزارشتکردنی سیمانتیکی ناکەوێتە ناو کردارەکەوە، بەڵکو تەواوکەرەکە

واتای گوزارەکە دەبەخشێتو لەڕووی سینتاکسیشەوە ئاوەڵناوەکە وەك سەری واتای فرێزە کردارییەکە ئەرك دەبینێت.

ئەگەر کرداری ﴿خەوت﴾ لە﴿15﴾دا بەیارمەتی مۆرفیمی تێپەڕاندن بۆ تێپەڕ﴿خەواند﴾ بگۆڕین، ئەوا ڕستەکە لەڕووی دروستەو واتاوە دەگۆڕێت. بەواتایەکی ڕوونتر کردارەکە جگە لەبکەر پێویستی بەڕەگەزی بەرکار دەبێتو جێکەوتەیەکی بەخورتی لەدروستەکەدا بۆ دەکاتەوە، بۆئەوەی دروستەو واتاکەی لەڕستەکەدا پێتەواو بکات، بڕوانە﴿17﴾.

17- کارزان منداڵەکەی خەواند .

سەبارەت بەگوزارەی﴿قەڵەو...ە﴾ لە﴿16﴾دا پێشبینی دوو گۆڕانکاریی بەرچاو دەکرێت:

1- کرداری﴿بوو﴾ بۆ﴿کرد﴾ بگۆڕێت، واتە لەبری﴿بوو﴾ی تێنەپەڕ،﴿کرد﴾ی تێپەڕی بەرامبەر دابنرێت، ئەوا لەم کاتەدا ڕستەکە لەڕووی دروستەو واتاوە پێڕەوی یاسای ڕستەی﴿17﴾ دەکات، بڕوانە﴿18﴾.

18-کارزان منداڵەکەی قەڵەو کرد.

2- کرداری﴿بوو﴾ بەجێگیری بمێنێتەوە، بەلاّم ئاوەڵناوەکە بەئاوەڵناوێکی تری وەك﴿بەپەرۆش﴾ بگۆڕێت، ئەوا ئاوەڵناوەکە لەم بارەدا لەدروستەی گوزارەی ڕستەدا پێویستی بەتەواوکەرێکە، تاکو دروستەو واتای گوزارەکەی پێتەواو بکات، بڕوانە﴿19﴾.

19-أ- کارزان بۆ من بەپەرۆشە.

ب- ?* کارزان بۆ من قەڵەوە.

ئاوەڵناوی﴿بەپەرۆش﴾ لە﴿19- أ﴾دا تەواوکەری﴿بۆ من﴾ی هەڵبژاردووە، هەر لەبەرئەمەش بەئاوەڵناو تەواوکردن ناونراوە.

ئەگەر لەڕووی گەردانکردنیشەوە سەرنجی گوزارەی ڕستەی﴿16﴾ بدەین، کاتێك کرداری﴿بوو﴾ بەهەر جۆرێك گەردان بکرێت، واتە مۆرفیمی گەردانکردنی بۆ زیادبکرێت، دروستەی ڕستەکە گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت، واتە جگە لە﴿کارزان﴾ی بکەرو ﴿قەڵەو﴾ی تەواوکەری بکەر، داوای تەواوکەری تر ناکات، بڕوانە﴿20﴾، بەلاّم ئەگەر ئاوەڵناوەکە گەردانبکرێت، واتە مۆرفیمی پلەی بەراوردی بۆ زیادبکرێت، ئەوا ئاوەڵناوەکە لەدروستەی ڕستەکەدا لەڕووی دروستەو واتاوە پێویستی بەتەواوکەر دەبێت، بڕوانە﴿21﴾، ئەمەش بەڵگەیە بۆئەوەی ئاوەڵناوەکە لەدروستەی فرێزە کردارییەکەیدا، تەواوکەر هەڵدەبژێرێت. ئێمەش لەم ڕوانگەیەوە لەتەواوکردنی ئاوەڵناوو جۆرەکانی دەکۆڵینەوە.

20-أ- کارزان قەڵەو بوو

ب- کارزان قەڵەو نەبوو

پ- کارزان قەڵەو نەدە بوو

ت- کارزان قەڵەو نییە.

21-أ- کارزان لەنەوزاد قەڵەوترە.

ب- کارزان لەجاران قەڵەوترە.

## 3-2-1 ئاوەڵناو تەواوکردن لەپلەی چەسپیودا

مەبەست لەپلەی چەسپیوی ئاوەڵناو، ئەو فۆڕمەی ئاوەڵناوە، کەهیچ نیشانەیەکی ڕێزمانی ﴿- تر، - ترین﴾ی نەچۆتەسەر. واتە بەکارهێنانی فۆڕمی ئاوەڵناوە، کەبەتەنیا بۆ یەك شت دەگەڕێتەوەو بۆ مەبەستی بەراوردکردن بەکارنەهاتووە، بڕوانە نموونەی﴿20﴾.

### 3-2-1-1 تەواوکردنی ئاوەڵناو بە فرێزی پێشناوی

بەشێکی زۆری ئاوەڵناوەکان وەك﴿گەورە، بچووك، درێژ، کورت، نەرم، سارد، شیرین، هەرزان، سوور، زەرد، ڕەش...﴾ لەدروستەی گوزارەدا ڕاستەوخۆ گوزارەی ئاوەڵناوی پێکدەهێنن. واتە ئاوەڵناوەکە لەگوزارەکەدا پێویستی بەتەواوکەر نییە، بڕوانە﴿22﴾، بەڵام(ژمارەیەك ئاوەڵناوی وەك﴿زیز، زویر، دڵنیا، پشتئەستوور...﴾ لەگوزارەی ڕستەدا پێویستیان بەتەواوکەرە)[8]، بڕوانە﴿23﴾.

22-أ- کاڵەکەکە شیرینە.

ب- * کاڵەکەکە لەمن شیرینە.

23-أ- کارزان لەمن زیزە.

ب- کارزان لەمن زویرە.

هەرچەندە چەند ئاوەڵناوێکی تریش هەن، وەك﴿بەپەرۆش، بێئارام، شاناز...﴾، کە لەگوزارەکانیاندا پێویستیان بەتەواوکەرە، بەڵام ژمارەیان لەچاو ژمارەی ئەو ئاوەڵناوانەی بێ تەواوکەر گوزارەی ڕستە پێکدەهێنن، زۆر کەمن. واتە لەم ڕووەوە کەمبەرهەمن.

لە﴿23﴾دا تەواوکەری﴿لەمن﴾ لەشێوەی فرێزێکی پێشناویدا، پێش ئاوەڵناوەکە کەوتووە. واتە(ئەم ئاوەڵناوانە دوو شوێنی گوزارەی سیمانتیکییان پێویستە، کەیەکەمیان فرێزی ناوی بکەری ڕستەکەیەو دووەمیشیان فرێزی پێشناوی تەواوکەری ئاوەڵناوەکەیە، کەخاوەنی دوو تایبەتمەندێتیی سینتاکسییە:


1- پشت بەهاتنی سەرێکی ئاوەڵناوی لەگوزارەکەدا دەبەستێت.

2- فرێزە پێشناویەکە بەخورتییە، ئەگەر بەشێوەیەکی فەرمی(ڕەسمی) دەربکەوێت، یان دەرنەکەوێت، واتە بناسرێت، یان نەناسرێت،)[9] ، بڕوانە﴿24﴾.

---

8- Fattah 1997:222.

9- سەرچاوەی پێشوو.




24- کارزان لەمن زیز بوو Ø.

بکەر تەواوکەری ئاوەڵناو ئاوەڵناو کرداری یاریدەدەر

فریزی پێشناوی تەواوکەری«لەمن» پێوەندییەکی ڕێزمانی توندوتۆڵی لەگەڵ ئاوەڵناوەکەدا هەیە، بەجۆرێك ئەگەر ئاوەڵناوی«زیز» بەئاوەڵناوی«شیرین» بگۆڕین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە«شیرین» پێویستی بەتەواوکەر نییەو لەم دروستەیەدا فرێزە پێشناویەکە پێویست ناکات، بڕوانە«22»، تەنانەت ئەگەر ئاوەڵناوی«زیز» بەئاوەڵناوی«شاناز، یان بەپەرۆش» بگۆڕین، کەپێویستیان بەتەواوکەرە، ئەوا جۆری پێشناوی فرێزە پێشناوییە تەواوکەرەکەش دەگۆڕێت، بڕوانە«25».

25-أ- کارزان بەخۆی شانازە.

ب- کارزان بۆ خوێندن بەپەرۆشە.

ئەو فرێزە ناوییەی تەواوکەری سەرە پێشناوەکەیەو بەهەردووکیشیان تەواوکەری ئاوەڵناوەکەن، وەك هەرفرێزێکی ناویی تر دەتوانرێت فراوانبکرێت، یان فرێزێکی پرسیاری لەجێگە دابنرێت، بڕوانە«26».

26-أ- کارزان بۆ ئەو کوڕە بەپەرۆشە.

ب- کارزان بۆ ئەو دوو کوڕە بەپەرۆشە.

پ- کارزان بۆ ئەو کوڕەی دراوسێمان بەپەرۆشە.

ت- کارزان بۆ ئەو دوو کوڕەی دراوسێمان بەپەرۆشە.

ج- کارزان بۆ کێ بەپەرۆشە؟

**تەواوکەری ئاوەڵناوەکە لەبەرئەوەی لەفرێزێکی پێشناوی پێکهاتووە، فرێزە پێشناویەکەش لەپێشناوێکی سەرو فرێزێکی ناویی تەواوکەر پێکهاتووە، دەشێت بۆ دووای گوزارە ئاوەڵناوییەکە بگوێزرێتەوە، چونکە پێشناوەکە حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات، بڕوانە﴿27﴾.**

27-أ- **کارزان زیزە لەمن.**

**ب- کارزان شانازە بەخۆیەوە.**

## 1-1-1-2-3 فراوانکردنی گوزارەی ئاوەڵناوی بەسەربار

**دروستەی فرێزی ئاوەڵناوی، کەتەواوکەر وەردەگرێت، وەك ئەو فرێزە ئاوەڵناوییەی کەتەواوکەر وەرناگرێت، دەشێت لەرێی فرێزی ڕادەی وەك﴿زۆر، کەم ، چەند...﴾ـەوە دەربخرێت، بڕوانە﴿28﴾، یان بەیاریدەی فرێزی پێشناویی ئەدڤێربڵەوە فراوانبکرێت، بڕوانە﴿29﴾، بەلام ئەم فرێزانە ئەرکی سەربار دەبینین، هەربۆیە لابردنیان نابێتە هۆی ناڕێزمانیبوونی ڕستەکە، یان گۆڕینی کرۆکی واتای ڕستەکە.**

28-أ- **کارزان زۆر لەمن زیزە.**

**ب- کارزان زۆر بەخۆی شانازە.**

**پ- کارزان تۆزێك بۆ خوێندن بەپەرۆشە.**

**ت- کارزان زۆر قەڵەوە.**

29-أ- **کارزان لەدوێنێوە لەمن زیزە.**

**ب- کارزان لەکوێ بەخۆی شانازە؟**

**پ- کارزان لەپارەوە بۆ خوێندن بەپەرۆشە.**

**ت- کارزان لەپارەوە قەڵەوە.**

**هاتنی سەربار لەگەڵ هەردوو جۆرە ئاوەڵناوەکەدا، واتە ئەوانەی تەواوکەر وەردەگرن، لەگەڵ ئەوانەش کەوەریناگرن، بەو ڕاستییە زمانەوانییەمان دەگەیەنێت، کەهاتنی سەربار بەپێچەوانەی تەواوکەرەوە، پێوەندیی بەجۆری ئاوەڵناوەکەوە نییە. واتە ئەو زانیارییە سینتاکسییەی(ئاوەڵناوێکی تایبەت لەفەرهەنگدا دەیدات، ئەو تایبەتمەندێتییەی تێدایە، کەئایا تەواوکەر وەردەگرێت، یان وەریناگرێت، بەلام ئاماژە بەسەربار نادات)[10].**

**لە﴿28- أ، ب...﴾دا جێکەوتەی فرێزی ڕادەی﴿زۆر﴾ بەگوێرەی جێکەوتەی تەواوکەرو فرێزە ئاوەڵناوییەکە دەگۆڕێت، ئەگەر تەواوکەرەکە پێش فرێزە ئاوەڵناوییەکە بکەوێت، ئەوا ڕادەکە پێش فرێزە ئاوەڵناوییەکە، یان پێش تەواوکەری فرێزە ئاوەڵناوییەکە دەکەوێت، بڕوانە﴿30﴾، بەلام ئەگەر**

10- Huddleston 1984:178.

تەواوکەرەکە کەوتە پاش فرێزە ئاوەڵناوییەکە، ئەوا ڕادەکە هەمیشە پێش ئاوەڵناوەکە دەکەوێت، بڕوانە﴿31﴾.

30-أ- کارزان بۆ خوێندن زۆر بەپەرۆشە.

ب- کارزان زۆر بۆ خوێندن بەپەرۆشە.

پ- * زۆر کارزان بۆ خوێندن بەپەرۆشە.

ت- * کارزان بۆ خوێندن بەپەرۆشە زۆر.

31-أ- کارزان زۆر بەپەرۆشە بۆ خوێندن.

ب- * کارزان بەپەرۆشە زۆر بۆ خوێندن.

پ- * کارزان بەپەرۆشە بۆ خوێندن زۆر.

لە﴿29- أ،...﴾دا فرێزی پێشناویی ئەدڤێربلی﴿لەدوێنێوە﴾، کە لەڕستەکەدا ئەرکی سەربار دەبینێت، بەپێچەوانەی ڕادەوە، دەشێت پێش فرێزی ناویی بکەر بکەوێت، بڕوانە﴿32﴾، بەلأم ئەگەر لەناو دروستەی فرێزی کرداریدا بێت، ئەوا لەهەردوو بارەکەدا، واتە تەواوکەرەکە پێش، یان پاش ئاوەڵناوەکە بکەوێت، ئەم ئەدڤێربڵە سەربارە، یان پێش تەواوکەرو گوزارە ئاوەڵناوییەکە دەکەوێت، بڕوانە﴿33﴾، یان پاشی دەکەوێت، بڕوانە﴿34﴾، بەلأم لەبەرئەوەی پێوەندیی ڕێزمانیی نێوان تەواوکەرو ئاوەڵناوەکە، لەپێوەندیی نێوان گوزارەکە بەم سەربارانەوە بەهێزترە، ئەوا ڕێگەنادرێت سەربارەکە بچێتە نێوان تەواوکەرو ئاوەڵناوەکەوە، بڕوانە﴿35﴾.

32-أ- لەدوێنێوە کارزان لەمن زیزە.

ب- لەدوێنێوە کارزان بۆ خوێندن بەپەرۆشە.

33-أ- کارزان لەدوێنێوە لەمن زیزە.

ب- کارزان لەدوێنێوە زیزە لەمن.

34-أ- کارزان لەمن زیزە لەدوێنێوە.

ب- کارزان زیزە لەمن لەدوێنێوە.

35-أ- * کارزان لەمن لەدوێنێوە زیزە.

ب- * کارزان زیزە لەدوێنێوە لەمن.

هاتنی ژمارەی سەربار لەڕستەدا بەپێچەوانەی تەواوکەرەوە سنووری بۆ نییە، لەبەرئەوە دەشێت هەردوو سەربارەکە لەڕستەیەکدا پێکەوەبێن، بڕوانە﴿36﴾، تەنانەت دەکرێت چەند سەربارێك لەڕستەدا پێکەوەبێت، بڕوانە﴿37﴾، بەلأم ژمارەی تەواوکەر لەڕستەدا بەچەشنی سەربار نییە. هەرچەندە بەشێکی زۆری ئاوەڵناوەکان پێویستیان بەتەواوکەر نییە، (کەچی ژمارەیەکیان تەنیا یەك تەواوکەر وەردەگرن. لەگەڵ ئەوەی ئاوەڵناویش هەیە دوو تەواوکەر وەردەگرێت)[11]، بڕوانە﴿38﴾.

11- Fattah 1997:223.

36-کارزان لەدوێنێوە زۆر لەمن زیزە.

37-أ- کارزان لەدوێنێوە تائەمڕۆ زۆر لەمن زیزبوو.

ب- کارزان لەدوێنێوە تائەمڕۆ لەبەرخاتری باوکی زۆر لەمن زیز بوو.

پ- کارزان بەقسەی کەیوان لەدوێنێوە تائەمڕۆ لەبەرخاتری باوکی زۆر لەمن زیز بوو.

38-من بەرپرسم بەرامبەر بەتۆ بۆ ئەم کارە.

دروستەی گوزارەی ئاوەڵناویی بەشێکی ئاوەڵناوەکان، بەبێ تەواوکەر واتایەك دەبەخشێتو بەبوونی تەواوکەریشەوە واتایەکی تر دەبەخشێت، بڕوانە﴿39، 40﴾، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لەبوون بەلێکسیمی سەربەخۆی ناو فەرهەنگدا کاریگەریی خۆی هەبێت، واتە دوو فۆڕمی جیاواز﴿خۆشبوون﴾و ﴿ لێخۆشبوون﴾ی بۆ ئەو دوو واتا جیاوازە داڕشتووە[12].

39-ئاهەنگەکە خۆش بوو. ﴿- تەواوکەر﴾

40-ئەوان لەنەوزاد خۆش بوون. ﴿+ تەواوکەر﴾

## 2-1-2-3 تەواوکردنی ئاوەڵناو بەپاڕستەی(کە)ی تەواوکەر

### 1-2-1-2-3 پاڕستەی تەواوکەر، کە بۆ گوزارەی ئاوەڵناوی دەگەڕێتەوە

مەبەست لەتەواوکردنی ئاوەڵناو بەپاڕستە ئەوەیە، کە گوزارەی بەشێك لەئاوەڵناوەکان لەبری ئەوەی بەفرێزێکی پێشناوی تەواوبکرێت، بەپاڕستەی(کە) تەواودەکرێت، بڕوانە﴿41﴾.

41-أ- کارزان بەپەرۆش بوو، کە من ببینێت.

ب- ئێمە دڵنیاین، کە گۆڤارەکە دەردەچێت.

پ- * کارزان قەڵەوە کە من ببینێت.

ڕستەی﴿41﴾ خاوەنی دروستەیەکی ئاڵۆزە، کە لەڕستەیەکی سەرەکیو پاڕستەیەکی تەواوکەر پێکهاتوون. ڕستە سەرەکییەکە لەسەرەتادا هاتووە، کەگوزارەکەی تەواونەکراوە، پاڕستەکەش بەدوایدا هاتووەو وەك تەواوکەرێك گوزارەی ڕستە سەرەکییەکەی تەواوکردووە. ئەم بەدوواداهاتنەی پاڕستەی تەواوکەر، دەکرێت وەك تایبەتییەکی پاڕستەی تەواوکەر تەماشا بکرێت، چونکە ڕێگە نادات پێش ڕستەی سەرەکی بکەوێت[13]. بڕوانە﴿42﴾.

---

12- پارتیسپڵ دەشێت لەدروستەی گوزارەی ئاوەڵناویدا لەجێی ئاوەڵناو دابنرێت، بڕوانە﴿أ، ب﴾.

أ- کارزان لەماڵی نەوزاد خزاوە﴿ماوەتەوە﴾. ب- کارزان لەماڵی نەوزارد خزاوە﴿کەوتووە﴾.

تەواوکەر سەربار

13- پاڕستەی ئەدڤێربلی، کەواتای کرداری ڕستەی سەرەکی ڕووندەکاتەوە، دەشێت لەگەڵ ڕستەی سەرەکیدا پاشو پێش بکرێن، بڕوانە﴿أ، ب﴾.

أ- ئەو دڵخۆشبوو کە مێردەکەی گەیشت. ب- کە مێردەکەی گەیشت ئەو دڵخۆشبوو.

42-أ- * كە من ببينێت كارزان بەپەرۆشە.

ب- * كە گۆڤارەكە دەردەچێت ئێمە دڵنياين.

مۆرفيمی(كە) لەدروستەی پاڕستەكەدا دەشێت بەسەرپشكی دابنرێت، چونكە دەشێت، بێ ئەوەی دروستەو واتای ڕستەكە تێكبچێت لەدروستەكەدا لاببرێت، بڕوانە﴿43﴾.

43-أ- كارزان بەپەرۆشە من ببينێت.

ب- ئێمە دڵنياين گۆڤارەكە دەردەچێت.

سەبارەت بەتەواوكردنی ئاوەڵناو بەهۆی پاڕستەی(كە)و فرێزی پێشناوييەوە، پێوەنديی ڕێزمانیو واتايی تەواو لەنێوانياندا هەيە، ئەگەر بەوردی سەرنجی دروستەی ڕستەی﴿44، 45﴾ بدەين:

44-كارزان بەپەرۆشە كە من ببينێت.

45-كارزان بۆ بينينی من بەپەرۆرشە.

جياوازيی نێوان ئەم دوو ڕستەيە لەوەدايە، كە لە﴿44﴾دا تەواوكەر لەشێوەی پاڕستەی(كە من ببينێت)دا ئاوەڵناوی﴿بەپەرۆش﴾ی ڕستەی سەرەكيی تەواوكردووە، بەمەش ڕستەيەكی ئاڵۆز بەرهەمهاتووە، بەڵام لە﴿45﴾دا بەهۆی فرێزی پێشناويی﴿بۆ بينينی من﴾ ئاوەڵناوەكە تەواوكراوەو ڕستەيەكی سادە بەبەرهەمهاتووە. پێوەنديی لێكچوونی نێوان دوو ڕستەكەش لەوەدايە، كەدەكرێت بەو جۆرە لێكبدرێتەوە كەڕستەی﴿45﴾ لە﴿44﴾ـەوە وەرگيراوە، ﴿بڕوانە لێكدانەوەی يەكەم﴾، يان هەردوو ڕستەكە لەدروستەی قووڵدا لەڕستەيەكی ترەوە بەبەرهەمهاتوون﴿بڕوانە لێكدانەوەی دووەم﴾.

## لێكدانەوەكان

لەبەرئەوەی پاڕستەی(كە) ناكرێت لەپێش پێشناوەوە بێت[14]، بۆيە ئەگەر تەواوكەرەكە لەشێوەی فرێزی پێشناويدا بێت، ئەوا پێويستە هەنگاوی يەكەم پاڕستەكە بكرێت بەفرێزی ناوی، ئينجا بەياريدەی پێشناوێك فرێزێكی پێشناويی لێبەرهەمبێت. واتە (كە)ی پاڕستەكە ڕاستەوخۆ ناتوانێت جێگەی پێشناو بگرێت.

## لێكدانەوەی يەكەم

ئەو ڕستەيەی بەفرێزی پێشناوی تەواودەكرێت، لەو ڕستەيەوە كەبەپاڕستەی(كە) تەواودەكرێت، بەبەرهەمهاتووە. واتە ڕستەی﴿45﴾ لە﴿44﴾ـەوە بەبەرهەمهاتووە.

كارزان بەپەرۆشە كە من ببينێت. دروستەی قووڵ

1) لابردنی(كە) كارزان بەپەرۆشە من ببينێت.

2) كردنی﴿ببينێت﴾ی كردار بە﴿بينين﴾ی ناوی ڕووداو، واتە لێسەندنەوەی كاتو كەس.

كارزان بەپەرۆشە من بينين.

---

14- Quirk etal 1985:1223.

3) هەڵگێڕانەوەی﴿بینین﴾ لەگەڵ﴿من﴾و تێئاخنینی مۆرفیمی(ی) خستنەسەر.

کارزان بەپەرۆشە بینینی من.

کارزان بەپەرۆشە بۆ بینینی من. دروستەی ڕووکەشی -1-

کارزان بۆبینینی من بەپەرۆشە. دروستەی ڕووکەشی -2-

## لێکدانەوەی دووەم

ڕستەی﴿44﴾و ﴿45﴾ لەدروستەی قووڵدا، لەڕستەیەکی ترەوە وەرگیراون. واتە دوو ڕستەکە لەدروستەیەکی قووڵەوە بەیارمەتیی یاساکانی گواستنەوە بەرهەمهاتوون.

## شیکاری یەکەم

کارزان من ببینێت بەپەرۆشە. دروستەی قووڵ

1) کردنی﴿ببینێت﴾ی کردار بە﴿بینین﴾ی ناوی ڕووداو، واتە لێسەندنەوەی کاتو کەس.

کارزان من بینین بەپەرۆشە.

2) هەڵگێڕانەوەی﴿بینین﴾ لەگەڵ﴿من﴾و تێئاخنینی مۆرفیمی (ی)ی خستنەسەر.

کارزان بینینی من بەپەرۆشە.

کارزان بۆ بینینی من بەپەرۆشە. دروستەی ڕووکەشی -1-

کارزان بەپەرۆشە بۆ بینینی من. دروستەی ڕووکەشی -2-

هاتنی پێشناوی{بۆ} وەکو سەری فرێزە پێشناوییەکە پێوەندیی ڕێزمانی بەوەوە هەیە، کەدۆخی ڕێزمانی بە تەواوکەری﴿بینینی من﴾ بدات[شمبریر].

## شیکاری دووەم

کارزان من ببینێت بەپەرۆشە. دروستەی قووڵ

کارزان کە من ببینێت بەپەرۆشە. دروستەی ڕووکەشی -1-

کارزان بەپەرۆشە کەمن ببینێت. دروستەی ڕووکەشی -2-

ئەم جۆرە لێکدانەوەیە بۆ دروستەی بەشێکی ڕستەکان تەمومژی دروست دەکات، چونکە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەرنجی ڕستەکەو جۆری تەواوکەرەکەی بدەین، ئەگەرچی لەچوارچێوەی قسەکردندا ڕەنگە مەبەستەکە دەربکەوێت، ئەوا بەگوێرەی جۆری تەواوکەرەکە لەلێکدانەوەیەك زیاتر هەڵدەگرێت، بڕوانە﴿46﴾.

46-أ- مەڕەکە بۆ خواردن ئامادەیە.

ب- مەڕەکە ئامادەیە بۆ خواردن.

---

15- بڕوانە : محەمەدی مەحوی، 2001، 40.

ڕستەی﴿46﴾ دوو لێكدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێت[16]، یەكەمیان﴿مەڕەكە﴾ وەك بكەری ڕستەكە سەیربكرێت، بڕوانە﴿47﴾، دووەمیشیان﴿مەڕەكە﴾ وەك بەركاری ڕستەكە سەیربكرێت، بڕوانە﴿48﴾.

47-مەڕەكە ئامادەیە كە شت بخوات.

48-مەڕەكە ئامادەیە كە خۆی بخورێت.(لەلایەن یەكێكی ترەوە)

واتە ئاوەڵناوی﴿ئامادە﴾ كە لە﴿46﴾دا بەفرێزی پێشناوی﴿بۆ خواردن﴾ تەواودەكرێت، لەدروستەی قووڵدا جیاوازە لە﴿47، 48﴾ كەبەپاڕستەی(كە) تەواودەكرێت.

## 2-2-1-2-3 پاڕستەی تەواوكەر كەبۆ ﴿ئەوە﴾ی بكەر دەگەڕێتەوە

ئەو جۆرە پاڕستەیەی(كە) كەخستمانەڕوو، وەك تەواوكەر خزمەتی گوزارەی ئاوەڵناوی ڕستەی دەكرد، بەلاّم جۆرێكی تر لەپاڕستەی(كە)ی تەواوكەر دەشێت بەو جۆرە شیبكرێتەوە، كەپێوەندیی ڕێزمانیی بەبكەری گوزارە ئاوەڵناوییەكەوە هەیە، بەلاّم لەدروستەی ڕستەكەدا بۆ كۆتایی گوزارە ئاوەڵناوییەكە دواخراوە[17]، بڕوانە﴿49﴾.

49-أ- دیارە كە كارزان نەخۆشە.


ب- ئاشكرایە كە تۆ ڕاست دەڵێیت[18].

پ- * نەخۆشە كەتۆ ڕاست دەڵێیت.

16- Huddleston 1984:307.

17- Quirk etal 1985:1223.

18- كوردستان موكریانی ئەم جۆرە پاڕستەیە بەڕستەی شوێنكەوتووی سەركاری ناو دەبات، لەبەرئەوەی سەركار لەڕستەی سەرەكیدا نییە، بۆیە ڕستەی شوێنكەوتووی سەركاری ڕۆڵی ئەو دەبینێت.﴿كوردستان موكریانی، 1986، 77﴾.




ئاوەڵناوەكانی وەك﴿ڕاست، ئاشكرا، دیار، ناڕاست، ڕوون، گرنگ، پێویست...﴾ لەڕستەی سەرەكیدا ڕێگە بەهاتنی ئەم جۆرە پاڕستە تەواوكەرییە دەدەن شوێنیان بكەوێت، بەلاَم ئاوەڵناوەكانی وەك﴿شیرین، بەرز، نەخۆش...﴾ ڕێگە نادەن پاڕستەی تەواوكەر دوایان بكەوێت، (ئەمەش پێوەندیی بەگوزارەی سیمانتیكییەوە هەیە، لەبەرئەوەی گوزارەی سیمانتیكی ئەو ڕەگەزە دیاریدەكات كە لەگەڵیدا دێت)[19].

بكەری گوزارەی ئاوەڵناوی لەڕستەی سەرەكیی﴿49﴾دا دەكرێت بە﴿ئەوە﴾ - It - كەسی سێیەمی تاك بۆ شت پێشبینیی بكرێت[20]، كەبەرامبەرە بەپاڕستە تەواوكەرەكە، بڕوانە﴿50﴾، چونكە ئەگەر لەبری ﴿ئەوە﴾ بكەرێكی كەسی بۆ جێكەوتەی بكەر دابنێنین، ئەوا ڕستەكە تێكدەچێت، بڕوانە﴿51﴾، تەنانەت لەهەندێك دروستەشدا ئەگەر ڕێگە بەبوونی بدرێت، بڕوانە﴿52﴾.

50-أ- (ئەوە) دیارە كە كارزان نەخۆشە.

ب- (ئەوە) پێویستە كە ئێمە بڕۆین.

51-أ- ? * من دیارە كە كارزان نەخۆشە.

ب- ? * ئێمە پێویستە كە ئێمە بڕۆین.

---

19- Huddleston 1984:189.
20-Quirk etal 1985:1223.

52-أ- كارزان دیارە کە نەخۆشە.

ب- ئێمە پێویستە کە بڕۆین.

لە﴿52﴾دا ﴿کارزان، ئێمە﴾ بکەری پاڕستەی تەواوکەرەکەن‌و بۆ پێش ئاوەڵناوەکە گوێزراونەتەوە، نەك بکەری ڕستە سەرەکییەکە بن، چونکە ئەگەر بکەری ڕستەی سەرەکی بن، ئەوا پێویستە نیشانەی لکاوی بکەریی ڕێککەوتنیان لەگەڵدا بگۆڕێت، بەڵام وەك لەبەراوردکردنی ڕێزمانی‌و ناڕێزمانیی شیکاریی ئەم دوو نموونەیەی خوارەوەدا نیشاندراوە، ناگۆڕێت.

53-أ- من دڵنیا م کە نەخۆشم.

ب- تۆ دڵنیا یت کە نەخۆشیت.

پ- ئەو دڵنیا یە کە نەخۆشە.

ت- ئێمە دڵنیا ین کە نەخۆشین.

ح- ئێوە دڵنیا ن کە نەخۆشن.

خ- ئەوان دڵنیا ن کە نەخۆشن.

ڕێککەوتن

54-أ- * من دیار م کە نەخۆشم.

ب- * تۆ دیار یت کە نەخۆشیت.

پ- ئەودیار ە کە نەخۆشە.

ت- * ئێمە دیار ین کە نەخۆشین.

ح- * ئێوە دیار ن کە نەخۆشن.

خ- * ئەوان دیار ن کە نەخۆشن.

ڕێکەوتن

وەك لەشیکارو بەراوردی﴿53، 54﴾دا دەردەکەوێت﴿کارزان، ئێمە﴾ لە﴿52﴾دا بکەری پاڕستە تەواوکەرەکەن‌و ئاوەڵناوەکە کاتێك لەڕووی ڕێزمانییەوە دروست‌و لەڕووی واتاوە پەسەند دەبێت، کەبۆ هەر شەش کەسەکە فۆڕمی[ە] وەربگرێت، کەنیشانەی بکەر مۆرفیمی سفرەو بۆ﴿ئەوە﴾ دەگەڕێتەوە نەك بۆ بکەری پاڕستە تەواوکەرەکە، بڕوانە﴿55﴾.

55-أ- من دیار ە کە نەخۆشم.

ب- تۆ دیار ە کە نەخۆشیت.

پ- ئەودیار ە کە نەخۆشە.

ت- ئێمە دیار ە کە نەخۆشین.

ج- ئێوە دیار ە کە نەخۆشن.

چ- ئەوان دیار ە کە نەخۆشن.

جێی سەرنجە لەبەرئەوەی پارستەی تەواوکەر خاوەنی دروستەی سەربەخۆی خۆیەتی، بۆیە دەشێت لەشێوەی«پرسیار ، نادیار، نەرێ...»دا دەربکەوێت، بڕوانە«56».

56-أ- ئێمە دڵنیاین کە کارزان بۆچی دەبات؟ پرسیار

ب- ئێمە دڵنیاین کە کارزان دەبرێت. نادیار

پ- ئێمە دڵنیاین کە کارزان نابات. نەرێ

ت- ئێمە دڵنیاین کە کارزان بۆچی نابات؟پرسیار، نەرێ

ج- ئێمە دڵنیاین کە کارزان نابرێت. نادیار، نەرێ

چ- ئێمە دڵنیاین کە کارزان بۆچی دەبرێت؟ پرسیار، نادیار

## 2-2-3 ئاوەڵناو تەواوکردن لەپلەی بەراورددا

### 1-2-2-3 یاسای دروستەی بەراورد

دروستەی فرێزی ئاوەڵناوی، لەگوزارەدا بەهۆی[- تر]ی بەراوردەوە، دروستەی ڕستەیەکی بەراورد بەبەرهەمدێنێت:

A لەB C ترە.

لەکاتێدا«AوB» دوو ئەندام (پۆل، کۆمەڵ...)ی بەراوردکردن بنو بەرامبەر یەکتر بەراوردبکرێن، «C» یش ئاوەڵناو بێت، ئەوا «A» لەبەرامبەر«B»دا بەپێی جۆری ئاوەڵناو لەڕووی سیمانتیکەوە، کەپێوەندیی سیمانتیکی بەراوردکردن نیشاندەدات، بەراورددەکرێت.

### 2-2-2-3 تەواوکردنی ئاوەڵناو لەپلەی بەراورددا بە فرێزی پێشناوی

ئاوەڵناو کە لەپلەی بەراورددا بێت، (تەواوکەری بەراوردکردنەکەی لەشێوەی فرێزێکی پێشناویدا، کەبەیارمەتی پێشناوی[لە]، یان[تا]و فرێزی ناوی پێکدێت، پێش یان دووای گوزارە ئاوەڵناویەکە دەکەوێت)[21]، بڕوانە«57».


57-أ- ئەو لەمن ئازاتربوو.

ب- ئەو ئازاتربوو لەمن.

تەواوکەری فرێزی پێشناوی پێوەندیی ڕێزمانیی توندو تۆڵی لەگەڵ مۆرفیمی پلەی بەراورددا هەیە، بەجۆرێك بوونی ئەو پاشگرەیە، وادەکات داوای تەواوکەر بکات، هەروەك چۆن بوونی پاشگری تێپەڕاندن لەدروستەی کرداردا وادەکات داوای بەرکار بکات، بڕوانە«58».

---

21- Fattah 1997:221.




58- کارزان لەسیروان ئازاتر بوو Ø.

لە﴿58﴾دا ئەگەر[- تر]ی پلەی بەراورد لابەرین، ئەوا دروستەی ڕستەکە ناڕێزمانی دەبێت، چونکە فرێزە پێشناوییە تەواوکەرەکە زیاد دەردەچێت، بڕوانە﴿59﴾.

59- * کارزان لەسیروان ئازا بوو.

(﴿ئازاتربوو﴾ پێوەندییەکە لەڕستەدا گوزارشت لەدوو شوێنی سیمانتیکی دەکات، وەك هەرکردارێکی تێپەڕ، یەکێك لەشوێنەکان بەپێکهاتەیەکی دەرەکی گوزارشتی لێدەکرێت، کە﴿کارزان﴾ی بکەرەو ئەوی تریشیان بەهۆی فرێزێکی ناوی﴿سیروان﴾ کە لەناو فرێزە پێشناوەکەدا تەواوکەرە)[٢٢].

فرێزە پێشناوییە تەواوکەرەکە ئەگەر بەیاریدەی پێشناوی﴿تا﴾ پێکهات، ئەوا هەمیشە دوای گوزارە ئاوەڵناوییەکە دەکەوێت، بڕوانە﴿60﴾.

60-أ- ئەو ئازاتربوو تا من.

ب- * ئەو تامن ئازاتر بوو.

پێشناوی﴿وەك[٢٣]﴾یش لەدروستەی بەراورددا ڕۆڵی بەرچاوی هەیەو لەدروستەی تەواوکەردا دەچێتە سەر فرێزی پێشناویی، بڕوانە﴿61﴾.

61-أ- ئەو ئازاتربوو وەك لەمن.

ب- کارزان قەڵەوترە وەك لەتۆ.

پ- ڕۆیشتن خۆشترە وەك لەڕاکردن.

---


22- سەرچاوەی پێشوو، 222.

23- (ئەبوبەکر عومەر قادر، 2003، 52) لەڕستەی ﴿من وەك تۆ دەڕۆم.﴾ ﴿وەك﴾ی بە پێشناو داناوە.

لە«61»دا بۆماندەردەکەوێت، کاتێك تەواوکەری ئاوەڵناوە بەراوردەکە، فرێزە پێشناوییەکە بەپێشناوی«وەك» پێکبهێنێت، دوو مەرجی هەیە:

1- پێشناوی«وەك» لەناو فرێزە پێشناوییەکەدا، وەك سەرێك هەمیشە داوای تەواوکەرێکی فرێزی پێشناوی دەکات، نەك فرێزی ناوی، کە بەپلەی بەراوردی ئاوەڵناوەکەوە بەندەو وەك فرێزێکی پێشناویی بەخورتی دەبێت بەتەواوکەری ئاوەڵناوەکە، بڕوانە«62».

62-کارزان قەڵەوترە وەك لەتۆ.




2- ئەو فرێزە پێشناوییە تەواوکەرەی کە«وەك» بەبەرهەمی هێناوە، وەك پێشناوی«تا» هەمیشە دوای گوزارە ئاوەڵناوییەکە دەکەوێت، لەبەرئەوە ئەگەر بۆ پێش ئاوەڵناوەکە بگوێزرێتەوە، ئەوا دروستەی ڕستەکە ناڕێزمانی دەردەچێت، بڕوانە«63».

63-أ- * ئەو وەك لەمن ئازاتربوو.

ب- * کارزان وەك لەتۆ قەڵەوترە.

پ- * ڕۆیشتن وەك لەڕاکردن خۆشترە.

لەدروستەی پرسیاری بەراورودکردندا، دەشێت فرێزی پرسیاری لەجێگەی تەواوکەری پێشناو دابنرێت، بڕوانە«64»، بەڵام ئەگەر پرسیار لەبارەی هەڵبژاردنی یەکێك لەبەراوردکراوەکانەوە بکرێت، ئەوا لەم کاتەدا لەبری پێشناو (سوود لەمۆرفیمەکانی پرسیاری«یان، یاخود...»ی هەڵبژاردن دەبینرێت)[24]، بڕوانە«65».

64-أ- سیروان لەکێ ئازاتر بوو؟

ب- کارزان لەکامیان قەڵەوتربوو؟

65-أ- کارزان ئازاتربوو یان سیروان؟

ب- کارزان قەڵەو ترە یاخود سیروان؟

سەبارەت بەدروستەی بەراوردی ئەو ئاوەڵناوەش، کەلەپلەی چەسپیودا پێویستی بەتەواوکەرە، ئەوا لەدروستە بەراوردەکەیدا جگە لەتەواوکەرەکەی خۆی، داوای تەواوکەری بەراوردیش دەکات، بڕوانە«66».

---

24- بڕوانە: ئەورەحمانی حاجی مارف، 1992، 105.

66-کارزان بۆ من بەپەرۆشترە لەتۆ.

لە﴿66﴾دا ئاوەڵناوی﴿بەپەرۆش﴾ جگە لەجێکەوتەی بکەر دوو جێکەوتەی گوزارەی سیمانتیکیی پێویست بۆ تەواوکەرەکانی دەکاتەوە، یەکێکیان فرێزی پێشناوی﴿بۆ من﴾ە، کەلەپلەی چەسپیودا تەواوکەری ئاوەڵناوەکەیە و ئەوی تریان فرێزی پێشناویی﴿لەتۆ﴾یە کەتەواوکەری پلەی بەراوردی ئاوەڵناوەکەیە، لەبەرئەوەی کەتەواوکەری دووەمیان﴿لەتۆ﴾ تەواوکەری بەراوردکردنە، ئەوا پێشناوی﴿وەك﴾ی پێش دەکەوێت، بەڵام ئەم پێشناوە پێش تەواوکەری یەکەم ناکەوێت، بڕوانە﴿67﴾.

67-أ- کارزان بۆ من بەپەرۆشترە وەك لەتۆ.

ب- * کارزان وەك بۆ من بەپەرۆشترە لەتۆ.

جیاوازییەکی تری نێوان ئەم دوو تەواوکەرەی ئاوەڵناو لەوەدایە، کەیەکەمیان لەڕێی زانیاریی سینتاکسی ئاوەڵناوەکەوە لەفەرهەنگدا دەستنیشاندەکرێت، بۆ نموونە﴿قەڵەو﴾ تەواوکەری ناوێت، لەکاتێکدا﴿بەپەرۆش﴾ پێویستی بەتەواوکەرە، بەڵام دووەمیان واتە تەواوکەری بەراوردکردنەکە، لەڕێی دروستەی سینتاکسیی بەراوردکردنەکەوە دەبێت، هەربۆیە زۆربەی زۆری ئاوەڵناوەکان ئەم جۆرەی تەواوکەر لەبەراوردکردندا داوادەکەن.

هەندێك ئاوەڵناوی کەم، کەئەوانیش بەتایبەتی ناسادەکانن، ئەگەر تەواوکەری بەراورد وەرنەگرن، بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کەئاوەڵناوەکە مۆرفیمی پلەی بەراورد لەدروستەی بەراورددا وەرناگرێت. بۆ نموونە لەبەرئەوەی (ئاوەڵناوی﴿مێخۆش﴾ تامێکی تایبەتە بەهەنارو ڕێککەوتنی واتایی(هاوڕێیەتی) لەگەڵ هیچ ناوێکدا نییە، کەئاماژە بێت بۆ میوەو خواردنی تر، یان﴿شلەتێن﴾ تینێکی تایبەتە بەئاوەوە)[25]. بۆیە دروستەی بەراوردیان لێپێکناهێنرێت، واتە﴿هەنار﴾و ﴿ئاو﴾ لەڕێی ئاوەڵناوی﴿مێخۆش﴾و ﴿شلەتێن﴾ەوە بەشتی تر بەراوردناکرێن، بڕوانە بەراوردکرنی جووتە ڕستەکانی﴿68، 69﴾.

68-أ- هەنار لەسێو گرانترە.

ب- ? * هەنار لەسێو مێخۆشترە.

69-أ- ئاو لەنەوت هەرزانترە.

ب- ? * ئاو لەنەوت شلەتێنترە

بەپێچەوانەی ئەمەشەوە ئاوەڵناوی﴿جیاواز﴾ لەجووتە ڕستەی﴿70﴾دا جیاوازی بکەر لەگەڵ تەواوکەرەکەیدا نیشاندەدات، واتە ئەم ئاوەڵناوە لەبنەچەدا بەزگماکی تایبەتمەندێتی بەراورد دەگەیەنێت.

70-أ- ئەم کتێبە لەو کتێبە جیاوازە.

ب- ئەم کتێبە لەو کتێبە جیاوازترە.

---

25- هیدایەت عەبدوڵلا محەمەد، 2003، 116 و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، 2005، 60.

ئاوەڵناو لەهەر بارێکی ڕێزمانیدا پلەی بەراورد وەربگرێت، تەواوکەری بەراوردکردنەکە لەدروستەکەدا هەڵدەبژێرێت، بڕوانە﴿71، 72، 73﴾.

71-أ- من کارزان بەدڵسۆز دەزانم.

ب- من کارزان بەدڵسۆزتر لەکەیوان دەزانم.

تەواوکەر بەرکار

72-کوڕێکی لەسیروان زیرەکتر هات.

دەرخەر

73-أ- کارزان جوان قسەدەکات.

ب- کارزان جوانتر لەکەیوان قسەدەکات.

ئەدڤێربڵ

لە﴿71، 72، 73﴾دا تەواوکەری بەراوردیی﴿لەکەیوان﴾، ئەگەر لەڕستەکەدا دەربکەوێت، یان دەرنەکەوێت، کاتێك دێتە ئاراوە، کە[- تر]ی پلەی بەراورد لەڕێی پاشگرلکاندنەوە بۆ ئاوەڵناوەکە زیادبکرێت.

ئەو ئاوەڵناوەی لەگوزارەی ئاوەڵناویدا پلەی بەراوردی دەخرێتەسەر، مەرج نییە هەر لەگەڵ کرداری﴿بوون﴾دا بێت، بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی ڕستەی﴿74﴾ بدەین.

74-ئەو تۆی خۆشدەوێت.

کرداری﴿خۆشدەوێت﴾ دوو جێکەوتەی پێویستی لەگوزارەکەیدا دیاریکردووە، کەهەردووکیان لەڕێی فرێزی ناوییەوە(ئەو، تۆ) پڕکراونەتەوە، بەلام کاتێك مۆرفیمی پلەی بەراورد بۆ ئاوەڵناوی﴿خۆش﴾ زیادبکەین، بڕوانە﴿75﴾.

75-ئەو تۆی خۆشتر دەوێت.

ئەوا ئەم جۆرە دروستەیە پێویستی بەتەواوکەرێکی تر لەشێوەی فرێزی پێشناویدا هەیە، تەنانەت ئەگەر نەشگوترابێت، گوێگری ئەم ڕستەیە ئەوە تێدەگات، کەئەو تۆی خۆشتر دەوێت لەچی؟ (لەمن، لەجاران، لەئێوە...)، بڕوانە﴿76﴾.

76-أ- ئەو تۆی لەمن خۆشتر دەوێت.

ب- ئەو تۆی خۆشتر دەوێت لەمن.

پ- * ئەو تۆی خۆشدەوێت لەمن.

ت- * ئەو تۆی خۆشتر دەوێت من.

ح- * ئەو خۆشتر دەوێت لەمن.

کەواتە دروستەی ڕستەکە لەپلەی بەراورددا کاتێك ڕێزماندروستو واتا ڕاستە(پەسەندە)، کەجگە لە﴿ئەو﴾ی فرێزی ناویی بکەر، دوو فرێزی تەواوکەر، کە﴿تۆ﴾ی فرێزی ناویی بەرکارو فرێزی پێشناویی ﴿لەمن﴾ی تەواوکەری ئاوەڵناو لەگوزارەی ڕستەکەدا بوونیان بەخورتی هەبێت.

لە﴿76﴾دا ئەگەر ئاوەڵناوی﴿خۆش﴾ لەدروستەی بەراورددا بەهۆی ڕادەی﴿زیاتر، کەمتر...﴾ـەوە بەجێبهێنرێت، واتە پلەی بەراورد لەبری ئەوەی بخرێتەسەر ئاوەڵناوەکە، دەخرێتەسەر ڕادەکە، ئەوا (ڕستەکە لەڕووی واتاوە تەمومژی دروستدەکات، بڕوانە﴿77﴾، کە لەڕووی دروستەو واتاوە دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێت، بڕوانە﴿78، 79﴾)[26].

77-ئەو تۆی زیاتر لەمن خۆشدەوێت.

78-ئەو تۆی زیاتر لەو ڕادەیە خۆشدەوێت، کەمنی خۆشدەوێت.

79-ئەو تۆی زیاتر لەو ڕادەیە خۆشدەوێت، کەمن تۆم خۆش دەوێت.

ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەدروستەی قووڵی ئەو ڕستە سادانەی دروستەی ڕستەی﴿77﴾یان بەرهەمهێناوە جیاوازن، بەڵام دوای جێبەجێبوونی یاساکانی گواستنەوە بەسەر ڕستەکاندا، ڕستەیەکیان پێکهێناوە کەلەدروستە ڕووکەشەکەیاندا یەکن، ئەمەش بۆتە هۆی سەرچاوەی تەمومژییەکە، بڕوانە لێکدانەوەی یەکەمو دووەم.

## شیکاری لێکدانەوەکان

### لێکدانەوەی یەکەم

ڕستەکانی دروستە قووڵەکە:

80- ئەو تۆی خۆشدەوێت.

81-ئەو منی خۆشدەوێت.

یاساکانی گواستنەوە:

1) لێکدانی دوو ڕستەکەو تێئاخنینی﴿زیاتر لە﴾.

ئەو تۆی خۆشدەوێت زیاتر لەئەو منی خۆشدەوێت.

2) لابردنی کەرەستەی هاوبەش﴿ئەو، خۆشدەوێت﴾ لەڕستەی﴿81﴾دا دووبارەیە.

ئەو تۆی خۆشدەوێت زیاتر لەمن.

3) گواستنەوەی کردار بۆ کۆتایی ڕستە:

ئەو تۆی زیاتر لەمن خۆشدەوێت. ﴿دروستەی ڕووکەش﴾

### لێکدانەوەی دووەم

26- محەمەد ڕەزای باتنی، 1993، 119.

ڕستەکانی دروستە قووڵەکە:

82-ئەو تۆی خۆشدەوێت.

83-من تۆم خۆشدەوێت.

یاساکانی گواستنەوە:

1) لێکدانی دوو ڕستەکەو تێئاخنینی﴿زیاتر لە﴾.

ئەو تۆی خۆشدەوێت زیاتر لەمن تۆم خۆشدەوێت.

2) لابردنی کەرەستەی هاوبەش﴿تۆ، خۆشدەوێت﴾ لەڕستەی﴿83﴾دا دووبارەیە.

ئەو تۆی خۆشدەوێت زیاتر لەمن.

3) گواستنەوەی کردار بۆ کۆتایی ڕستە:

ئەو تۆی زیاتر لەمن خۆشدەوێت. ﴿دروستەی ڕووکەش﴾

وەك دەبینرێت ئەو سێ یاسا گواستنەوە لەیەکچووە، دروستەقووڵە جیاوازەکانیان چۆن کردۆتە دروستەی ڕووکەشی یەکسانی وەك یەك، لێرەدا تەمومژی ڕستەکە لەوەدا دەردەکەوێت کە﴿من﴾ لەدروستەی قووڵی لێکدانەوەی یەکەمدا بەرکارەو لەدروستەی قووڵی لێکدانەوەی دووەمدا بکەرە، بەڵام دووای ئەوەی یاسای﴿2﴾ جێبەجێدەبێتو کەرەستەکانی ڕستەی﴿81، 83﴾ لادەبرێت، ئەرکی ڕێزمانیی﴿من﴾ نامێنێتو دەبێتە هۆی تەمومژی ڕستەکە[27].

## 3-2-3 ئاوەڵناوتەواوکردن لەپلەی باڵا

ئاوەڵناو لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە بەدوو شێوە پلەی باڵای لێپێکدەهێنرێت:

1- ئاوەڵناو لەپلەی چەسپیو + ﴿- ترین﴾، وەك:

جوان، قەڵەو، باش + ترین ———— جوانترین، قەڵەوترین، باشترین.

2- ئاوەڵناو لەپلەی بەراورد + [- ین]، وەك:

جوانتر، قەڵەوتر، باشتر + ین ———— جوانترین، قەڵەوترین، باشترین[28].

ئەگەر بەراوردی هەردوو مۆرفیمی ئاوەڵناوی﴿پلەی بەراوردو پلەی باڵا﴾ی ﴿باشترو باشترین﴾ بکەین، ئەوا (یەکەمیان(باشتر) لەڕێی بەراوردکردنەوە واتای بەندێتیو پێوەندیی بەشتی ترەوە نیشاندەدات، بەڵام دووەمیان(باشترین) ئەوە دەگەیەنێت، کەئەم نیشانەیە لەئاست هەموو حاڵەتەکانی تری هەمان نیشانەدا لەپلەی باڵادایە، واتە ئاوەڵناوەکە ئەوە دەردەخات، کەخاسیەتی ئەو نیشانەی شتە لەگەڵ هەموو

---

27- سەرچاوەی پێشوو.

28- ئاوەڵناو بەڕێگەی فەرهەنگیش دەشێت بەیاریدەی﴿وشەی هەرە+ ئاوەڵناو لە پلەی چەسپیودا﴾ پلەی باڵای لێ پێکبهێنرێت، وەك: سیروان هەرە گەورەی ماڵەکەیە. بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف 1992، 109.

پۆلەکانی ئەم، یان ئەو شتەدا بەراورد دەکرێ، کەخاوەنی ئەو نیشانەیەن‌و لەنێوان هەموویاندا ئەم پلەی بالآیانە)[29].

فرێزی ئاوەڵناوی لەپلەی بالآدا بەتەنیا ناتوانێت گوزارەی ئاوەڵناوی پێکبهێنێت، واتە بەتەنیا ناتوانێت پێش کرداری یاریدەدەر بکەوێت‌و دروستەو واتای ڕستەکە بەبەرهەمبهێنێت، بڕوانە﴿84﴾، بەڵکو کاتێك گوزارەی ئاوەڵناوی پێکدەهێنێت، کەناوێکی گشتی، یان جێناوێکی لەگەڵدابێت، کەڕاستەخۆ دوای ئاوەڵناوەکە دەکەوێت، بڕوانە﴿85﴾.

84-أ- * کارزان قەڵەوترین بوو.

ب- * خەندە جوانترین بوو.

پ- * خوێندنگە باشترین بوو.

85-أ- کارزان قەڵەوترین کوڕ بوو.

ب- خەندە جوانترین کچ بوو.

پ- خوێندنگە باشترین شوێنە.

لە﴿85﴾دا ئەگەر جێناوێك لەبری ناوەکە دابنرێت، ئەوا لەبەرئەوەی پلەی بالآ لەنێوان هەموویاندا هەڵبژاردنی خاسیەتی یەکێکیانە، بۆیە جێناوەکە وادەخوازێت لەفۆڕمی﴿کۆ﴾دا بێت، بڕوانە﴿86، 87﴾.

86-أ- کارزان قەڵەوترینمانە.

ب- خەندە جوانترینتانە.

پ- خوێندنگە باشتریانیانە.

87-أ- * کارزان قەڵەوترینمە.

ب- * خەندە جوانترینتە.

پ- * خوێندنگە باشترینیە.

لە﴿85﴾دا ناوەکانی﴿کوڕ، کچ، شوێن﴾ کەدوای ئاوەڵناوەکە کەوتوون لەڕووی واتاوە پێوەندییەکی سیمانتیکیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ بکەری﴿کارزان، خەندە، خوێندنگە﴾دا هەیە، بەلآم ئەم پێوەندییە نابێتە هۆی گوزارشتی سیمانتیکیی ڕستەکان، چونکە وردبوونەوەو لێکۆڵینەوە لەدروستەی ناوەوەی ئەو ڕستانە، ئەوە ئاشکرا دەکەن، کەلەڕووی واتاوە ناشێت ئاوەڵناوەکە لابرێت، چونکە بەلابردنی، کرۆکی واتای ڕستەکان دەگۆڕێت، بڕوانە﴿88﴾، بەڵکو مەبەست لەگوزارەی ئاوەڵناوی لەپلەی بالآدا دیاریکردن‌و هەڵبژاردنی خاسیەتی﴿بکەر﴾ـە لەناو کۆمەڵێکدا، بڕوانە﴿89﴾. واتە لەکردەی تەواوکردندا ناتوانرێت نەئاوەڵناوەکەو نەئەو ناو(یان جێناو)ـەی دوای ئاوەڵناوەکە، لابرێت. بڕوانە﴿90﴾، کەئەمەش دەشێت

29- سەرچاوەی پێشوو، 93.

لەڕێی فورسایخستنەسەرەوە، کەدەخرێتەسەر ئاوەڵناوەکە، جیابکرێتەوە لەو فرێزە ناوییانەی کەفورسای دەخرێتەسەر ناوەکە، بڕوانە﴿91﴾.

88-أ- کارزان کوڕە.

ب- خەندە کچە.

پ- خوێندنگە شوێنە.

89-أ- کارزان لەناو هەموویاندا قەڵەوترینـّیانە.

ب- خەندە لەناو گشتیاندا جوانترینـّیانە.

پ- خوێندنگە لەناو شوێنەکاندا باشترینـّیانە.

90-أ- * کارزان لەناو هەموویاندا ...یانە.

ب- * کارزان لەناو هەموویاندا قەڵەوترینە.

91-أ- پیاوەکە باشترین کراّسی کڕی.

ب- پیاوەکە کراّسی کڕی.

دروستەی گوزارەی ئاوەڵناوی لەپلەی باڵادا، ناکرێت لەڕێی ڕادەکانی﴿زۆر، کەم...﴾ـەوە دەربخرێت. هۆکەشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە(﴿- ترین﴾ پلەیەکی بەرزو جێگیری بەئاوەڵناوەکە بەخشیووەو نیشانەی﴿+ لوتکە﴾ی بەئاوەڵناوەکە داوە، هەربۆیە ڕادە وەك دەرخەری پێشەوە کەمبەهایە)[30]، بڕوانە﴿92﴾. هەر بەو پێودانگەش لەبەرئەوەی ئەو فرێزە ناوییەی تەواوکەری ئاوەڵناوەکەیە لەڕێی ئاوەڵناوەکەوە دیاریکراوە، هەربۆیە﴿ئەم...ـە، ـەکە...﴾ وەرناگرێت، بڕوانە﴿93﴾.

92-أ- * کارزان زۆر قەڵەوترین کوڕ بوو.

93-أ- * کارزان ئەم قەڵەوترین کوڕ بوو.

ب- * کارزان قەڵەوترین ئەم کوڕ بوو.

30- **عەبدولجەبار مستەفا مەعروف**، 2005، 57.

## ئەنجام

1- پۆلی کردار لەفەرهەنگدا، لەڕوانگەی کردەی تەواوکردنەوە، بەپێی کەتیگۆریی ئەرکی﴿ڕەگەزەکانی تەواوکردن﴾ بەسەر سێ جۆری سەرەکی﴿یاریدەدەر، تێپەڕ، تێنەپەڕ﴾دا دابەشدەبێت، هەریەك لەم جۆرانەش لەڕوانگەی هەڵبژاردنو جۆری ڕەگەزی تەواوکەرەکەیەوە، تەواوکردنی جیاوازی دەبێت.

أ- کرداری یاریدەدەر، بەهۆی تەواوکەری بکەر، یان ئەدڤێربڵی بکەرەوە تەواودەکرێت.

ب- کرداری تێپەڕی یەك بەرکاری، بەهۆی بەرکاری ڕاستەوخۆ تەواودەکرێت.

پ- کرداری تێپەڕی پێشناوی، بەهۆی بەرکارو ئەدڤێربڵی بەرکارەوە تەواودەکرێت.

ت- کرداری تێپەڕی ئاڵۆز، بەهۆی بەرکارو تەواوکەری بەرکارەوە تەواودەکرێت.

ج- کرداری تێنەپەڕی پێشناوی، بەهۆی ئەدڤێربڵی بکەرەوە تەواودەکرێت.

2- لەدروستەی ڕستەدا ڕەگەزەکانی﴿بەرکاری ڕاستەوخۆ، تەواوکەری گوزارە، ئەدڤێربڵی بەخورتی﴾ ڕەگەزی تەواوکردنی کردارن، هەریەك لەتەواوکەری گوزارەو ئەدڤێربڵی بەخورتی بۆ دوو وەچەکەتیگۆریی ئەرکی دابەشدەبن، کە﴿تەواوکەری بکەرو تەواوکەری بەرکار، ئەدڤێربڵی بکەرو ئەدڤێربڵی بەرکار﴾ن. جیاوازیی نێوان ئەم دوو وەچەکەتیگۆرییەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە﴿تەواوکەری بکەرو ئەدڤێربڵی بکەر﴾ تەواوکەری تەنیانو بەتەنیا لەدروستەی ناتێپەڕ(یاریدەدەرو تێنەپەڕ)دا کردار تەواودەکەن، بەڵام﴿تەواوکەری بەرکارو ئەدڤێربڵی بەرکار﴾ تەواوکەری پێوەندنو تایبەتن بەکرداری تێپەڕ، چونکە بەیاریدەو هاوکاریی بەرکار لەدروستەی تێپەڕدا، کردار تەواودەکەن.

3- هەڵبژاردنی تەواوکەر بەپێچەوانەی سەربارەوە پێوەندیی سینتاکسیو سیمانتیکی بەجۆری وەچەپۆلی﴿کردار/ئاوەڵناو﴾ەوە هەیە. واتە ئەو زانیارییە سینتاکسییەی﴿کردار/ئاوەڵناو﴾ێکی تایبەت لەفەرهەنگ، یان لەسینتاکسدا دەیدات، ئەو تایبەتمەندێتییەی تێدایە، کە ئایا تەواوکەر وەردەگرێت، یان نا، بەڵام ئاماژە بەوەرگرتنو هەڵبژاردنی سەربار نادات. هەر لەبەر ئەم هۆیەش ژمارەی تەواوکەر سنووردارە، لەکاتێکدا ئەم سنووردارییە بۆ ژمارەی سەربار بەو چەشنە نییە.

4- جیاوازیی نێوان تەواوكەری ئاوەڵناو لەپلەی چەسپیوو بەراورددا لەوەدایە، كەتەواوكەری ئاوەڵناو لەپلەی چەسپیودا لەڕێی زانیاریی سینتاكسیی ئاوەڵناوەوە لەفەرهەنگدا دەستنیشاندەكرێت، بەڵام لەپلەی بەراورددا لەڕێی دروستەی سینتاكسی بەراوردكردنەوە دیاریدەكرێت. ئەمەش وەك ڕاستییەك لەهەڵبژاردنی پێشناوی جیاواز لەتەواوكەری ئاوەڵناو لەپلەی چەسپیوداو جێگیربوونی پێشناوی تەواوكەری ئاوەڵناو لەپلەی بەراورددا، خۆی دەبینێتەوە.

5- بەگۆڕینی دروستەی ڕستە لەدیارەوە بۆ نادیار، تەواوكەری بەركارو ئەدڤێربڵی بەركار بۆ جێكەوتەی تەواوكەری بكەرو ئەدڤێربڵی بكەر دەگوێزرێتەوە.

6- پێوەندیی ڕێزمانیو واتایی توندوتۆڵ لەنێوان دروستەی ئەو جووتە ڕستانەدا هەیە، كەتەواوكردنەكەیان بەهۆی دوو كەتیگۆریی سینتاكسی پێوەندارەوە دەنوێنرێت.

## سەرچاوەكان

### بە زمانی كوردی


1- ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، 1992، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم(وشەسازی) بەشی سێیەم، ئاوەڵناو، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی كورد، بەغدا.

2- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، 2000، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم (وشەسازی) بەشی پێنجەم، كردار، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ، سلێمانی.

3- تۆفیق وەهبی، 1929، دەستووری زمانی كوردی، جزمی یەكەم، دار الطباعة الحديثة، بەغداد.

4- سەلام ناوخۆش بەكر،.....، زمانناسیو هەندێ بابەتی زمانناسیی كوردی، زنجیرەی كتێبە چاپكراوەكانی كتێبخانەی سۆران، هەولێر.

5- كوردستان موكریانی، 1986، سینتاكسی ڕستەی سادە لە زمانی كوردیدا، دار الحرية للطباعة، بەغداد.

6- كوردستان موكریانی، 2000، سینتاكسی ڕستەی كوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

7- كوردۆیف، 1984، ڕێزمانی كوردی بەكەرەستەی دیالێكتی كرمانجیو سۆرانی، وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە: كوردستان موكریانی، مطبعة الأديب البغدادية، بەغداد.

8- لیژنەی زمانو زانستەكانی كۆڕی زانیاری كورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی كوردی، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، 1976.

9- محەمەد ڕەزای باتنی، 1993، ئاوڕێكی تازە بۆ سەر ڕێزمان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حەسەنی قازی، چاپ و بڵاوكردنەوە: سوید.

10- محەمەد مەعروف فەتاح، 1990، زمانەوانی، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.

11- محەمەدی مەحوی، 2001، ڕستەسازی كوردی، زانكۆی سلێمانی.

12- محەممەد مەحویو نەرمین عومەر ئەحمەد، 2004، مۆدێلی ڕێزمانی کوردی، لەبڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانی نوێ. چاپخانەی ژیر، سلێمانی.

13- نوری عەلی ئەمین، 1960، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.

14- وریا عومەر ئەمین، 2004، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

## نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە:

15- ئازاد ئەحمەد حسێن، 2001، ئەرکی ئەدڤێربڵ لەفراوانکردنی فرێزی کاریدا(ماجستێر)، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

16- ئەبوبەکر عومەر قادر، 2003، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لەزمانی کوردیو فارسی دا(دکتۆرا)، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

17- بەکر عومەر عەلی، 1992، بەستنو کرتاندن لەکوردیدا(ماجستێر)، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

18- تالیب حسێن عەلی، 1998، هەندێ لایەن لەپێوەندی نێوان ڕستەو واتا لەکوردیدا(دکتۆرا)، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

19- دیار عەلی کەمال، 2002، ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەك بەرهەمهێنانو گوێزانەوە(ماجستێر)، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.

20- سەباح ڕەشید قادر، 2007، هەندێ لایەن لەڕێزمانی دەسەڵاتو بەستنەوە لەکو ردیدا(دکتۆرا)، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

21- سەلاح حەوێز ڕەسوڵ، 2006، ڕستەسازیو واتا سازیی بوون(ماجستێر)، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

22- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، 1994، ڕێزمانی بەندێتیو هەندێ لایەنی ڕستەی کوردی(ماجستێر)، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

23- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، 2005، دروستەی فریز لەزمانی کوردیدا(ماجستێر)، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

24- عەبدوڵلا حسێن ڕەسوڵ، 1995، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار(دکتۆرا)، کۆلێجی پەروەردە ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغداد.

25- فەرەیدون عەبدول محەمەد، 1988، نادیاری(ماجستێر)، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

26- مەحمود فەتحوڵلا ئەحمەد، 1988، کارتەواوکردن لەکوردیدا(ماجستێر)، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

27- محەمەد عومەر عەول، 2001، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی داڕشتن و ئەرکەوە(ماجستێر)، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

28- هیدایەت عەبدوڵلا محەمەد، 1993، پێشپرتك و پاشپرتك لەزمانی کوردیدا(ماجستێر)، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

29- ..........................، 2003، ڕێکەوتنی واتایی ناو ئاوەڵناو لەزمانی کوردیدا(دکتۆرا)، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

30- یوسف شەریف سەعید، 1990، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی(ماجستێر)، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

31- ........................، 1998، کاری لێکدراو لەزمانی کوردی و فارسیدا(دکتۆرا)، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

## گۆڤار

32- ئێرنست مەکارۆس، 1987، ڕستەسازی، وەرگێڕانی: محەمەد مەعروف فەتاح، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە﴿115﴾.

33- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، 2002، پێوەندی واتایی نێوان کار و بەشەکانی تری ڕستە، زانکۆی سلێمانی، بەشی﴿B﴾ ژمارە﴿9﴾.

34- عەلی مەحمود جوكل، 2000، تێپەڕو تێنەپەڕی كاری ناسادە، زانكۆ(زانستی مرۆڤایەتی)، زانكۆی سەلاحەدین، ژمارە﴿10﴾، هەولێر.

35- محەمەد مەعروف فەتاح، 1980، خۆیەتی لەزاری سلێمانیدا، كۆڕی زانیاری عێراق دەستەی كورد، بەرگی حەوتەم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

36- ......................، 1989، كارپۆلێنكرد بەپێی ڕۆنان، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە﴿121﴾.

37- ......................، 1990، هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لەكوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە﴿125﴾.

38- ......................، 1992، سەرەتا لەجۆرێك لەڕستەی كوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە﴿128﴾.

## بەزمانی عەرەبی

39- أحمد سليمان ياقوت، 1985، في علم اللغة التقابلي، دراسة تطبقية، دار المعرفة الجامعية، أسكندرية.

40- نايف خرما، 1979، أضواء على الدراسات المعاصرة، الطبعة الثانية، عالم المعرفة سلسلة﴿9﴾، مطبعة دار القيس، الكويت.

41- نوم جومسكي، 1987، البني النحوية، ترجمة د.يؤيل يوسف عزيز، وزارة الثقافة والإعلام، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

42- خليل إبراهيم حماش، 1982، معجم المصطلحات اللغوية والصوتية، إنجليزي- عربي، من منشورات معهد تطوير اللغة الإنكليزية في العراق- بغداد.

## بەزمانی ئینگلیزی

43- Aarts, F. and J. Aarts, (1982) English Syntactic Structure Oxford: Pergamon Press.

44- Alexander, L.G. (1988) Longman English Grammar. London: Longman.

45- Amin, W. O (1976) Some Fundamental Rules of Kurdish Syntax Structure. London.(Unpublished MLit thesis)

46- ------------------ (1979) Aspects of the Verbal Construction in Kurdish. Unpublished thesis, university of London.

47- Biber, D., S. Johansson, G. Leech, S. Conard and E. Finegan (1999) Longman Grammar of Spoken and Written English. London: Longman.

48- Celce-Murcia, M. and D. Larsen – Freeman (1999) The Grammar Book: An ESL/ EFL teachers course. 2nd edition. Stamford, CT: Heinle and Heinle.

49- Crystal, D (1992) An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, Oxford: Blackwell.

50- --------------. (1991) A Dictionary of Linguistics and Phonetics. Oxford: Basil Blackwell.

51- Eastwood, J. (1994) Oxford Guide to English Grammar. Oxford: Oxford University Press.

52- Fattah, M.M (1997) A Generative Grammar of Kurdish, unpublished PhD dissertation, University of Amsterdam.

53- Gramely, S. and K.M. Patzold (1992) A Survey of Modern English. London: Routledge.

54- Greenbaum, S. and R. Quirk (1990) A Student's Grammar of the English Language. London: Longman.

55- Haegeman, L. and J. Gueron (1999) English Grammar - A Generative Perspective. Oxford: Blackwell.

56- Hartmann, R.R. and F. C. Stork (1972) A Dictionary of Language and Linguistics.

57- Huddleston, R. (1984) Introduction to the Grammar of English, Cambridge, Cambridge University Press.

58- Katamba, F. (1993) Morphology. London: MacMillian.

59- Leech, G. and J. Svartvik (1994) A Communicative Grammar of English. (2nd edition). London: Longman.

60- Mackenzie, D. N. (1961) Kurdish Dialect Studies. London: Oxford University Press.

61- Quirk, R., S. Greenbaum, G. Leech and J. Svartvik, (1985) A Comprehensive Grammar of the English Language. London: Longman.

62- Radford, A. (1997) Syntax: A Minimalist Introduction. Cambridge University Press.

63- Sarwat, A. (1992), Themen aus der kurdischen wortbildung, unpublished PhD dissertation. Universität Salzburg.

64- Swan, M. (2005) Practical English Grammar: fully revised. Oxford: Oxford University Press.

65- Trask, L. R. (1993), A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, London, Routledge.

# الخلاصة

**دراسة تحليلية نحوية لعملية التكملة في اللهجة الكرمانجية الوسطى**

**تهدف هذه الرسالة إلى تحليل وتوضيح تكملة الفعل والصفات في بناء الجملة. وتتكون من مقدمة وثلاثة فصول مرفقة بجملة من الإستنتاجات. تشمل المقدمة موضوع الرسالة، مجالاتها، طبيعتها وإطارها.**

**يحتوي الفصل الأول على مدخل إلى عملية التكملة و أهميتها في بناء الجملة من خلال تحديدها و تعريفها، إستنتجنا من دراسة ومقارنة بعض الجمل أن نصل إلى أن تحليل تركيب الجملة يتم عن طريق أصناف نحوية(سينتاكسية) و وظيفية وبيان علاقاتها. وقد قارنا في نفس الفصل بين العناصر الإجبارية والإختيارية مع تعريف التكملة وانواعها و دورها في عملية التكملة.**

**وقد خصص الفصل الثاني لدراسة تكملة الفعل إثر تحديد وتصنيف نوعية الأفعال، حاولنا من خلال دراسة تكملة الأفعال و أنواعها أن نقسم نوعية الفعل حسب قوتها في أخذ المكملات إلى أصناف فرعية، و أن كل قسم فرعي من هذه الأقسام لديه الخصائص و المميزات الخاصة بهما. و من ثم أشرنا إلى كل فعل مع العنصر المكمل حيث أن كل عنصر مكمل يمثل الصنف السينتاكسي و بيان علاقاته النحوية.**

**يختص الفصل الثالث بدراسة تكملة الصفات في بناء الجملة، بعد تحديد و تعريف صنف الصفات إستطعنا أن نبين بأن تكملة الصفات تعني بأن الصفة في الحالة الخبرية تحتاج إلى واحدة أو أكثر من المكملات الإجبارية لأكمال معنى الجملة وتركيب العبارة الوصفية. ثم شرحنا الدرجات التفضيلية المقارنة للصفات و بعدها أشرنا إلى تكملة الصفة في كل درجة من هذه الدرجات وبأية أصناف سينتاكسية تصاغ مع تفسير العلاقات النحوية بين كل صفة و العنصر المكمل.**

**وتنتهي الرسالة بخلاصة و بعض الإستنتاجات مع قائمة من المصادر والمراجع.**

# Abstract

It is a descriptive analytic study of Complementation in the Central Kurdish Dialect

This dissertation aims at analyzing and explaining verbs and adjectives complementation in sentence structure. It comprises three chapters with an introduction where the title, purpose, nature, data, and the theoretical framework are dealt with.

Chapter one is entitled as an entrance of complementation. In this chapter the sentence structure has been dealt with in both views of syntactic and functional categories. Through analyzing and comparing some sampled sentences the relation of these two categories has been pointed out. Besides, the differences of both complement and adjunct in the light of syntactic and meaning relations have been discussed. In spite of these, some definitions of complement and its types along with their role in the complementation have been highlighted.

Chapter two deals with the analysis and identification of verb complementation and the elements of the verb complementation which include: direct object, subject complement, object complement and obligatory adverbial. In terms of these functional categories we classify the types of verb complementation and the verb classes have been subdivided into several subclasses according to the valency of the verb. Moreover, types of the verb along with the elements that participate in its complementation have been explained; and how each complementation element is realized by the syntactic category as well as their grammatical relationship has been described.

Chapter three is devoted to the adjective complementation in sentence structure. Following the identification and the specification of the adjective classes, adjective complementation being clarified and through this we can say adjectives in the structure and adjective predicative require an element so as to complete the structure and the meaning of the adjective phrases.  Then the degrees of the adjectives have also been discussed in terms of absolute, comparative and superlative. The subject of adjective complementation in each degree and the way it is realized by the syntactic category along with the grammatical relationship among the syntactic categories that functions as adjective complementation has been pointed out.

The dissertation ends with some conclusions and a list of references.